# گوڵان

ســاڵی سییــەم (١٣٧٠)- (٢٦)ی حوزەیرانی ٢٠٢٣


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بازنەی گفتوگۆ

## ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا

# میدیاکانی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و ڕێزگرتنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا کەمتەرخەمن

"پەرلەمان کە سەرچاوەی یاسادانانە پێویستە ڕێک بخرێتەوە و سیستمی هەڵبژاردنیش هەموار بکرێتەوە

"ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا دەستتێوەردانی حزبەکانە لە دەسەڵاتی دادوەریدا






# ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ ڕۆژێکی مێژوویی و چارەنووسساز

٧١

لـەم ڕۆژە پیـرۆزەدا، بـۆ یەکـەم جـار گەلـی کوردسـتان لـە کەشـێکی ئـازاد و دیموکراتیـدا دەنگـی خۆیـان بـە نوێنەرەکانیـان دا. مـن، کاتژمێـر هەشـتی بەیانـی لەبـەردەم ژمارەیەکـی زۆری ڕۆژنامەنـووس و دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی بیانـی لـە مەسـیف سـەلاحەدین دەنگـی خـۆم دا. ژمارەیەکـی زۆر لـە کەناڵەکانـی تەلەڤزیـۆن و ڕۆژنامەنـووس و خەڵکـی بیانـی سـەردانی کوردسـتانیان کردبـوو بـۆ ئـەوەی لـە نزیکـەوە چاودێریـی پرۆسـەی هەڵبـژاردن بکـەن.

بەڕاسـتی هەڵبـژاردن بـۆ گەلەکەمـان زیاتـر وەک جەژنێـک بـوو. ژمارەیەکـی زۆر لـەو دایـک و باوکانـەی کـە تەنانـەت توانـای ڕۆیشتنیشـیان نەبـوو لەسـەر کۆڵـی ڕۆڵەکانیـان دەهێنرانـە سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان بـۆ ئـەوەی دەنگـی خۆیـان بـدەن. ئەوانەشـی هێشـتا منداڵ بـوون و تەمەنـی دەنگدانیـان نەبـوو بـە گریانـەوە داوای دەنگدانیـان دەکـرد.

هەتـا نیـوەڕۆ هەڵبـژاردن زۆر بـاش و پـاک بەڕێـوە چـوو، دواتـر پێشـێلکاری دەسـتی پـێ کـرد، پارتـی و لایەنەکانـی تریـش چاودێرەکانیـان لـە وێسـتگە و سـەر سـندووقەکانی دەنگـدان لـە سـنووری سـلێمانی و گەرمیـان کشـاندنەوە، تەنیـا چاودێرەکانـی یەکێتـی مانـەوە و بـە ئـارەزوو و ویژدانـی خۆیـان سندووقەکانیان پـڕ کـرد. هـەر بـۆ نیـوەڕۆ حزبـی شـیوعی و دکتـۆر مەحمـوود بـە برووسـکە داوایـان لـێ کـردم کـە پرۆسـەی هەڵبـژاردن بوەسـتێندرێت، چونکـە سـاختەکاری و پێشـێلکاریی لـە ڕادەبـەدەر و بێسـنوور دەکرێـت.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی ( کوردستانية كركوك ومراحل تعريبها بالأدلة و الوثائق) بە زمانی عەرەبی لە نووسینی دکتۆر حەسەن کاکەیی و، لە بڵاوکراوەکانی بەشی دیراسات و پێگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە بەردەست خوێنەران و توێژەر و ئەکادیمیستانەوە، ئەم کتێبە هەر وەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە بە بەڵگەوە باس لە کوردستانییەتی کەرکووك و قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی دەکات ، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ سەلماندنی کوردستانییەت و هەوڵ و مەرامەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لەهەمبەر ئەم شارە.

سەرەتا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کەرکووك شارێکی کوردستانییە و کەلەپوورو مێژوویەکی درێژی هەیە و بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو و هەموو ئەو ڕووداوانەی لەم ماوە دوورو درێژەدا هاتوونەتە پێش، بەڵام کوردبوون و ڕەسەنایەتیی خۆی لەدەست نەداوە، ئەوەی ئەم شارە لە شارەکانی دیکە جودا دەکاتەوە ئەوەیە، کە کەرکووك ناوی لە مێژوودا بەوە نەهاتووە کە لەلایەن سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و بابلییەوە بنیاتنرابێت، بەڵکو کورد خۆیان لە هەزارەی دووەم و یەکەمی پێش زایین ئەم شارەیان ئاوەدان کردووەتەوە و تێیدا ژیاون. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە کەرکووك ماوەیەك سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، بۆیە بەڵگەیەکی زیندووە، نەك بە قسەی خودی کورد، بەڵکو بەپێی بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکان و سەلمێندراوە مێژوویی و جوگرافییەکان، هاوکات ئەو نەخشانانەی کە جێی باوەڕن، هەروەها نووسینەکانی توێژەران و یاداشتانامەی ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکان، جگە لە چەندین تەن لە بەڵگەنامە و دەستنووس لە دائیرەی مەعاریفی بەریتانی و عێراقی و ئینسکلۆپیدیای بیانی (کە لەنێو ئەم کتێبەدا بڵاوکراوەنەتەوە) هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك.

کتێبەکەی نووسەر لە چەندین بەش پێکهاتووە، لەوانە پوختەیەك لەسەر مێژووی کورد و کوردستان و بەتایبەتیش کەرکووك، کورد لەسەردەمی عوسمانی و پاشایەتی، بەشێکی دیکە تایبەتە بە گرنگیی جیۆستراتیژییەتی شارەکە و شوێنەوار و بازاڕ و گەڕەگ و دانیشتووانی تورکمان لە شارەکەدا، لە کۆتاییدا باس لە قۆناغەکانی بەعەرەبکردنی کەرکووك دەکات کە بە سێ قۆناغ بووە، قۆناغی سەردەمی پاشایەتی (١٩٢٥-١٩٥٨)، قۆناغی دوای کەوتنی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی ڕژێمی کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨، دواجار قۆناغی سەردەمی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکانەوە لە کودەتاکەی شوباتی ١٩٦٣، کە لە هەموو قۆناغەکان مەترسیدارتر بووە، کە بریتی بووە لە وێران کردنی گوندەکان و ڕاگواستنی گوندنشینان و دەرکردنی فەرمانبەرو کرێکاران لە کۆمپانیای نەوت و گۆڕینی ناوی ناوچەو گەڕەکەکان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، جگە لە هێنانی عەربی هاوردە بۆ شارەکە.

دەستخۆشی لە دکتۆر حەسەن کاکەیی دەکەین بۆ ئەم کتێبە دانسقەیە کە سەرچاوەیەکی گرنگی بەڵگەنامەیی و مێژوویی و کوردستانییەتی کەرکووکە.






## وێڕای هەوڵەکان، کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامە

زەردەشت عەبدولخالق سەرسام :



## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ نۆژەنکردنەوەی ئیفراز ١ و ٢ و لێدانی ٤٠ بیر و چەندین پرۆژەی دیکە تەرخان کردووە



## سروشت لە چاوی کامیراوە



## کلۆنی لە ترسی هاوسەرەکەی کێشی خۆی دابەزاند



## ئامێری سێتاری بە جۆش لە گۆرانی و مەقامی کوردیدا


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com



سۆران سابیر:

**دوو ساڵە لە خانەی پێسەرپەرشتان بە خۆبەخش وانە بەو منداڵانە دەڵێمەوە کە نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە**



**بەهای خۆراکیی قەیسی**



**درۆنی ناو ئاو**



ماجدە مۆدن بۆ گوڵان:

**سۆشیال میدیا و سایتەکانی فیلم هۆکاری دوورکەوتنی جەماوەرن لە هۆڵەکانی شانۆ و سینەما**



دییە وەلی :

**یاریی باڵە لە وڵاتی خۆماندا لە ئاستی پێویستدا نییە**





شەشەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ

# ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا



ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیژنەی بازنەی گفتوگۆ شەشەمین کۆبوونەوەی وەك ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئەڵقەیەکی دیکەی بازنەی گفتوگۆ ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا چەند پرس و بابەتی گرنگی تایبەت بە کێشە و گرفتەکانی خەڵك و کۆمەڵگە و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران، کە هەموویان پرس و بابەتی گرنگ بوون، کە لەناو ئەو پرس و بابەتانە یەکێکیان پرسی ئاستی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بوو. کۆبوونەوەکە زیاتر جەختی لەسەر پرسی سەروەریی یاسا کردەوە، لەبەر ئەوەی سەروەریی یاسا پرسێکە پەیوەندی بە تاك و کۆمەڵگە و کۆی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا هەیە، هەر بۆیە بڕیار درا، ناونیشانی گفتوگۆی شەشەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ لەسەر «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» بێت و. ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆکە دیاری کرا.

بۆ ئامادەکاریی پێویست و بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی جددی لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکرێت و، تەواوی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکرێت و چارەسەری لۆژیکییانە بۆ ئەم پرسە بدۆزرێتەوە، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا:

١. ڕاپرسییەکی سەرتاسەری بە ڕێگەی ئۆنلاین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت و ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی هاووڵاتیان بکرێنەوە:

- سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە؟
- لە هەرێمدا لە چوارچێوەی یاسادا حوکمڕانی دەکرێت؟
- خەڵکی لە هەر پلە و پۆست و ئاستێکی بژێویدا بن، بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە؟
- یاساکان بە کردار توانیویانە ماف و ئازادییەکانت بپارێزن؟

٢. ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەگەڵ یاساناسان و هاووڵاتیان ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەی ڤیدیۆیی پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە نمایش بکرێت.

لە شەشەمین ئەڵقەی بازنەی گفتوگۆ «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا» بە سلاید هەموو ئەو داتا و ئامارانە بۆ ئامادەبووان خرانە ڕوو کە لە پرۆسەی ڕاپرسییەکەدا کۆکرابوونەوە، هەروەها ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییەش بە ڤیدیۆ نمایش کرا کە بۆ گفتوگۆکە ئامادە کرابوو، پاشان گفتوگۆی جددی و ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە دەستی پێ کرد کە ئەم بەڕێزانە بەشداربوون:

١. د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢. د.ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٣. حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین سەرۆکی پێشووی یەکێتیی دادوەرانی کوردستان.
٤. د.مونا یوخنا یاقۆ سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.
٥. د. محەمەد شەریف سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان.
٦. د. ئیسماعیل نامیق پسپۆڕی یاسا و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی.
٧. د.محەمەد ڕێکانی پسپۆڕی یاسا و ئەزموونداریکی گەورەی پرۆسەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.
٨. بەختیار حەیدەر سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان.
٩. شڤان حەمدی ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٠. د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١١. د.جەلال ئەحمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.
١٢. فەرهاد محەمەد ئەندامی بازنەی گفتوگۆ.





## ڕاپرسیی بازنەی گفتوگۆ

# ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان

ئەم ڕاپرسییە کە لە ڕێی سێرڤەر ئۆنلاینی (Kobotoolbox)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دراوە، ٧١٢ هاووڵاتی لە پارێزگاکانی هەولێر بە ڕێژەی ٣٧٪، سلێمانی ١٧٪، دهۆك ١٤٪، هەڵەبجە ٧٪، لە ئیدارە سەربەخۆکان: سۆران بە ڕێژەی ١١٪، زاخۆ ٦٪، ڕاپەڕین ٥٪، گەرمیان ٣٪ بەشدار بوون و لە ماوەی ١٣/٦ تا ١٨/٦/٢٠٢٣ لە ڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و تیلیگرام و وەتسئەپ و ڤایبەرەوە لینکی ڕاپرسییەکە بۆ هاووڵاتیان نێردراوە و وەڵامیان داوەتەوە. ڕێژەی ٧٧٪ی نموونەی ڕاپرسییەکە لە ڕەگەزی نێر و ڕێژەی ٢٣٪یان مێن، هەرچەندە چانسی بەشداریکردن بە یەکسانی بۆ هەر دوو ڕەگەز ڕەخسێندراوە، بەڵام بەشداریکردنی کەمتری ڕەگەزی مێ تا ڕاددەیەك پەیوەندیدی بە بابەتی ڕاپرسییەکەوە هەیە، کە تا ئاستێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سرووشتێکی نێرسالارییانە هەیە، پێدەچێ خودی بابەتەکەش زۆر بەلای ڕەگەزی مێینەوە سەرنجڕاکێش نەبێت. لە ڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە نزیکەی ٧٥٪یان دەرچووانی زانکۆ و ماستەر و دکتۆران، ٢٥٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ١٪یان دەرچووانی سەرەتایین، ٨٪یان بڕوانامەی ئامادەییان هەیە، ١٤٪یان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی پەیمانگاکانن، ٤٪شیان ناوەندییان تەواو کردووە. مەبەستیش لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە، تەنیا توێژینەوە و سۆراخکارییەك بووە بۆ گەنگەشەکردنی ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش پرسیار لە بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کراوە، کە:

- ئایا سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان پارێزراوە؟

بە ڕای نموونەی ڕاپرسییەکە سەروەریی یاسا پارێزراوە، کەم بە ڕێژەی ٥٥٪، تا ڕاددەیەك بە ڕێژەی ٣٩٪، زۆر بە ڕێژەی ٦٪.

- لە هەرێمدا لە چوارچێوەی یاسادا حوکمڕانی دەکرێت؟

بە بۆچوونی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە حوکمڕانی لە چوارچێوەی یاسادا کراوە، زۆر بە ڕێژەی ٦٪، تا ڕاددەیەك بە ڕێژەی ٤٣٪، کەم بە ڕێژەی ٥١٪.

- خەڵکی لە هەر پلە و پۆست و ئاستێکی بژێویدا بن، ئایا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە؟

لەم بارەیەوە ڕێژەی ٧٢٪یان بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، تەنیا ٤٪یان وتوویانە نەخێر، ئەوانەی هەڵوێستێکی مامناوەندیان هەیە ڕێژەی ٢٤٪ی نموونەی ڕاپرسییەکە پێکدەهێنن.

- یاساکان بە کردار توانیویانە ماف و ئازادییەکانت بپارێزن؟

بە ڕای ٥٢٪ی نموونەکە، یاساکان کەم توانیویانە داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان بکەن، بە ڕێژەی ٤١٪یان تا ڕاددەیەك لەمبارەیەوە لە توانای یاساکان ڕازین، لە کاتێکدا تەنیا بە ڕێژەی ٧٪یان وتوویانە،




کە یاساکان زۆر داکۆکیکار بوون لە ماف و ئازادییەکانیان.

- ئەو کەس و دامەزراوانە کێن کە ئاڵنگارن لەهەمبەر سەروەریی یاسا؟

بە رای نموونەی راپرسییەکە حزبەکان بە رێژەی ٨٢٪، سەرۆك خێڵ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان بە رێژەی ٥٤٪، بەرپرسانی حکوومی و ئیداری بە رێژەی ٤٠٪، بەرپرسانی سەربازی و حکوومی بە رێژەی ٣٦٪، کەلتوور و داب و نەریتەکان بە رێژەی ٢٧٪، هێزەکانی ئاسایش بە رێژەی ١٩٪، هاووڵاتیان بە رێژەی ١٣٪، دەزگاکانی پۆلیس بە رێژەی ١٠٪ ئالنگارن لەبەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان.

- ئەو کەس و دامەزراوانە کێن، کە کەمتەرخەمبوون بەرانبەر سەروەریی یاسا؟

بە رای نموونەی راپرسییەکە حزبەکان بە رێژەی ٧٥٪، دەسەڵاتی دادوەری (دادوەرەکان، دادگاکان و داواکاری گشتی) بە رێژەی ٥٣٪، پەرلەمان بە رێژەی ٣٩٪، تاکەکان بە رێژەی ١٧٪، دامەزراوەکانی پەروەردە و پێگەیاندن بە رێژەی ١٦٪، پیاوانی ئایینی بە رێژەی ١٥٪، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە رێژەی ١٣٪ و رۆشنبیران بە رێژەی ١٢٪ کەمتەرخەم بوون لە ئاست سەروەربوونی یاسا لە هەرێم.

- هاووڵاتیانی هەرێم چۆن دەروانن داهاتووی رەوشی سەروەریی یاسا؟

زۆرینەی نموونەکە بە رێژەی ٣٨٪ پێیانوایە لە ئایندەدا دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێم خراپتر دەبێت، ٣٧٪شیان وای دەبینن گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. تەنیا ٢٥٪یان پێیانوایە بەرەو باشتر دەگۆڕێت.

- پشتیوانی لە سەروەریی یاسا دەکەیت، تەنانەت ئەگەر پێتوابێ یاساکان دادپەروەریش نین؟

زۆرینەیان بە رێژەی ٤١٪ پشتیوانی لێ دەکەن، ٢٦٪یان هەڵوێستێکی مام ناوەندیان هەیە، ٣٪یان ئامادەی پشتیوانی نین لێی.

سەبارەت بە کاریگەریی گۆڕاوەکان، ئافرەتان بە رێژەی ١١٪ لە پیاوان زیاتر پێیانوایە، کە حوکمڕانی لە هەرێم کەمتر لە چوارچێوەی یاسادا کراوە، نیو هێندەی پیاوانیش، پیاوان گەشبینن بە داهاتووی رەوشی سەروەریی یاسا، بە رێژەی نزیکەی ١٢٪یش کەمتر لە پیاوان ئامادەن داکۆکی لە سەروەریی یاسایەك بکەن، ئەگەر نەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی






دادپەروەری.

سەبارەت بە کاریگەریی ئاستی خوێندەواری، ئەو بەشە زۆرەی نموونەی ڕاپرسییەکە، لە هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا و دەرچووانی زانکۆ، کەمتر متمانەیان بە بوونی سەروەریی یاسا هەیە، لە ئاستەکانی دیکەی خوێندەواری بە ڕێژەیەکی زیاتر وای دەبینن کەمتر لە چوارچێوەی یاسادا حوکمڕانی کراوە. کەمتریش متمانەیان بە توانای یاساکان هەیە کە بتوانن ماف و ئازادییەکانیان بپارێزن، زۆرینەشیان لە ئاستەکانی دیکەی خوێندەواری، حزبەکان و سەرۆک خێڵ و هێزەکانی ئاسایش و بەرپرسانی سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگە و هاوولاتیان وەك ئاڵنگار و کۆسپ دەبینن لەبەردەم سەروەریی یاسادا، پێشیانوایە هەریەکە لە حزبەکان و پەرلەمان و حکومەت و داواکار و دەسەڵاتی دادوەری و دادگا و دادوەرەکان کەمتەرخەم بوون لە بەرجەستەکردنی سەروەریی یاسا. هاوکات ئەمانە لە ئاستەکانی دیکەی خوێندەواری ڕەشبینترن سەبارەت بە داهاتووی سەروەریی یاسا، پشتیوانیکردن لە سەروەریی یاساش دەبەستنەوە بە توانای داکۆکیکردنی یاساکان لە بەرجەستەکردنی دادپەروەری.

سەبارەت بە کاریگەریی شوێن و یەکەی ئیداری، نموونەی ڕاپرسییەکە لە هەریەکە لە سلێمانی و ڕانیە و هەڵەبجە و گەرمیان زیاتر پێیانوایە سەروەریی یاسا کەم پارێزراوە، کە لە چوارچێوەی یاسادا حوکمڕانی کرابێت، کەمتریش وای دەبینن خەڵکی لە بەردەم یاسادا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت، ماف و ئازادییەکانیشیان لە سایەی یاساکاندا بۆ دابین کرابێت. ڕای نموونەی ڕاپرسییەکە سەبارەت بە ئاڵنگارەکانی بەردەم سەروەریی یاسا بەپێی شوێن بەم شێوەیە بووە:

حزبەکان: سلێمانی بە ڕێژەی ٩٣٪ و هەڵەبجە ٩٢٪ و هەولێر و ڕاپەڕین بە ڕێژەی ٨١٪، زاخۆ ٨٠٪گەرمیان ٧٨٪، دهۆك ٧٦٪، سۆران ٧٥٪.

سەرۆك خێڵ و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان: دهۆك ٦٣٪، هەولێر ٥٩٪، سۆران ٥٦٪، ڕاپەڕین ٥١٪، سلێمانی ٤٧٪، گەرمیان و زاخۆ ٤٤٪، هەڵەبجە ٣١٪.

بەرپرسانی حکومی و ئیداری: دهۆك بە ڕێژەی ٣٢٪، هەڵەبجە ٣٣٪، ڕاپەڕین ٤٦٪، سلێمانی ٣٨٪، زاخۆ ٣٧٪، سۆران ٣٥٪، گەرمیان ٣٣٪.

بەرپرسانی سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگە: ڕاپەڕین ٤٦٪، سلێمانی ٣٩٪، سۆران ٣٦٪، هەڵەبجە ٣٣٪، دهۆك ٣٢٪، لە زاخۆ ٢٩٪، گەرمیان ٢٢٪.

کەلتوور و دابونەریتەکان: سۆران ٤٠٪، دهۆك ٣٥٪، زاخۆ ٣٢٪ لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر بە ئالنگاری سەروەریی یاسایان دەزانن.

سەبارەت بە لایەنەکانی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شوێنەکاندا نییە.










لەهەمبەر ئەوانەی کەمتەرخەم بوون لە دەستەبەرکردنی سەروەری بۆ یاسا، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان شوێنەکاندا هەیە. سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری (داواکاری گشتی، دادگا و دادوەرەکان) ڕێژەکان بەم جۆرەن: زاخۆ ٦٨٪، ڕاپەڕین ٦٥٪، سلێمانی ٥٨٪، دهۆك و هەولێر ٥٣٪، هەڵەبجە ٥٠٪، سۆران ٤١٪. سەبارەت بە لایەنەکانی دیکە، ڕێژەکان لەیەکەوە نزیکن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا نییە.

سەبارەت بە ئاییندەی ڕەوشی سەروەریی یاسا، بەشداربووانی ئیدارەی ڕاپەڕین بە ڕێژەی ٦٢٪ لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر پێیانوایە ڕەوشەکە خراپتر دەبێت، خەڵکی دهۆك و هەڵەبجە و سلێمانی لەم بارەیەوە ڕۆئیایان لێك نزیکە، گەرمیانییەکان لە هەمووان زیاتر پێیانوایە ناگۆڕێت، خەڵکی سۆران و زاخۆ لە هەمووان زیاتر گەشبینن بە داهاتووی سەروەریی یاسا.

لە سۆران خەڵکی لە هەموو شوێنەکانی دیکە زیاتر بە ڕێژەی ٤٨٪ ئامادەن پشتیوانی لە سەروەریی یاسا بکەن، دوای ئەوان هەولێر بە ڕێژەی ٤٤٪ و سلێمانی بە ڕێژەی ٤٢٪. لە بەرانبەردا خەڵکی ڕاپەڕین بە ڕێژەی ٥٤٪ و هەڵەبجە و گەرمیان و سلێمانی بە ڕێژەیەکی نزیك لە یەك ئامادە نین پشتیوانی لە سەروەریی یاسا بکەن، ئەگەر یاسا لە بەرژەوەندیی چەسپاندنی دادی کۆمەڵایەتیدا نەبێت.



### ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا

بۆ گفتوگۆی «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا» ڕاپۆرتێکی مەیدانی بۆ وەرگرتنی ڕای یاساناسان و هاووڵاتیان ئامادە کرابوو بە ڤیدیۆ پیشان درا، تیایدا بەشداربووان ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دەربڕیبوو، لێرەدا پوختەی چەند بۆچوونێك بڵاو دەکەینەوە:



**شاخەوان خالید مافپەروەر و یاساناس:**

**لە کابینەی نۆیەمدا دۆسیێی هەموو ئەو تاوانبارانە هەڵدراونەتەوە کە پێشتر لە نەوەدەکانەوە تاوانیان ئەنجام داوە و دەستگیر نەکرابوون**

سەروەریی یاسا بەو مانایە دێت کە هەموومان ملکەچی یاسا بین، نابێت هیچ کەس و لایەن و دەزگایەك تاوانباران داڵدە بدەن، لە هەرێمی کوردستاندا جۆرێك لە ئاڵۆزیی سیاسی هەیە و ئەمە کاریگەری لەسەر ڕەوشی سەروەریی یاسا هەبووە، دەبێت پێداچوونەوەیەك بەم پرسەدا بکرێت. دادگاکان لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆن و کار بە میکانیزمی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکرێت، ئەمەش شێوازێکی مودێرنە لە هەموو وڵاتانی دیموکراتی پیادە دەکرێت. بەداخەوە ئەوەی ئێمە وەك مافپەروەر و یاساناس تێبینیمان کردووە، ئەوەیە کە هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا خەڵکێکی زۆر تاوانی ئەنجام داوە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارێك، یان لایەن و هۆزێکەوە داڵدە دراوە و نەتوانراوە بگاتە دەستی دادگاکان، بەڵام لە کابینەی نۆیەمدا دۆسیێی هەموو ئەو تاوانبارانە جارێکی دیکە هەڵدراونەتەوە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی ئەو تاوانبارانە دەستگیر بکرێن و بدرێنە دادگا و تا ئێستاش بە دەیان لەو تاوانبارانەی کە پێشتر تاوانیان ئەنجام داوە هەر لە نەوەدەکانەوە تا ئێستا دەستگیرکراون و دراون بە دادگاکان و بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت».



**بڵند مستەفا پارێزەری ڕاوێژکار:**

**زۆر جار سوڵحی عەشائیری و پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی دەقە یاساییەکان دەگرنەوە**

پرسی سەروەربوونی یاسا، یان سەروەر نەبوونی ڕێژەییە و لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، لە هەرێمی کوردستانیش پرسەکە هەر بەو شێوەیە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها بڵێین سەوەریی یاسا بوونی هەیە، هەروەها ناشتوانین

بڵێین بە شێوەیەکی ڕەها سەروەریی یاسا لە کوردستان بوونی نییە، بەڵام لە کوردستان فاکتەر و کەموکورتیمان هەیە، بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەم:

١. بەشێکی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش یاسای سەردەمی کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی زۆر پێش ئێستا کە لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ئەم سەردەمە یەك ناگرنەوە.

٢. هۆشیاریی یاسایی بەشێوەیەکی گشتی و زانیاریی هاوڵاتیان لەسەر یاساکان بەو جۆرە بوونی نییە تاکو هاووڵاتی ئاگاداری تەواوی یاساکە بێت و پێوەی پابەند بێت و ڕێزی لێ بگرێت.

٣. پێشێلکردنی یاساکان لەلایەن خەڵکانی دەسەڵاتدار و نەبوونی لێپرسینەوە لەگەڵیان و لەمەش زیاتر دەستتێوەردانی سیاسی لە دەسەڵاتی دادگاکاندا.

٤. بمانەوێت، یان نەمانەوێت ئێمە کۆمەڵگەیەکین کاریگەریی کەلتوور و ئایینمان لەسەرە، هەر بۆیە زۆر جار سوڵحی عەشائیری و پابەندبوونە کۆمەڵایەتیەکان شوێنی دەقە یاساییەکان دەگرنەوە.



### میران عوسمان پارێزەر:
## ئالنگاریی بەردەم سەروەریی یاسا نەبوونی ئەقڵییەتی بەرپرسیارێتییە بۆ ڕێزگرتن لە یاسا

بەپێی ئەو پێناسەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەروەریی یاسا کردوویەتی، سەروەریی یاسا واتە فەرمانڕەوایی یاسا بەسەر کۆی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی دەوڵەت و تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەسەڵاتەکان، هەر بۆیە ئەگەر پێشێلکاریی یاسا لە هەر بوارێکدا هەبێت، ئەوە دەستدرێژییە بۆ سەر سەروەریی یاسا، بە چەند خاڵێك ئاماژە بەو ئالنگارییانە دەکەم کە دێنە بەردەم سەروەریی یاسا:

١. نەبوونی دامەزراوەی دەوڵەت بە مانا یاساییەکەی، لە هەرێمدا دامەزراوەی دەوڵەت بەو ئاستە کامڵ نەبووە کە بڵێین دەوڵەت دەبێت دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت و ئەم دەسەڵاتەش قابیلی دابەشبوون نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە بسەلمێنێت.

٢. نەبوونی ئەقڵییەتی بەرپرسیاریەتیی بەرانبەر بە یاسا و پابەندبوون پێی و ڕێزگرتنی یاسا.

٣. زاڵبوونی ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕی بەسەر دامەزراوەکاندا.

٤. دەستتێوەردانی سیاسی لە دامەزراوەی دادوەری.

٥. دەستتێوەردانی حزبی و کەسی لە دادگاکاندا، کە زۆر جار دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەریدا.



### هاووڵاتی:
## دادگاکان کاری خۆیان بە ڕێکوپێکی دەکەن و سەروەریی یاسای پێوە دیارە

«لە هەموو وڵاتێك یاسا سەروەرە و لە هەرێمی کوردستانیش سەروەرە، دادگاکان کاری خۆیان دەکەن و ئێمە لە کارەکانیان ڕازین، بەڵام بمانەوێت، یان نەمانەوێت لە هەموو شوێنێك خەڵکانێك هەن یاسا پێشێل دەکەن، یان پەنا بۆ واسیتە و واسیتەکاری دەبەن، بەڵام ئێمە وەك هاووڵاتی کە سەردانی دادگاکان دەکەین، کاروبارەکانمان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن».



### هاووڵاتی:
## لە دادگاکانی هەولێر کاروبارەکان بە جددی و ڕێکوپێکی بەڕێوە دەچن

«ئەوەی من ئێستا لە دادگاکانی هەولێر دەبینم و مامەڵەم هەبووە، هەست دەکەم سەروەریی یاسا بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی بە یاسا هەموو شتێك ڕێك خراوە و یاسا بە یەکسانی و وەك یەك مامەڵە لەگەڵ هەموو هاووڵاتیان دەکات، تەنانەت مامەڵەی یاساییم لە شوێنی دیکەش هەبووە، هێناومەتەوە بۆ دادگاکانی هەولێر، زۆر بە ڕێکوپێکی بۆ یان جێبەجێ کردووم».



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# میدیاکانی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و ڕێزگرتنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا کەمتەرخەمن

**د.سالار عوسمان بێجگە لەوەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ئەکادیمیست و نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری کوردستانیشە، پێشتریش بریکاری وەزارتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و، ئەزموونێکی گەورەی لە بواری کاری نووسین و ڕۆژنامەگەری هەیە، لە هەر ئۆرگانێکیش کاری کردبێت، بایەخدانی بە کێشەکانی خەڵك و مامەڵەی دامەزراوەکان لەگەڵ هاووڵاتیان یەکێك لە ئەولەوییەتی پرۆگرامەکانی بووە، بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا لە هەرێمدا بەرقەرار بێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەدا، دوای بەخێرهێنانی گەرمی بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:**

وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی شانازییە کە ئەم هەموو ئەکادیمیست و دادوەر و زانا گەورانەی وڵاتی خۆمان لێرە کۆبووینەوە و گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگی وەك «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» دەکەین، بۆیە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم، ئەم گفتوگۆیەش دوای ئەوەی پوخت دەکرێتەوە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بڵاودەکرێتەوە، بۆ ئەوەی بکەوێتە بەردەستی هاووڵاتیان و حکومەتی خۆمان.

لەم گفتوگۆیەدا، بیروبۆچوونی زۆر بەرز خرانە ڕوو، زۆر بە وردی ئاستەنگەکان دەستنیشان کران و زۆر بە لۆژیکانەش چارەسەریان بۆ دیاری کرا، هەروەها داتا و ئاماری زۆر خرانە ڕوو، کە لەوانەیە هەندێك سەرنجم لەسەر داتا و ئاماری ڕاپرسییەکە هەبێت، بەڵام شتێکی زیادەم نییە بیخەمە سەر ئەو زانیارییە زۆر باشانەی کە بەرێزان خستیانە ڕوو، بۆیە دەمەوێت سەبارەت بە بازنەی گفتوگۆ چەند وتەیەك بۆ ئامادەبووان بخەمە ڕوو، بۆ ئەمەش لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەم: بۆچی ئێمە وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بیرمان لەوە کردەوە، پێویستمان بە «بازنەیەکی گفتوگۆ» هەیە کە مانگانە پێکەوە کۆمان بکاتەوە و لەسەر پرسێکی گرنگ گفتوگۆ لەگەڵ دەستەبژێر و

ئەکادیمیست و زانا گەورەکانی وڵاتی خۆمان بکەین؟ زۆر بە سادەیی، ئێمە هەستمان کرد ڕەوشی « گفتوگۆ و لێکگەیشتن» لە هەرێمی کوردستاندا لە بارێکی خراپدایە، پێویستمان بەوەیە ژینگەیەك بۆ گفتوگۆ بێنینە ئاراوە کە بتوانین بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکەینەوە و گفتوگۆیەکی پۆزەتیف بکەین و لەناو جیاوازییەکانمادا خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە بۆ دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکانمان و پێکەوە خەمی ئەم نیشتمانە بخەینە سەر شانمان و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزینەوە.

ئەم لێکتێگەیشتن و گفتوگۆیە جارێکی دیکە دەمانهێنێتەوە بۆ ئەوەی دووبارە گوێچکەکانمان بەوە ڕابێنینەوە کە گوێ لە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتری بگرین، دەمانهێنێتەوە بۆ ئەوەی گوێ لە ڕەخنە و نارەزایی خەڵك بگرین، هەتا ئەگەر سەرنجێکیشمان لەسەر ئەو ڕەخنە و نارەزاییانە هەبێت، بەڵام دەبێت بە سینگ فراوانییەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەخنە و نارەزایی خەڵکیش بکەین و، ئەوانیش بەشداری پێ بکەین بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەگان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان و ببینە پردێك بۆ بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا و دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ حکومەتی خۆمان.

لە ناو ئەم پرۆسەیەی کە لە کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەگەر سەیری کۆمەڵگە و هاووڵاتیانی خۆمان بکەین، بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم ئێمە هەم گەلێکی قارەمانمان هەیە، هەمیش کۆمەڵگەیەکی زۆر باشمان هەیە، بەڵام لە لایەن و حزبە سیاسییەکان و بە هۆی ململانێی ناتەندروستی حزبی، غەدرێکی گەورە لەم گەلە و لە کۆمەڵگەی کوردستانیش کراوە، بە ڕاشکاوی دەڵێم حزبە سیاسییەکانی کوردستان وەك حزبی سیاسیی ناو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی کە پێویستە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی خەڵك بکەن، کامڵ نەبوون، هەر بۆ نموونە، حزبی سیاسی لە وڵاتی ئێمە پێیوایە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بوو، دەبێت بە شێوەیەك سیاسەت بکات، ئەم وڵاتە کاول ببێت، بە چاك و خراپ بڵێت خراپ و دان بە هیچ شتێکی ئەم نیشتمانەدا نەنێت، هەروەها لەم هەرێمە حزبی سیاسیمان هەیە هاوپەیمانە لە ناو حکومەت، بەڵام وەك ئۆپۆزسیۆنێکی نابەرپرس مامەڵە لەگەڵ حکومەتەکەی خۆی دەکات، بۆیە ژینگەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆیان دروست کردووە کە هاووڵاتیان لە کوردستاندا نەتوانن بیر بکەنەوە و بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتی خۆیان بکەن، ئەم ئاراستەی قسەکردنەش بەبێ بیرکردنەوە و بەبێ پەنجە خستنە سەر ڕاستییەکان، لەوانەیە بەشێکی ڕاست بێت، بەڵام هەموو ڕاستیەکان نین، جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە کە هەم داتا و ئاماری ڕاپرسیەکە و هەمیش قسەی ناو ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییەکە ئێمە لە ناوەندێکی ڕاست پێکەوە کۆناکاتەوە.

لەم هەرێمەی ئێمەدا سەقامگیرییەکی زۆر باشی ئەمن و ئاسایش هەیە، هاووڵاتیان تا نیوەی شەو لە کافتریاکان و لەوە ناترسن کەی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، بە دەیان بەرپرسانی ئەم وڵاتە لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە و ئێستا لە زیندانەکانی حکومەتدان، تیرۆریستێك کە کارێکی تیرۆریستی دەکات، زۆر بە زوویی دەستگیر دەکرێت و دەبرێتە بەردەمی دادگاکان، کە ئەمانە هەمووی کاری زۆر باشن.

ئەگەر لە دواهیدا تەنیا لە گۆشە نیگای میدیاوە چەند پەیڤێك بڵێم، بەو پرسیارە دەست پێ دەکەم لە خۆشم و لە ئێوەش دەپرسم: ئایا میدیاکانی کوردستان ڤیژن و بۆچوونێکیان بۆ ڕێزگرتن لە یاسا و سەروەریی یاسا هەیە؟ ئایا بەرنامەیەکیان بۆ هۆشیاریی یاسایی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك بە گرنگیی ڕێزگرتنی یاسا و گرنگیی جێبەجێکردنی یاسا لە کۆمەڵگە هەیە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە و دەبێت بوێرانە دان بەوەدا بنێین کە میدیای ئێمە لەم بوارە کەموکورتی زۆرە و دەبێت بە جددی بیری لێ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی میدیا ناوەندێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە و کۆی دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە کۆبکاتەوە و ببێتە ناوەندێك بۆ ئەوەی تەکامولێکی فیکریی تەواو دروست بکات و، زەمینەیەك دروست بکات کە هاووڵاتیانی کوردستان لە یاساکانی وڵاتی خۆیان تێ بگەن و ڕێز لە یاسای وڵاتی خۆیان بگرن.

**میدیا ناوەندێکی زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگە و کۆی دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە کۆبکاتەوە و ببێتە ناوەندێک بۆ ئەوەی تەکامولێکی فیکریی تەواو دروست بکات و، زەمینەیەک دروست بکات کە هاووڵاتیانی کوردستان لە یاساکانی وڵاتی خۆیان تێ بگەن و ڕێز لە یاسای وڵاتی خۆیان بگرن**

**دەبێت بە سینگ فراوانییەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەخنە و نارەزایی خەڵکیش بکەین و، ئەوانیش بەشداری پێ بکەین بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەگان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان**

**ئێمە هەستمان کرد ڕەوشی «گفتوگۆ و لە یەکتری تێگەیشتن» لە هەرێمی کوردستاندا لە بارێکی خراپدایە، پێویستمان بەوەیە ژینگەیەک بۆ گفتوگۆ بێنینە ئاراوە کە بتوانین بیروبۆچوونە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکەینەوە**



**د. ڤالا فەرید**

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:

# دەبێت پەرلەمان کە سەرچاوەی یاسادانانە ڕێک بخرێتەوە و سیستمی هەڵبژاردن جارێکی دیکە هەموار بکرێتەوە

د.ڤالا فەرید ئەکادیمیست و پسپۆڕە لە یاسای گشتی و ئەندامی هەر دوو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بووە و، وەك یەکەم خانمی سەرکردەش بۆ یەکەمین جار لە مێژووی حوکمڕانیی کوردستاندا لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٩ بووەتە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و پاشانیش لە ١٠ی تەمموزی ٢٠١٩ بووەتە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها ئەم خانمە یەکەمین ئەکادیمیستە کە نامەی ماستەرەکەی لەسەر کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستان و بەرپرسیاریەتیی تاوانی ڕژێمی عێراق ئامادە کردووە و، ڕۆڵێکی دیاریشی لە دارشتنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا گێڕاوە، ئێستاش وەك وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، توانیویەتی هاوسەنگی و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت زۆر بە باشی بپارێزێت، لەم گفتوگۆیەشدا سەبارەت بە ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا بەم جۆرە ڕای خۆی خستە ڕوو.

پرسی «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا» پرسێکی هەستیار و گرنگە و لەو خاڵەوە دەست پێ دەکەم کە سەروەریی یاسا واتە دەسەڵاتی یاسا لەسەر کۆمەڵگە، دەسەڵاتی یاسا لەسەر فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو بە یەکسانی، سەروەریی یاسا واتە دانانی کۆت و بەند لەسەر ئاکاری نایاسایی تاك و دامەزراوەکان، ئەو دامەزراوانەی کە دەستوور دادانی پێدا ناون.

پێشێلکردنی یاسا لەگەڵ ئەوەی کاریگەری لەسەر ژینگەی مرۆڤایەتی هەبووە، لە هەمان کاتدا ناتوانین بڵێین ئەگەر پێشێلکردنی یاسا نەما، ئیدی یاسا سەروەرە، نەخێر، پێشێلکردنی یاسا هەر هەبووە و ئەگەر ئەم پێشێلکردنەش نەبوایە، لە بنەڕەتەوە یاسا نەدەبووە پێداویستییەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

پێشێلکارانی یاسا لەوانەیە کەسێکی ئاسایی بن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێت فەرمانڕەوایەکی دەسەڵات، یان دامەزراوەیەکی

دەوڵەتی، یان وەزیر، یان سەرۆکی وڵاتیش بێت، هەر بۆیە هەر کاتێك یاسا پێشێلکرا، ئەگەر ئەو سزایەی لە یاسادا دیاری کراوە، وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ ئەو پێشێلکارییە لەسەر هەمووان بە یەکسانی جێبەجێ کرا، دەتوانین بڵێین لەو وڵات و کۆمەڵگەیە سەروەریی یاسا بوونی هەیە، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چاوپۆشی لە یەکێك کرا و لەسەر ئەویتر جێبەجێ کرا، ئەو کات ناتوانین بڵێین سەروەریی یاسا بوونی هەیە.

ئەو ئالنگارییانەی دێنە بەردەمی سەروەریی یاسا بریتین لە «ئایین، دابونەریت، مرۆڤ، دامەزراوەکان و ئەو بابەتانەی دەبنە سەرچاوە بۆ یاساکە، تەنانەت خودی یاساکەش».

سەروەریی یاسا پەیوەستە بە پیادەکردنی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو ئازادییانەی لە دەستووردا هاتوون، بەڵام زۆر جار یاسادانەران کێشەیان لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی وەك «ئایین و دابونەریت» هەیە، کە دەبنە سەرچاوە بۆ یاساکە و خۆیان دەبنە ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و بۆ ئەوەی ڕاستەڕێ یاساکە لەگەڵ چەمکی دیموکراتی و مافی مرۆڤ پیادە بکرێت، هەر بۆ نموونە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەموارێکی سادەمان لە یاسای باری کەسی کرد، بۆ ئەوەی بەربەستێك لەبەردەم ئەو پیاوانە دابنرێت، ئەگەر بڕیاریان دا ژنی دووەم بهێنن، بەڵام ئەم یاسایە وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، تەنانەت ئەو پەرلەمانتارانەشی کە بەشدار بوون لە داڕشتن و پەسەندکردنی ئەو یاسایەدا پێوەی پابەند نەبوون و بەبێ ئەوەی ئەو یاسایە لەبەر چاو بگرن، ژنی دووەمیان هێنا.

لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، لەم گفتوگۆیە باس لە کۆنی یاساکان کرا و جەخت لەوە کرایەوە کە هەندێك لە یاساکان کۆنن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە باشی و خراپیی یاسا نەبەستراوەتەوە بە کاتەوە، ئێمە زۆر یاسامان هەیە هی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوون و لە جێبەجێکردن و پابەندبوون بەو یاسایەوە هیچ کێشەیەکمان نییە، یاسای تاوانەکان ڕەنگە پێویستمان بە هەموارکردنەوەی هەبێت، بەڵام یاسایەکی زۆر باشە، بۆیە یاسا هەیە زۆر کۆنە، بەڵام زۆر باشە و کۆمەڵگە و دەسەڵات ڕێزی لێ دەگرێت، لە بەرانبەردا یاساشمان هەیە لەم ساڵانەی دوایی دەرمان کردوون، بەڵام کەس پێوەی پابەند نابێت.

لە دواهیدا هەڵوەستە لەسەر گرفتێکی گەورە دەکەم لەبەردەم پیادەکردنی سەروەریی یاسا، ئەویش ئەو گرفتەیە کە لەو شوێنە هەیە کە ئێمە یاسای لێ دەردەکەین کە ئەویش پەرلەمانی کوردستانە، ئێستا بە هۆی پیادەکردنی لیستی «نیمچە کراوە» لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، دەستەبژێر و ئەکادیمی و خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزان ناوێرن خۆیان بۆ ئەندامێتیی پەرلەمانی کوردستان کاندید بکەن، ئەمەش وای کردووە ئەو دەستەبژێر و پسپۆڕانەی بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە دوور بن لە پەرلەمان و لە بری ئەوان خەڵکانێکی دیکە جێگەیان بگرنەوە کە یاسادانان کاری ئەوان نییە، بەڵام دەستەبژێرێکی پسپۆڕ خۆی هەڵبژێرێت، دەنگ ناهێنێت، ئەمە وای کردووە کە ئێستا دادوەرێکی خاوەن ئەزموونی ٣٠ ساڵی لەناو پەرلەمان نەبێت و سەرۆکی لیژنەی یاسایی بێت، ئەندازیارێکی بەئەزموونی تێدا نەبێت سەرۆکی لیژنەی شارەوانی بێت، پزیشکێکی پسپۆڕی خاوەن ئەزموونی تێدا نەبێت سەرۆکی لیژنەی تەندروستی بێت. ئەمە بۆ هەموو بوارەکانی دیکەش.

بۆیە ئێمە دەبێت سەرچاوەی یاسادانان کە پەرلەمانە ڕێك بخەینەوە، دەبێت سیستەمی هەڵبژاردن جارێکی دیکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی زەمینە بڕەخسێت دەستەبژێر و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکانی کوردستان بێنە ناو پەرلەمان و کێشەکان دەستنیشان بکەن و یاسای گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دابڕێژن و دەربکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرسی سەروەریی یاسا و پابەندبوون و ڕێزگرتن لە یاسا، پرسێکە پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە و دەبێت پێش هەمووان ناوەندی دروستکردنی بڕیار و ناوەندی دانانی یاساکان بڕوایان بە سەروەریی یاسا هەبێت.

**هەر کاتێک یاسا پێشێلکرا، ئەگەر ئەو سزایەی لە یاسادا دیاری کراوە، وەک بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ئەو پێشێلکارییە لەسەر هەمووان بە یەکسانی جێبەجێ کرا، دەتوانین بڵێین لەو وڵات و کۆمەڵگەیە سەروەریی یاسا بوونی هەیە**

**باشی و خراپیی یاسا نەبەستراوەتەوە بە کاتەوە، ئێمە زۆر یاسامان هەیە هی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوون و لە جێبەجێکردن و پابەندبوون بەو یاسایەوە هیچ کێشەیەکمان نییە**

**دەبێت سیستەمی هەڵبژاردن جارێکی دیکە هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی زەمینە بڕەخسێت دەستەبژێر و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکانی کوردستان بێنە ناو پەرلەمان و کێشەکان دەستنیشان بکەن و یاسای گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دابڕێژن**






## حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین

سەرۆکی پێشووی یەکێتیی دادوەرانی کوردستان:


# ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا دەستتێوەردانی حزبەکانە لە دەسەڵاتی دادوەریدا

حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین، یەکێکە لە دادوەرە دیارەکانی کوردستان و عێراق و نێودەوڵەتی و یەکەمین دادوەر بووە کە هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی بەعس و ماوەی حەوت دانیشتن سەرۆکایەتیی ئەو دادگایەی کردووە و دواتر خۆی دەستی لەکار کێشایەوە. حاکم ڕزگار هەموو پلەکانی دادوەریی بڕیوە و لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بووەتە سەرۆکی هەموو قازییەکانی کوردستان «قاضي القضاة»، لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراق یەکێک بووە لە کاندیدەکان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق و، یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی دادوەرانی کوردستان بووە لە دوای دامەزراندنی ئەو یەکێتییە، لە گفتوگۆی «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا» بەم ڕاشکاوییە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

سەرەتا دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بابەتێکی هەستیار و گرنگیان بۆ گفتوگۆ هەڵبژاردووە و، وەک پرۆفیسۆر مونزر شاوی (منذر الشاوي) دەڵێت: «سەروەریی یاسا ئاڵۆزترین بابەتی یاسایە لە فەلسەفەی یاسادا، ئەم کێشەیە بەشێکی لە خودی یاساکەدایە، بەشێکی لە ڕێزگرتن لە یاساکەدایە، بەشێکیشی لە پێویستیی یاساکەدایە.

ئەمە مانای ئەوەیە یاسا دەربڕی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، لە ڕووی بنەمای یاسایی، بنەمایەکی گرنگە و هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی و کەلتووریی کۆمەڵگە لەخۆی دەگرێت.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێینە سەر پرسی «سەروەریی یاسا» کە بابەتێکە هەموو کەسێک قسەی لەسەر دەکات، پەیوەستە بە کۆمەڵێک دامودەزگا لە وڵاتدا کە پێویستە ئەو دامودەزگایانە خۆیان پەیڕەوی سەروەریی یاسا بکەن و، وەک فەرەنسییەکان دەڵێن: «دەبێت سەرچاوەی یاساکە خۆی یاساکە جێبەجێ بکات»، هەروەها ئینگلیزەکانیش دەڵێن: «سەروەریی یاسا واتە جێبەجێکردنی یەکسانیی یاساکە و ملکەچیی خەڵک بۆ ڕێزگرتن لە

یاساکە و سەروەریی یاسا».

ئەمانە پێمان دەڵێن، سەروەریی یاسا واتە دەبێت فەرمانڕەوا، فەرمانپێکراو و هەموو دامەزراوەکان، ملکەچی سەروەریی یاسا بن و بەسەر هەموویاندا بە یەکسانی یاسا جێبەجێ بکرێت.

کاتێك باسی سەروەریی یاسا دەکەین، ئەم پرسە تەنیا دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان ناگرێتەوە، بەڵکو کۆی پرۆسەی دەوڵەتداری و دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی و کارگێڕی لە وڵاتدا دەگرێتەوە، هەر بۆیە لە هەر جومگەیەکی دامەزراوەکانی دەوڵەت کێشە و گرفت لە جێبەجێکردنی یاسادا هەبێت، گرفتی گەورە بۆ سەروەریی یاسا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر جومگەکانی دیکەی دەسەڵاتەکانی وڵات دەبێت، بۆیە زۆر گرنگە ناوەندی دروستکردنی بڕیار لە وڵاتدا خۆی بڕوای بە سەروەریی یاسا هەبێت و، لەو ناوەندەوە شۆڕ ببێتەوە بۆ هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا.

لێرەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە یاسا کۆت و بەندە لەسەر ئازادییەکانی خەڵك و، پێداویستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە یاسای دروست کردووە و ناکرێت دەست لە پێداویستیی یاسا هەڵبگیرێت، لە بنەڕەتیشدا پرانسیپی «سەروەریی یاسا» لە دوای شۆڕشی برژوازی لە ئەورووپا بۆ بەرپەرچدانەوەی حوکمڕانیی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت دەستی پێکرد، بەوەی چۆن خەڵك لە حوکمڕانیی ڕەهای پادشاکان ڕزگاریان بێت، لەوێوە چەمکی سەروەریی یاسا گەشەی کردووە تا گەیشتووەتە ئێرە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کام یاسا شایەنی ئەوەیە سەروەر بێت و ڕێزی لێ بگیرێت؟ لەبەر ئەوەی یاساش خۆی کێشەیە و لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە من پێموایە سەروەریی بۆ «هەق و دادپەوەری» بێت، نەك بۆ یاسا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە یاسا ئامرازێکە دەمانگەیێنێتە «هەق و دادپەروەری».

هەندێك لەو ئاستەنگانەی لە دادگاکاندا بۆ سەروەریی یاسا دروست دەبن، بەشێکی لەوانەیە یاساکە و ئاستەنگە یاساییەکان بن کە کۆت و بەند دروست بکەن لە هەندێ شکلیاتدا، هەروەها بەشێکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتوویی «قازی، داواکاری گشتی، لێکۆڵەر، دامودەزگاکانی دادوەری»، یەکێك لە ئاستەنگەکانی بەردەم سەروەریی یاسا نەبوونی توانا و لێهاتوویی پێویستی قازییە، ڕەنگە قازییەك بوێری تەواوی لە بڕیاردان نەبێت، یان نەتوانێت ئەمانەت بپارێزێت و بێ لایەن بێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ یاسادا، هەموو ڕاگەیاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت دادگاکان پاك و بێ لایەن و بەهێز بن، ئەمەش بە قازی و داواکاری گشتیی بوێر و بەهێز دروست دەبێت، هەروەها لە سەرووی ئەمانیشەوە کە دەسەڵاتێك هەیە، دەبێت ئەو دەسەڵاتەش بڕوای بە «دادگای پاك و بێ لایەن و بەهێز» هەبێت.

لە هەرێمی کوردستاندا کە باس لە سەروەریی یاسا دەکەین، بە ڕاستی پێش هەموو شت دەبێت ئۆباڵی ڕێزنەگرتن لە یاسا بگێڕینەوە بۆ دەستتێوەردانی حزبەکانی بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەتایبەتی، ئەمە لە کاتیکدا بە سێ یاسا نابێت حزبی سیاسی دەستتێوەردان لە دەسەڵاتی دادوەری بکات، ئەو سێ یاسایەش بریتین لە «دەستوور، یاسای دەسەڵاتی دادوەری، یاسای پارتە سیاسییەکان»، بەڵام ئێستا حزبەکان کاریگەریی زۆریان هەیە لە دانانی بەرپرسەکانی دادوەری، ئەمە لە کاتێکدا لە ناو دەسەڵاتی دادوەریدا پێویستیان بەوە نییە لە دەرەوە پێیان بگوترێت، کێ دابنرێت، یان دانەنرێت، واتە بەپێی ئەقدەمییەت و توانا و لێهاتوویی دەسەڵاتی دادوەری دەتوانێت پرسەکانی خۆی ڕێك بخات و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێت. هەر بۆیە کە ئێستا دەستتێوەردانی حزبی دەکرێت، جۆرێك لە نائومێدی لەناو دادوەرەکان دروست بووە، دادوەرێك خۆی بە لێهاتووتر لەو کەسە دادەنێت کە دانراوە، بۆیە هەست دەکات غەدری لێ کراوە.

خاڵێکی دیکەی پەیوەست بە سەروەریی یاسا، ئەوەیە کە دەزگاکانی پۆلیس لەگەڵ دادگاکان کار دەکەن، دامودەزگاکانی پۆلیس بڕیارەکانی دادگا جێبەجێ دەکەن، بەتایبەتی لە بابەتە سزاییەکاندا، لەمەشدا گرفتێکی دیکە هەیە کە ئەو بڕیارانە وەك خۆی جێبەجێ ناکرێن،

**دەبێت فەرمانڕەوا، فەرمانپێکراو و هەموو دامەزراوەکان، ملکەچی سەروەریی یاسا بن و بەسەر هەموویاندا بە یەکسانی یاسا جێبەجێ بکرێت**

**لە هەر جومگەیەکی دامەزراوەکانی دەوڵەت کێشە و گرفت لە جێبەجێکردنی یاسادا هەبێت، گرفتی گەورە بۆ سەروەریی یاسا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر جومگەکانی دیکەی دەسەڵاتەکانی وڵات دەبێت**

**یاسا کۆت و بەندە لەسەر ئازادییەکانی خەڵک و، پێداویستی ڕێکخستنی کۆمەڵگە یاسای دروست کردووە و ناکرێت دەست لە پێداویستیی یاسا هەڵبگیرێت**



**هەموو ڕاگەیاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت دادگاکان پاک و بێ لایەن و بەهێز بن**

ئەمەش گرفتێکە کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە هەیە.

کێشەیەکی دیکە پەیوەندی بە پارێزەرەکانەوە هەیە، پارێزەر بەشێکی گرنگن لە دادوەری و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پرسی دادپەروەری، بەڵام زۆر جار پارێزەرەکانیش دەبنە کێشە بۆ سەروەریی یاسا، زۆر جار دەبینین خاوەنی داواکە ئەوەندەی کێشەی لەگەڵ پارێزەرەکەی بۆ دروست دەبێت، ئەوندە کێشەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی، یان دادگا بۆ دروست نابێت. بۆیە دەبێت شێوازی کاری پارێزەرایەتی دەستکاری بکرێت، خولی ڕاهێنانی زۆر باشیان بۆ بکرێتەوە، ئەوانەی لە پرانسیپەکانی دادوەری و پارێزەرایەتی لا دەدەن، دەبێت لێپرسینەوەی وردیان لەگەڵ بکرێت. من لە ساڵی ٢٠٠٥ لە فەرەنسا بووم، هەفتە نییە پارێزەرێك سزا نەدرێت لە سەندیکای پارێزەرانی پاریس لە سەر سەرپێچییی پیشەکەی.

لە ئێستادا و دەربارەی ئاستەنگەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان گلەیی سەرەکیمان لە حزبە سیاسییەکانە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستیان هێناوەتە ناو دانانی ناوەندە دادوەرییە کارگێڕییەکان، لەمەدا من وەك خۆم گەردنی پارتی و یەکێتی قەت ئازا ناکەم، ئەمەش یەکێکە لەو پرسانەی دەبێت پێداچوونەوەی باشی پێدا بکرێت.



ئێمە کە لە ناو بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیار و گرنگە دەکەین کە پرسی «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان»ـە، ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە و جێگەی دەستخۆشییە و دیارە مەبەست لە کردنەوەی ئەم بابەتە بۆ گفتوگۆ، هەوڵێکە بۆ گەڕان بە دوای چارەسەرکردندا، بۆ ئەم پرسەش کۆمەڵێك خەڵکی جۆری و پسپۆڕی ئەوتۆتان بۆ ئەم گفتوگۆیە بانگهێشت کردووە و دەتانەوێت بە ڕاشکاوی و بوێرییەوە قسە بکات و دەست بخاتە سەر برینەکان و چارەسەرەکانیش دەستنیشان بکرێت، ئەمە پرسێکی تا بڵێیت گرنگە و هیوادارم ئەم گفتوگۆیە ببێتە دەرگایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هەستیارە کە ئەویش «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا»یە.

لە هەر بەشێکەوە سەیری یاسا و سەروەریی یاسا بکەین، پەیوەندیەکی پتەوی بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، دەبێت لە کوردستان مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت و سەروەریی یاساش ئامرازێکە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هیوادارم کوردستان بگاتە ئاستی ئەو هیوا و خۆزگەیەی کە هەمانە.

**زۆر جار دەبینین خاوەنی داواکە ئەوەندەی کێشەی لەگەڵ پارێزەرەکەی بۆ دروست دەبێت، ئەوندە کێشەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی، یان دادگا بۆ دروست نابێت**





**د.مونا یوخەنا یاقۆ**

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان:

# زاڵکردنی هەندێ ڕێسای ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و عەشایری بەسەر دەقە یاساییەکاندا، دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردنی ڕۆڵی یاسا لە نێو کۆمەڵگەدا

**د.مونا یوخەنا جیا لەوەی لە ساڵی ٢٠٢١ بووەتە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ئەکادیمیست و پسپۆڕە لە بواری یاسا و مافەکانی مرۆڤ و چەندین ساڵ مامۆستای یاسا بووە لە زانکۆی سەلاحەدین و یەکێکە لە چالاکە دیارەکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکار لە مافی پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و، هەمیشە لەسەر پرسی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان قسەی خۆی هەبووە و، هاندەرێك بووە بۆ ئەوەی باشتر یەکتری قبووڵ بکەین و پێکەوە بە یەکسانی لەم نیشتمانە بژین. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو.**

قسەکردن لەسەر «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» بابەتێکی لە ڕاددەبەدەر گرنگە، هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەسەر بابەتێکی هەستیاری لەم جۆرە قسە بکەین، ئەوا دەبێت زۆر بە ڕاشکاوی ڕاستیەکان بڵێین بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەرێك بۆ ئەو ئالنگارییانە بدۆزینەوە.

سەروەریی یاسا بناغەیە بۆ بوونی کۆمەڵگە، ئەمەش واتە کۆمەڵگە بەبێ سەروەریی یاسا دەبێتە پاشاگەردانی، بەداخەوە کە گوێمان لەو داتا و ئاکامانەی ڕاپرسییەکەی «بازنەی گفتوگۆ» گرت، هەموو داتاکان ئەوەیان پیشان داین کە جۆرە ڕەشبینییەك بەرانبەر سەروەریی یاسا لە کوردستان هەیە و ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەروەریی یاسا لە کوردستان کێشەی هەیە.

بۆ ئەوەی قسەش لەسەر کێشەکانی بەردەم سەروەریی یاسا بکەین، ئێمە وەك یاساناس دەبێت بپرسین: «ئایا سەوەریی یاسا چۆن لە کۆمەڵگە دێتە ئاراوە؟» لێرەدا من ئەو فاکتەرانە ئاماژە پێ دەکەم کە دەبنە بناغە بۆ هێنانە کایەی سەروەریی یاسا لە هەر کۆمەڵگەیەك و بە بێ فەراهەمکردنی ئەو خاڵانە ناکرێت قسە لەسەر سەروەریی یاسا

بکرێت، ئەو خاڵانەش بریتین لە:

١- نەبوونی دەستوور، واتا ناکرێ قسە لەسەر ڕێزگرتن لە یاسا و سەروەریی یاسا بکرێت، لە سایەی نەبوونی یاسای باڵا (دەستوور)دا، کە زۆرجار ئەرکی پلان و دارشتنی سیستەمی سیاسیی وڵات لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها ئەو هێڵانە دەکێشێت کە ناکرێ ببەزێندرێن.

٢- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆیی خودی دادوەر، هەروەها دەستوەرنەدان لە دامەزراندنی دادوەر و پلەبەرزکردنەوەی و گرتنە ئەستۆی پۆستی باڵای وەزیفی، چونکە نەبوونی دادپەروەری و متمانەنەبوون بە دادگاکان واتا سووکایەتیکردن بە سەروەریی یاسا.

٣- دەبێت دادوەر و حوکمداراو ملکەچی یاسا بن، بەڵام ئەمە لە هەرێمەکەمان نابینین، بچووکترین نموونەش بۆ ئەمە، سەرەڕای گەندەڵیی دارایی و کارگێری، بەڵام نابینین بە هۆی گەندەڵییەوە بەرپرسێك بدرێتە دادگا، بۆ زانیارییش دەسەڵاتەکانی ناوەند، سەرەڕای هەموو نەرێنییەکانیان، بەڵام توانیویانە کەسایەتییەکی زۆر بدەنە دادگا، ئەمەش تەنیا بۆ کێشەکانی گەندەڵی نییە، بەڵکو زۆرجار دەبینین کە یاسا لەبەر خاتری کەسانێك پێشێل دەکرێت کە سەر بە لایەنی دیارکراوی سیاسی، یان کۆمەڵایەتین.

٤- میدیای ئازاد و پاك و بابەتی و بێلایەن، ڕۆڵی گەورە دەگێرێت لە جێگیرکردنی سەروەریی یاسادا، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین لە بەشێکی زۆری ئەمەدا بریتییە لە میدیایەکی نابەرپرس، کە مەبەستی دەرخستنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی سەروەریی یاسایە، بەمەش خەڵکی بەوە دەخەنە جۆش و هانیان دەدەن بەوەی کە تەنیا پێشێلکردنی یاسا دۆخە باوەکەیە.

٥- زاڵکردنی هەندێ ڕێسای ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و عەشایەری بەسەر دەقە یاساییەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆشەگیرکردنی ڕۆڵی یاسا لە نێو کۆمەڵگەدا.

٦- بۆ ئەوەی قسە لەسەر سەروەریی یاسا بکەین لە هەر دەوڵەتێکدا، پێویستە پەرلەمان هەیبەت و قسەی خۆی هەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەم دواییەدا بینیمان پەرلەمانێکی لاواز بوو کە خەریکی ململانێ بوو لەنێو ئەندامەکانیدا، زۆر بە لای دارشتنی یاساکاندا نەدەچوو، تەنانەت لاوازیی زانیارییەکانی هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکان لە کاتی گفتوگۆکردن لەبارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان، کارەساتێك بوو بۆ خۆی. ئەمە وێڕای درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی، کە وای لە خەڵکەکە کرد، بەو شێوەیە لەم پەرلەمانە بڕوانێت کە تەنیا دامەزراوەیەکە مەبەستی وەدیهێنانی بەرژەوەندیی ئەندامەکانیەتی، هەر خودی ئەمە تانەدان بوو لە هەیبەتی ئەو دەسەڵاتە گرنگە.

٧- کاریگەریی زۆری حزبە سیاسییەکان لە دامەزراوەکانی هەرێمدا، چونکە پەیڕەوکردنی سیستەمی پشکپشکێنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دامەزراوانە ببنە ئەو لایەنانەی کە تەنیا خەریکی ململانێ و بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بن، لەبەرانبەر ئەمەشدا، هەبوونی لاوازیی لە ئەدا و بەرهەمدا.

٨- بۆ ئەوەی قسە لەسەر سەروەریی ڕاستەقینەی یاسا بکەین، پێویستە یەکسانی لە هەلەکان هەبێت، پێویستە هاووڵاتی ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی هەبێت، بەڵام ئەوەی هەندێ جار دەیبینین، ئەوەیە کە لێپرسینەوە لە کەسانێك دەکرێت بە هۆی ڕاوبۆچوون و قەناعەتیان، ئەمەش بەو واتایەی کە ڕێز لە یاسا ناگیرێت، کەواتە سەروەرییەکەی لاوازە.

٩- ڕۆشنبیر لە هەرێمدا هەست بەوە ناکات کە ئەرکێکی لەسەر شانە لە هەمبەر کۆمەڵگەکەی خۆیدا، زانکۆکانیش هەر بەم شێوەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەشنە ڕۆشنبیرێك پەیدا بن، کە ڕاستییەکان دەشێوێنن، بۆ خزمەتی لایەنەکانی خۆیان.

١٠- کاریگەریی واسیتە و مەحسوبییەت لەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا، ئەمەش وای کردووە کە مرۆڤی هەژار هەست بە لاوازیی یەکسانی بکات، بۆیە ناکرێ لە حاڵەتی نەبوونی یاسادا باس لە سەروەریی یاسا بکرێت.

ئەو خاڵانەی ئاماژەم پێ کردن، هەموویان

**ناکرێ قسە لەسەر ڕێزگرتن لە یاسا و سەروەریی یاسا بکرێت، لە سایەی نەبوونی یاسای باڵا (دەستوور)دا، کە زۆرجار ئەرکی پلان و دارشتنی سیستەمی سیاسیی وڵات لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها ئەو هێڵانە دەکێشێت کە ناکرێ ببەزێندرێن**

**سەرەڕای گەندەڵیی دارایی و کارگێری، بەڵام نابینین بە هۆی گەندەڵییەوە بەرپرسێک بدرێتە دادگا**

**میدیای ئازاد و پاک و بابەتی و بێلایەن، ڕۆڵی گەورە دەگێرێت لە جێگیرکردنی سەروەریی یاسادا**



لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان کێشەیان هەیە و پێویستیان بە ڕاستکردنەوەیە، بەتایبەتی کە ئێمە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین و هەتا ئێستا نەمانتوانیوە دەستوورێك بۆ خۆمان بنووسینەوە، دەستوورێك کە ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی مافی و ئەرکی تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بپارێزێت و دەستوورێك بێت کە بە ئاسانی هەموار نەکرێت و، نەگاتە ئەو ئاستەی کە بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە مافەکان بە ئاسانی پێشیل بکات «التعسف فی استعمال الحق».

لایەنێکی دیکە بۆ پرسی «سەروەریی

یاسا»، سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆیی دادگاکانە، کە خەڵک متمانەی بە دادگاکان نەماوە، هەر بۆ نموونە دوای حوکمدانی ئەو تاوانبارەی هەر دوو مامۆستا «د.کاوان و د.ئیدریسی» کوشت، گوێم لە لیدوانی خانەوادەی ئەو دوو بەڕێزە بوو بۆ ڕاگەیاندنەکان،کە لیدوانەکە نووسراو بوو دەیانخوێندەوە و دەیانگوت «ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەمانگوت دادگا ناتوانێ مافمان بسەنێت، بۆیە ئێمە لەمەو دوا لەسەر بنەمای «العین بالعین» مامەڵە دەکەین و ئەو کێشەیە خۆمان چارەسەری دەکەین و مافی خۆمان دەستێنینەوە»، بێگومان ئەو قسەیە پێویستی بەوەیە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت و لە خۆمان بپرسین: بۆچی هاووڵاتیان متمانەیان بە بڕیارەکانی دادگاکانی کوردستان نییە؟» وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەرکی هەموو لایەکمانە کاری لەسەر بکەین و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە.

هەر لەناو سلایدەکانی ئەو ڕاپرسییەی بۆ ئێمە نمایشتان کرد، خاڵێک سەرنجی منی ڕاکێشا کە تیایدا ئاماژە بەوە کرابوو «ئافرەتان لە پیاوان زیاتر ڕەشبینن سەبارەت بە سەروەریی یاسا».

سەبارەت بەم خاڵە دەڵێم: ئافرەتان هەقیانە ڕەشبین بن، لەبەر ئەوەی لە کوردستان یاسای زۆر باش داڕێژراوە و لەپەرلەمان پەسەند کراوە، بەلام ئەم یاسایانە لە پراکتیکدا وەك خۆیان جێبەجێ نەکراون، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مافەکانی ئافرەتانەوە هەیە. لەمەش زیاتر زۆر جاران خودی دەستووری عێراق دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی یاساکان لە کوردستاندا، هەر بۆ نموونە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٨ یاسای باری کەسیمان لە پەرلەمانی کوردستان هەموار کردەوە کە یاسایەکی زۆر زۆر باش بوو بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان، بەڵام پێش چەند مانگێك دادگای فیدراڵی بڕیاری دا ئەو ماددەیە دەستووری نییە کە لە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی هاتووە و دەڵێت: «ئەگەر پیاوێك ژنی دووەمی هێنا، ئەوا هاوسەری یەکەمی مافی ئەوەی نییە داوای جیابوونەوە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە پێچەوانەی دەستووری عێراقە».



لایەنێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، ڕۆڵی ڕۆشنبیران و زانکۆکانی کوردستانە.

سەبارەت بە ڕۆشنبیران بەداخەوە دەڵێم، ڕۆشنبیران لەسەر پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان نابینیەوە، هەر بۆ نموونە ماوەیەك پێش ئێستا لە ناو میدیاکان پرسی «جەندەر» بووە پرسێکی گەرم، بەڵام نەماندی زانکۆکان و ڕۆشنبیرانی کوردستان بێن بەشێوەیەکی زانستی ئەم چەمکە بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە، هەتا خەڵکەکە تێ بگات، بەڵام لە بەرانبەردا پیاوێکی ئایینی دێت و دەڵێت: «جەندەر حەرامە و خراپە» و ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگەش دوای قسەی ئەو پیاوە ئایینییە دەکەون و بارودۆخێك دروست دەبێت کە نازانرێت ئەسڵەن ئەو چەمکە چ مانایەکی هەیە.

ئەگەر باس لە ڕەوشی زانکۆکانیش بکەین، من ساڵانێکی زۆر مامۆستای زانکۆ بووم، بەپێی ئەو ئەزموونەی لە زانکۆ هەمە، دەڵێم زانکۆکانمان باشن و مامۆستای زۆر باش و خەمخۆری ئەم میللەتە لە زانکۆکانی ئێمە بوونیان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە دەرفەت نادرێتە مامۆستایانی زانکۆ و هیچ لایەکیش هاندەری مامۆستای زانکۆ نییە، لەمەش زیاتر مامۆستای زانکۆ ئەگەر بیەوێت توێژینەوەکەی خۆی لە گۆڤارێکی زانستی بڵاو بکاتەوە، دەبێت بڕە پارەیەك بداتە ئەو گۆڤارە، هەتا بۆی بڵاو بکاتەوە، هەر بۆیە لەو کاتەی کە ئێمە کێشەی مووچە و پاشەکەوتی موچەمان هەبوو و خاوەنی خێزان بووین، نەماندەتوانی ئەو بڕە پارەیە بدەین بۆ ئەوەی توێژینەوەکانمان بڵاو بکەینەوە، بۆیە وازمان لێ دەهێنا و دەمانگوت ئەو پارەیەی دەدەین بەو گۆڤارە، پێداویستییەکی دیکەی خێزانەکەمانی پێ دابین دەکەین.

**پەیڕەوکردنی سیستەمی پشکپشکێنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دامەزراوانە ببنە ئەو لایەنانەی کە تەنیا خەریکی ململانێ و بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بن**

**ڕۆشنبیر لە هەرێمدا هەست بەوە ناکات کە ئەرکێکی لەسەر شانە لە هەمبەر کۆمەڵگەکەی خۆیدا، زانکۆکانیش هەر بەم شێوەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەشنە ڕۆشنبیرێك پەیدا بن، کە ڕاستییەکان دەشێوێنن**

**ئێمە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین و هەتا ئێستا نەمانتوانیوە دەستوورێك بۆ خۆمان بنووسینەوە**

**ئافرەتان هەقیانە ڕەشبین بن، لەبەر ئەوەی لە کوردستان یاسای زۆر باش داڕێژراوە و لەپەرلەمان پەسەند کراوە، بەڵام ئەم یاسایانە لە پراکتیکدا وەک خۆیان جێبەجێ نەکراون**



**د.محەمەد شەریف**

سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامی لە کوردستان :

# لە کوردستان پلەبەندیی دادگاکان هەیە، تۆمەتبارێک لە دادگای سەرەتایی حوکم دەدرێت، بەڵام لە دادگای تێهەڵچوونەوە و تەمیز ئازاد دەکرێت، ئەمەش لووتکەی پێشکەوتنە لە دادوەریدا

**د. محەمەد شەریف کە ئێستا سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامییە لە کوردستان، لە هەمان کاتدا ئوستادی شەریعەت و یاسا بووە لە زانکۆی بەغدا و، بیرمەندێکی ناسراوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامی، خاوەنی چەندین کتێبی سەنگینە و کتێبەکانیشی جیا لەوەی بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردووەتەوە، بەشێکیان وەرگێڕدراون بۆ زمانە بیانییەکانی دیکە و، ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری هەیە لەسەر هەردوو ئاستی تەفسیر و ئیجتهاد لە ئایین و شەریعەتی ئیسلامدا و هەروەها لە تەفسیری یاساشدا، ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستان و، ماوەی دوو خولیش ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لەم گفتۆگۆیەشدا کە لەبری وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، لەبەر ئەوەی وەزیر نەیتوانی ئامادە بێت، بەم جۆرەش سەبارەت بە ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بۆچوونەکانی خستەڕوو:**

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم من بۆ ئەم گفتوگۆیە بانگهێشت نەکراوم و لە بری وەزیری داد کاك فرسەت ئەحمەد هاتووم، چونکە ئەو نەیتوانی ئامادە بێت و منی دەستنیشان کرد کە لە جێگەی ئەو ئامادە بم، بۆیە دەبێت بەرپرسیارێتی ئەویش هەڵبگرم.

پرسی سەروەریی یاسا بابەتێکی هێجگار گرنگە و بەشێکە لە فەلسەفەی یاسا، ئەو کاتەی لە زانکۆ وانەم دەگوتەوە پسپۆڕیی من بوو، بۆیە پێش ئەوەی باس لە یاسا بکەین، دەبێت باس لە مرۆڤ بکەین، چونکە کاتێك مرۆڤ هەبووە یاسا نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی گیاندارێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنییە، ئەوا مرۆڤ بەبێ کۆمەڵگە ناتوانێت بژی، لە ناو کۆمەڵگەش ئەم تاکانە پێکەوە کۆ دەبنەوە و هەر تاکێکیی ناو ئەو کۆمەڵگەیەش کۆمەڵێك غەریزەن و لە نێوان خۆیان بەشەڕ دێن، بۆیە بۆ ئەوەی سنوورێك لە نێوان خێر و شەڕ دابنرێت و کۆمەڵگە ڕێك بخرێتەوە،

ئەوا یاسا وەك بەریزانیش باسیان کرد، بووەتە پێویستییەك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە.

لێرەوە ئەگەر باسی سەروەریی یاسا بکەین، ئەوا دەبێت باسی سێ لایەنی سەرەکی بکەین، کە ئەویش (یاسا، کۆمەڵگە، دەسەڵات)ـە، ئەمەش واتە یاسامان پێویستە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی خۆمان ڕێك بخەین، بەڵام دەبێت ئەو یاسایە دەسەڵاتیشی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك پێوەی پابەند بێت، باشترین نموونەش لەسەر یاسا وەك پێداویستی، یاسای هاتوچۆیە، با بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەگەر یاسای هاتوچۆمان نەبوو، یان لەبەر هەر هۆیەك ئەو یاسایە کاری پێ نەکرا، ئەوا ئێمە هیچمان بەیانیان لە کاتی خۆیدا ناگەینە شوێنی کاری خۆمان، لەبەر ئەوەی غەریزەی مرۆڤ بەو جۆرەیە کەس ئارەزوومەندانە بواری ئەوی دیکە نادات، بۆیە ئەم یاسای هاتوچۆیە پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەی ئێمەیە و دەبێت هێزێکی ئەوتۆشی هەبێت کە هەموومان ناچار بین پێوەی پابەند بین و ڕێزی لێ بگرین، ئەگەر هاتوو پێوەی پابەند نەبووین، دەبێت ئەو دەسەڵاتە سزامان بدات و سزاکەشمان قبووڵ بێت.

لێرە ئێمە کە باسی لایەنە نەرێنییەکانی سەروەریی یاسا دەکەین، فاکتەرێکی زۆر گرنگ لە یاد دەکەین، کە ئەویش خودی مرۆڤە، هەر بۆیە گوتوویانە ئەگەر حکومەتێك ١٠٠٪ دادپەروەریش بێت، وەك سەردەمی خەلافەتی (ئەبووبەکری سەدیق و عومەری کوڕی خەتاب) خوا لێیان ڕازی بیت، پێشێلکردنی یاسا هەر دەبێت، هەر بۆیە عارەبەکان دەڵێن ئەگەر حکومەتێك ٥٠٪ دادپەروەریی جێبەجێ کرد، دەتوانین بڵێین لەو وڵاتە دادپەروەری هەیە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی ڕێژەی ٥٠٪ زیاتری دادپەروەرییان پێ مەحاڵ بووە؟ لەبەر ئەوەی سرووشتی مرۆڤ ئەو غەریزانەی خودی مرۆڤە کە بەرەو پێشێلکردنی دەبەن، ڕاستە مرۆڤایەتی بە یارمەتی دابونەریت و ئایین و شارستانییەتەکان خەباتی زۆری کردووە و شۆڕشی گەورەی بەرپا کردووە، بەڵام وەك لە شۆڕشە گەورەکانی وەك شۆڕشی فەرەنسا بینیمان بە ماوەیەکی کەم دوای ئەو شۆڕشانە دیسان گەڕاونەتەوە سەر غەرائیزەکانی خۆیان، بۆیە دەبێت پێش هەموو شت کار لەسەر خودی مرۆڤ بکەین، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕێز لە یاسا بگرێت و ڕێز لە مرۆڤبوونی خۆی بگرێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ واقیعی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لەو ڕاپرسییەی بۆ ئەم گفتوگۆیە کراوە، سەیری بکەین، کارەساتە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکدا ٩٠٪ زیاتر پێیان وابێت سەروەریی یاسا نییە، ئێمە دەتوانین لەو کۆمەڵگەیە بژین، بۆیە ئێوە ماندووبوون بەو ڕاپرسییەوە، شتێکیتان پیشان داین کە کێشە هەیە، بەڵام نەك وەك ئەوەی لە ڕاپرسییەکەدا هاتووە، بۆیە بە بۆچوونی من ئەو داتایانەی ناو ڕاپرسییەکە زانستی نین و مەزندەکراون، ئێمە لە زانستی لۆژیکدا داتای نازانستی ناکەینە بەڵگە، بەڵکو دەبێت داتاکە تەواو بێت، ئەوکاتە دەکرێتە بەڵگە، لەلایەکی دیکەوە من لەگەڵ ئەوە نیم، کاتێك ڕاپرسی دەکرێت، بچنە لای دەستەبژێر، یان ئەوانەی بڕوانامەیان هەیە، بەڵکو دەبێ بچنە لای هاووڵاتیان و ڕەش و ڕووت و چینەکانی خوارەوە، چونکە بۆچوونە ڕاستەکە لای ئەو خەڵکانەیە و ئەوان هەست دەکەن سەروەریی یاسا هەیە، یان نییە.

لەسەر ئەم پرسە بۆچوونی من بەو جۆرەیە کە ئەگەر لە یاساکانی وڵاتدا دوو سیفەت هەبوو، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو وڵاتە لەسەر سکەی خۆیەتی، ئەوانیش:

١- یاسا دەبێت بێلایەن بێت، نابێت یاسا پەیوەندی بە ئایین و نەتەوە و هۆز و ڕەگەزەوە هەبێت، یاسا وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ هەر تاکێك دەکات، هەر بۆیەش دەڵێن یاسا دادپەروەرە، لەبەر ئەوەیە بێ لایەنە.

٢- دەبێت تەنیا یاسا دەسەڵاتی مۆنۆپۆڵکردنی هێزی هەبێت و تەنیا یاسا دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزی هەبێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە هەڵسەنگاندن بۆ یاسا و پابەندبوون بە یاساوە دەکەین، ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ هەر سیستمێکی سیاسی دەکرێت و دەڵێن یاسا شکۆی نەما، ئەوا مرۆڤ و دەسەڵاتیش شکۆی دەڕوات، ئەمە

ئێمە لە زانستی لۆژیکدا داتای نازانستی ناکەینە بەڵگە، بەڵکو دەبێت داتاکە تەواو بێت، ئەوکاتە دەکرێتە بەڵگە

نابێت یاسا پەیوەندی بە ئایین و نەتەوە و هۆز و ڕەگەزەوە هەبێت، یاسا وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ هەر تاکێک دەکات

ئەگەر دەسەڵات خۆی یاسای پێشێل کرد، پێش هەمووان سزای خۆی وەردەگرێت، سزاکەش ئەوەیە شەرعییەتی نامێنێت، واتە شکۆی نامێنێت

بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ی دادگاکانی کوردستان بە ڕێکوپێکی کاری خۆیان دەکەن، ئەوەی تاوان بکات، بەند دەکرێت، ئەوەی سزاکەی تەواو بێت، بەر دەدرێت

لەبەر ئەوەیە دەسەڵات شەرعییەت لە یاساوە وەردەگرێت، بۆیە ئەگەر دەسەڵات خۆی یاسای پێشێل کرد، پێش هەمووان سزای خۆی وەردەگرێت، سزاکەش ئەوەیە شەرعییەتی نامێنێت، واتە شکۆی نامێنێت، ئێستاش لەسەر ئاستی جیهان دەبینین چەندین دەوڵەت هەیە بۆ نموونە (کۆریای باکوور) وەك دەوڵەتی ناپەسەند (دولة منبوذة) ناسراوە، بۆیە ئەگەر داتای ئەو ڕاپرسییە وەربگرین، دەبێت ئێمەش ڕای بگەیەنین کوردستان بە هەمان شێوەیە، بۆیە من قەناعەتم بەو داتایانە نییە، ڕاستە پێشێلکردنی یاسا هەیە، بەڵام لایەنی گەش و ئەرێنییش هەن کە ئاماژەیان پێ دەکەم، وەك:

١- بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ی دادگاکانی کوردستان بە ڕێکوپێکی کاری خۆیان دەکەن، ئەوەی تاوان بکات، بەند دەکرێت، ئەوەی سزاکەی تەواو بێت، بەر دەدرێت، ئیدی ڕۆژانە کاری خۆیان دەکەن.

٢- لە هەرێمی کوردستان پلەبەندیی دادگاکان هەیە، تۆمەتبارێك لە دادگای سەرەتایی حوکم دەدرێت، بەڵام لە دادگای تێهەڵچوونەوە و تەمیز ئازاد دەکرێت، کە ئەمە لووتکەی پێشکەوتنە لە داوەریدا و لە داوەریی کوردستاندا هەیە.

لایەنێکی دیکەی یاسا کە یاساناسانی ئێمە باسی ناکەن، ئەویش پرسیارێکی گەورەیە و ئێمە پێویستمان پێیەتی، ئەوەیە: ئایا یاسای خراپ یاسایە، یان یاسا نییە؟ بێگومان ئەمە کێشەیەکی گەورەی دروست کرد، دوای ڕووخانی نازییەکان لە ئەڵمانیا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا نازییەکان یاسایەکیان دەرکردبوو و بەپێی ئەو یاسایە هەر کەسێك لەکاتی شەڕدا ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێت (کە زیاتر ئەم یاسا لە دژی جووەکان دەرکرابوو)، ئەوا دوای شەڕ کە گەڕایەوە مافی میراتی نامێنێت، دوای تەواوبوونی شەڕ جوویەکی دەوڵەمەند گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا کە چووە دادگا بۆ میراتەکەی پێیان گوت تۆ ڕەگەزنامەت نەماوە و مافی میراتت فەوتاوە، لەسەر ئەم یاسایە قازییەکانی ئەڵمانیا دەستیان کرد بە گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەر تا گەیشتنە پرانسیپێك کە دەڵێت: «یاسا هەتا ئەگەر هەندێك پێشێلکاری بۆ مافەکانی مرۆڤیش هەبێت، دەبێت هەر جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر پێشلکردنەکە



گەیشتە ئەوەی سووکایەتی بە ویژدانی مرۆڤایەتی بکات، ئەوا دەبێت یاسا بکشێتەوە و دادپەروەری جێگەی بگرێتەوە».

ئەم حاڵەتە بۆ یاسای نێودەوڵەتیش هەر بەو جۆرەیە، ئێوە هەمووتان دەزانن بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەروەریی دەوڵەت هێڵی سوورە و هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتێکی دیکە بکات، بەڵام وەك بینیمان هەر لە ساڵی ١٩٩١ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هێرشی کردە سەر ڕژێمی سەدام حوسێن لەسەر ئەوەی ئەو ماددەیەی سەوەریی دەوڵەتی پێشێل کردووە و کوەیتی داگیر کردووە، هەر یەك مانگ دوای شەڕی یەکەمی کەنداو دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان، ئەم جارەیان ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە بڕیاری ٦٨٨ خۆی ئەو پرانسیپەی پێشێل کرد و ناوچەی ئارامی بۆ هەرێمی کوردستان دامەزراند، لێرە با بزانین بۆچی لە ماوەی یەك دوو مانگدا ئەمە ڕووی دا؟ بێگومان ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس بۆ گرتنەوەی شارەکان و ئاوارەبوونی زیاتر لە یەك ملیۆن هاووڵاتی کوردستان، وای کرد کە ویژدانی مرۆڤایەتی ئەو ڕەفتارانەیان قبووڵ نەکرد، بۆیە یاسا و پرانسیپەکەیان کێشایەوە و دەستتێوەردانیان کرد، پاشان هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم دەستتێوەردانە بۆ کۆسۆڤۆش ئەنجام درا.

لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکەمەوە ئەگەر ٥٠٪ دادپەروەری پەیدا کرا، دەتوانین بڵێین لەو وڵاتە دادپەروەری هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە غەریزەی مرۆڤ حەزی لە پێشێلکارییە، بەڵام وەك لە دەقێکی یاسای ژاپۆنیدا هاتووە و دەڵێت: ئەگەر دەقێکی یاسایی هاودژی لەگەڵ دادپەروەری دروست کرد، دەبێت دادپەروەری پێش بخرێت و یاساکە بکێشرێتەوە، هەروەها ئێمە لە ئیسلامدا فەرموودەیەکمان هەیە کە دەڵێت: (لا طاعة المخلوق بمعصية الخالق) ئەمەش واتە ملکەچی هیچ یاسا و فەرمانێکی بەندەکان نابیت، ئەگەر پێچەوانەی فەرمانی پەروەردگار بێت، ئەمەش سرووشی سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.







**د. ئیسماعیل نامیق**

**مامۆستای یاسا لە زانکۆی سلێمانی :**

# جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی ئینتقائییانە هۆکارێکی گرنگە بۆ لاوازبوونی متمانەی هاووڵاتیان بە یاسا

**د.ئیسماعیل نامیق پسپۆڕی یاسا و مامۆستای کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی سلێمانی و یەکێکە کاراکتەرە یاسایی و سیاسییە دیارەکانی کوردستان، پێشتر ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و ڕێکخەری ژووری یاسایی بزووتنەوەی گۆڕان بووە و، لەسەر هەموو پرسە یاسایی و دەستوورییەکانی عێراق و کوردستان هەڵوێست و قسەی جدیی خۆی هەیە، چەندین توێژینەوەی گرنگی لەسەر سیستمی یاسایی کوردستان کردووە و هەوڵی زۆری داوە کە لەسەر دەستووری کوردستانیش قسەی خۆی هەبێت، لە گفتوگۆی «ئالنگارییەکانی بەردەمی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» بەم ڕاشکاوییە بۆ چوونەکانی خۆی خستەڕوو:**

هەوڵ دەدەم لە ڕووە فەلسەفییەکەیەوە باس لە سەروەریی یاسا بکەم، دوای ئەوە دێمە سەر ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دەبنەوە، دیارە بۆ سەروەریی یاسا دوو ئاراستەی فەلسەفی هەیە، کە بریتین لە: ئاراستەی ئایینی و ئاراستەی عەلمانی.

سەبارەت بە ئاراستەی ئایینی (هەر ئایینێك)، ئەم ئاراستەیە کار لەسەر ناخی خەڵك دەکات و هەوڵ دەدات لە ناخەوە تاك پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی ئەم ناخە وا لێ بکات، گوێڕایەڵی یاساکانی خۆی بێت و لە کۆتایی و لە حاڵەتی ناچاریدا ئەگەر تاکەکە ئامادەباشیی تێدا نەبوو، یاساکە جێبەجێ بکات، پەنا دەباتە بەر سزا، واتە ئەم ئاراستەیە لەپێناو جێبەجێکردن و سەروەرکردنی یاسادا، سەرەتا پەنا بۆ ئیکراهی مەعنەوی دەبات، پاشان سزا و ئیکراهی ماددی و جەستەیی، بەڵام لە ئاراستەی عەلمانیدا هەوڵەکانی پێچەوانەی ئاراستەی ئایینییە و لە سەرەتاوە بە سزا دەست پێ دەکات، ئەمەش واتە یەکەم ئامراز کە پشتی پێ دەبەستێت، بەکارهێنانی سزایە، لەم ئاراستەیەشدا ڕاستە هەوڵێك هەیە بە ئاراستەی هۆشیاریی یاسایی بۆ ئەوەی خەڵکەکە تێبگەیەنن یاساکان چۆنن، بەڵام ئەم هەوڵە لە سەرەتاوە بە سزا دەست پێ دەکات.

کەواتە هەر کۆمەڵگەیەك کە بیەوێت باس

لە سەروەریی یاسا بکات، دەبێت لە سەرەتاوە خۆی یەکلایی بکاتەوە، کە ئایا ئاراستەی ئایینی، یان ئاراستەی عەلمانی پیادە دەکات. بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەیبینم ئەوەیە تا ئێستا باوەڕێکی یاسایی لە کوردستاندا بەو ئاراستەیە نییە کە خۆی یەکلایی کردبێتەوە کە ئایا دەیەوێت کام ئاراستە پیادە بکات.

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر جیاوازیی نێوان هەردوو ئاراستەی ئایینی و عەلەمانی بکەین، ئەوا ڕاشکاوانە هەست بەو جیاوازییانە دەکەین کە ئاراستەی عەلمانی بۆ سەروەریی یاسا کار لەسەر کاڵکردنەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و پەیوەندیی تاك بە هۆزەوە دەکات، بوونی ئەم پەیوەندییانە بە ئاستەنگی سەرەکی بەردەم سەروەریی یاسا دادەنێت.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئاراستەی ئایینی بۆ سەروەریی یاسا ڕێگە بەوە دەدات تاکەکان پەیوەندی خێزانی و هۆزگەراییان هەبێت، بەڵام بەردەوام دەبێت بانگخوازی ئایینی هەبێت بۆ ئاگادارکردنەوە و ئامۆژگاریکردنی تاکەکان، بەوەی جێبەجێکردنی یاسا لە ڕۆژی دواییدا پاداشتی هەیە و دەیانخاتە بەهەشت و، بە پێچەوانەشەوە دەخرێنە دۆزەخەوە. لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەدا و بەپێی ئەزموونی دەوڵەتانی جیهان، کێڕڤەکە وا دەبینین کە ئاراستەی عەلمانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

لێرەوە ئەگەر بێمە سەر ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی سەوەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان دەبنەوە، بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەم:

١. وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد باوەڕبوونێکی یاسایی (العقیدە القانونیە) لە کوردستان نییە و تا ئێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە کە دەیەوێت ئاراستەی ئایینی، یان ئاراستەی عەلمانی پیادە بکات، ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە و لە هەرێمی کوردستانیش هەیە، بنەمایەکی یاسایی ڕۆژهەڵاتی ڕەهایە، بۆ ئەمەش من لە ساڵی ٢٠٢٠ توێژینەوەیەکم نووسیوە بە ناونیشانی «باوەڕی یاسایی — العقیدە القانونیە) لەو توێژینەوەیەدا ئەوەم ڕوون کردووەتەوە، کە مەبەست لە باوەڕی یاسایی پابەندبوونە بە ئاراستەیەکەوە (ئایینی یان عەلمانی) بەڵام باوەڕی یاسایی عێراق و هەرێمی کوردستان تێکەڵە لە نێوان هەردووکیان، بۆ نموونە دەستووری عێراقی دەڵێت «نابێت هیچ یاسایەك دەربکرێت کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بێت»، لەهەمان کاتدا دەڵێت «نابێت هیچ یاسایەك دەربکرێت پێچەوانەی بنەماکانێ مافی مرۆڤ بێت»، کۆکردنەوەێ ئەم دووانە لە ئاستەمەوە نزیکە، ئەمەش وا دەکات کە بڵێین لە عێراق و کوردستاندا باوەڕێکێ یاسایی سەربەخۆ لەئارادا نییە.

٢. خەڵك لەبەر چەندین هۆکار متمانەی بە یاسا و سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا نییە، لەوانە:

ا- هەندێك کەس باوەڕیان وایە یاساکان خۆیان خراپن.

ب- پێیان وایە یاساکان بە خراپی جێبەجێ دەکرێن.

ج-جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی ئینتیقائیانەیە، ئەمەش واتە ئەو یاسایەی لە بەرژەوەندیی خۆیەتی جێبەجێی دەکات و ئەوی لە بەرژەوەندی خۆی نییە، جێبەجێی ناکات.

٣. هەموارکردنەوەی زۆربەی یاساکان بەگشتی و لە ڕێنماییەکاندا بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەمەش جۆرێك لە ناجێگیریی دروست کردووە، ڕێنمایی هێشتا جێبەجێ نەکراوە، دەبینین لە وەزارەتەوە ڕێنماییەکی دیکە دیسان دەرکراوە کە لەگەڵ ئەوەی پێش خۆی یەك ناگرێتەوە، ئەمەش وای لێ دێت، خەڵك زۆر باوەڕی بە یاساکە نەمێنێت.

٤. خاڵێکی دیکە کە وادەکات خەڵك متمانەی بە سەروەریی یاسا نەمێنێت، ئەوەیە کە زۆر جار جێبەجێکردنی یاسا بە کەسانێك سپێردراوە کە خۆی پێشینەیەکی نایاسایی هەیە و بە وەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) خوێندنی تەواو کردووە.

٥. ئالنگارییەکی دیکەی بەردەم سەروەریی یاسا تێکەڵکردنی یاسا و ئەخلاقە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆرجار لەگەڵ کەسێکی نزیکی خۆت یاسا بە جۆرێك جێبەجێ بکەیت، لەگەڵ خەڵکانیکی دیکە کە نایناسیت بە جۆرێکی دیکە، ئەم تیکەڵاوکردنە بێلایەنیی یاسا

**هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت باس لە سەروەریی یاسا بکات، دەبێت لە سەرەتاوە خۆی یەکلایی بکاتەوە، کە ئایا ئاراستەی ئایینی، یان ئاراستەی عەلمانی پیادە دەکات**

**ئاراستەی عەلمانی بۆ سەروەریی یاسا کار لەسەر کاڵکردنەوەی پەیوەندیی نێوان تاکەکان و پەیوەندیی تاک بە هۆزەوە دەکات، بوونی ئەم پەیوەندییانە بە ئاستەنگی سەرەکی بەردەم سەروەریی یاسا دادەنێت**

**دەستووری عێراقی دەڵێت «نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بێت»، لەهەمان کاتدا دەڵێت «نابێت هیچ یاسایەک دەربکرێت پێچەوانەی بنەماکانێ مافی مرۆڤ بێت»، کۆکردنەوەێ ئەم دووانە لە ئاستەمەوە نزیکە**





ناهێڵێت، کە یاساش بێلایەنیی خۆی لە دەست دا، سەروەریی یاسا نامێنێت، هەروەك پرۆفیسۆر هانس کلسن لە کتێبی تیۆری پەتی یاسا (Pure theory of Law) لە سەرەتای کتێبەکەوە تا کۆتایی کتێبەکە هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن کە ئەخلاق و یاسا لێك جیا بکاتەوە و بیسەلمێنت کە یاسا زانستێکی سەربەخۆیە و ئەخلاق و وێژدان لەگەڵ یاسا یەك ناگرنەوە.

٦. گرنگە خەڵك چاودێر بێت بەسەر جێبەجێکردنی یاساوە، یاسا بە تەنیا بە دەسەڵات سەروەر نابێت، بۆیە کە من دەچمە فەرمانگەیەك کاتێك دەبینم یاسا پێشێل دەکرێت، گرنگە بێدەنگ نەبم، بەڵام گرنگیشە دەسەڵات پشتیوانیی خاوەن ماف بکات و ڕێگە نەدات مافەکەی پێشێل بکرێت.

٧. ڕۆتیناتی زۆر مامەڵە لە یاساییەکان، هەر بۆ نموونە هاووڵاتییەك لە ناو بازاڕ لەسەر کڕینی کەلوپەلێك کە نرخەکەی ١٠٠ – ١٥٠ دۆلارە تووشی کێشە دەبێت، لەبەر ئەو ڕۆتینە زۆرەی کە هەیە، لەوانەیە پەنا بۆ یاسا نەبات، بۆیە ئێمە دەکرێت چارەسەری ئەم کێشەیەش بە دادگای جووڵاو «Mobile Court» بکەین، ئەم جۆرە دادگایە دەکرێت لە بازاڕەکاندا هەبن و ڕاستەوخۆ ئەو کێشە وردانە چارەسەر بکەن.

٨. سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەری لە سیستمی پەرلەمانیدا کە ئێمەش لە کوردستان هەمان سیستم پیادە دەکەین، لەم سیستمەدا دەبێت دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندی لەگەڵ دوو دەسەڵاتەکەی دیکە (یاسادانان و جێبەجێکردن) هەبێت، بەڵام ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان ونە و نییە، هەر بۆیە دەسەڵاتی دادوەری کە دەیەوێت کێشەیەك یەکلایی بکاتەوە، لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجیکردن یەکلایی دەکاتەوە، بۆیە گرنگە ئەم پەیوەندییەی نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان دروست بکرێت، لانیکەم با ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە لەلایەن پەرلەمانەوە دابنرێن، بەمە پەیوەندییەکی

**خاڵێکی دیکە کە وادەکات خەڵک متمانەی بە سەروەریی یاسا نەمێنێت، ئەوەیە کە زۆر جار جێبەجێکردنی یاسا بە کەسانێک سپێردراوە کە خۆی پێشینەیەکی نایاسایی هەیە و بە وەرگرتنی تایبەت (قبول خاص) خوێندنی تەواو کردووە**

هاوسەنگ لە نێوان هەردوولادا دروست دەبێت.

ئێمە کە باسی جێبەجێکردنی یاسا و سەروەریی یاسا دەکەین، تەنیا مەبەستمان ئەو یاسایانە نین کە لە دادگاکاندا جێبەجێ دەکرێن، نەخێر، مەبەستمان هەموو یاساکانی کوردستانە، هەر لە یاسای هاتوچۆوە هەتا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم. کەواتە هەموو یاساکان گرنگن و دەکرێت بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك چاودێر بێت بۆ ئەوەی بە باشی یاساکە جێبەجێ بکات و سەروەریی یاسا ڕەچاو بکات. لە زۆر شوێندا تەنیا یەك کەس دەتوانێت سەروەریی یاسا بپارێزێت، هەر بۆ نموونە پاسەوانێك لە بەردەمی نەخۆشخانەیەك دەتوانێت سەروەریی یاسا بپارێزیت و بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکات کە سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکەن.

هەروەها سەروەریی یاسا لە جێبەجێکردنی یاسایەکەوە بۆ یاسایەکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێك یاسا هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت جێبەجێ بکرێت و یاسا سەروەر بێت، پێویستی بە ڕێککەوتنی سیاسی هەیە، بۆ نموونە یاسای هەڵبژاردن، یان یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەوەی دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە ئەگەر لەم هەرێمەی ئێمەدا یاسا سەروەر نەبێت و دامەزراوەکانمان بەهێز نەبن و ناوەندی بڕیار و حزبە سەرەکییەکانی ناو حکومەت و پەرلەمان بڕوایان بە سەروەریی یاسا نەبێت، ئەوا دڵنیا بن، ئەوانەی چاویان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، زۆریان پێ خۆش دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە کاتێك بەهێز دەبین و دەتوانین بەرگری لەم هەرێمەی خۆمان بکەین کە بڕوامان بە سەروەریی یاسا هەبێت و دامەزراوەکانمان یاسا جێبەجێ بکەن، بەپێچەوانەوە نە دەتوانین هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرین، نە دەشتوانین هەرێمەکەمان بپارێزین».

**ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی یاسادانان ونە و نییە، هەر بۆیە دەسەڵاتی دادوەری کە دەیەوێت کێشەیەک یەکلایی بکاتەوە، لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی جێبەجیکردن یەکلایی دەکاتەوە**



د.محەمەد ڕێکانی

ئەکادیمیست و پسپۆڕ لە یاسا :

# دەبێت یاساکانمان پێداویستیی کۆمەڵگە بن و خەڵک ڕێزیان لێ بگرێت، ئەمە دەبێتە بناغە بۆ بوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمدا

د. محەمەد ڕێکانی ئەکادیمیست و پسپۆڕە لە یاسا و خاوەنی ئەزموونێکی گەورەیە لە دادگاکان، هەروەها لەگەڵ ئەوەی وەك ئەندامی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان لەم گفتوگۆیە بەشداری نەکرد و تەنیا وەك پسپۆڕێکی یاسایی بەشدار بوو، بەڵام ئەزموونێکی گرنگیشی لەم بوارەدا هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چاودێریکردنی سەروەریی یاساوە هەیە لە هەموو هەرێمی کوردستاندا و، لە بواری توێژینەوەی زانستییش سەبارەت بە چۆنێتیی پاراستنی سەروەریی یاسا لە کوردستان چەندین توێژینەوەی زانستی هەیە، لەم گفتوگۆیەشدا (ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە کوردستان) بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستە ڕوو:

من وەك پسپۆڕێك کە دکتۆرام لە یاسادا هەیە و هەروەها لە ساڵی ١٩٩٦یشەوە تێکەڵیم لەگەڵ دادگاکان هەیە، قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم و هەوڵ دەدەم هەردوو لایەنی پراکتیکی و تیۆری پێکەوە گرێ بدەمەوە.

پرسی سەروەریی یاسام دابەش کردووە بە سەر چوار تەوەرە، وەك :

شێوازی دارشتنی یاسا پێش جێبەجێکردنی، دەبێت بزانین شێوازی داڕشتنی یاساکە چۆنە، ئایا ئەم یاسایە شایەنی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێت، یان نا؟ دەبێت بزانرێت ئەو سەرچاوەیەی ئەم یاسایەی دەرکردووە، سەرچاوەیەکی شەرعییە، یان نا؟ دەبێت بزانرێت هەموو قۆناغەکانی یاسادانانی بڕیوە کە گەیشتبێتە ئەوەی ببێتە یاسایەکی گشتگیر و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر بۆیە ئەگەر سەرەتا و پێش ئەوەی یاساکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئەو خاڵانە ڕەچاو بکرێت، ئەوا زەمینە بۆ سەروەریی یاسا و جێبەجێکردنی یاساکە ئاسان دەبێت.

ئەوەی لە سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنەکان زۆر باس دەکرێت پرسی جێبەجێکردنی یاسایە، لە کاتێکدا مەبەستیان ڕێزگرتنە لە یاسا، چونکە تەنیا دادگاکان یاسا جێبەجێ دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە ڕێزگرتنە لە یاسا، نەك جێبەجێکردنی یاسا، لە هەر وڵاتێك یاسا زۆر جێبەجێ کرا، واتە لەو وڵاتە

پێشلکاریی یاسا زۆرە، کاتێك کەم یاسا جێبەجێ بکرێت لە دادگاکاندا، واتە ڕێزگرتن لە یاسا لە ئاستێکی بەرزدایە.

بایەخدان بە خوێندنی یاسا لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن و بوونی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی یاسایی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا.

بایەخدان بە بوونی نموونە و پێشەنگ لە بواری ڕێزگرتن لە یاسادا.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم چوار خاڵە، ئەوا دەبێت لە شێوازی داڕشتنی ئەم یاسایە و ئەو سەرچاوەیەی یاساکەی دەرکردووە دەست پێ بکەین، هەروەها دەبێت زۆر بە دیقەت یاساکە داڕێژدرابێت، لەبەر ئەوەی زۆر جاران سەیر دەکەیت، جۆرێك لە ڕێکی و هاوئاوازی لە نێوان ئەو یاسایانە لەگەڵ ئەو یاسایانەی پێشتر دەرچوون (تنسیق) نییە، ئەمەش واتە ئەگەر جۆرێك لە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی یاسادانان (وحدە التشریع) نەبوو، ئەوا حەتمەن ناتوانرێت ئەو یاسایە لە ئاستێکی بەرزدا جێبەجێ بکرێت، یان ڕێزی لێ بگیرێت.

شێوازی دەرکردنی ئەو یاسایەی لە پەرلەمان دەردەچێت، دەبێت بزانرێت، ئەو یاسایە بە چ میکانیزمیك تێپەڕێندراوە، ئایا خەڵکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بەشداریی لە داڕشتنیدا کردووە و لەگەڵ ناوەندی یاسادانان ڕاوێژیان کردووە و نموونەی وڵاتانی دیکەیان لەبەر چاو گرتووە؟ ئایا هۆکاری پێویست بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە چییە، پێداویستی کۆمەڵگەیە، یان لایەنێکی سیاسی داوای لێ کردوون؟ ئایا هیچ ڕاپرسییەك بۆ ئەوە کراوە تا چەند کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەو یاسایە هەیە و چ گرفتێکی کۆمەڵگەی ئێمە چارەسەر دەکات؟ ڕەچاوکردنی ئەم لایەنانە زۆر گرنگن بۆ پاراستنی سەروەریی یاسا لە وڵاتدا.

لایەنێکی دیکە کە دیسان دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە ڕێزگرتن لە یاسا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی سەروەریی یاسا، گرنگە ئێمە هۆشیاریی ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا بڵاو بکەینەوە و، هاووڵاتیان لەوە تێبگەیەنین کاتێك هاووڵاتییەك بە ئۆتۆمبێلەکەی لە ترافیکی سوور نادات، ئەمە مانای ئەوە نییە یاسای جێبەجێ کردووە، بەڵکو ڕێزی لە یاسا گرتووە، ئەو کەسەی کاتێك یاسای بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ڕێزی لە یاساکە نەگرتووە و پێشێلی کردووە، بەڵام ئەگەر ڕێزی لە یاساکە گرت ئەوا حەتمەن یاسای بەسەردا جێبەجێ ناکرێت و، ئەوکاتەش یاسا سەروەر دەبێت کە ڕێزی لێ دەگیرێت.

زۆر جاران سەیر دەکەین ئەو یاسایانەی دەردەچن، ڕەنگە دەستەبژێرێك (نخبە) یان لایەنێکی سیاسی داوای کردبێت بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت، یان لەوانەیە بە زۆرینەیەکی سادە لە پەرلەمان تێپەڕاندرابێت، بۆیە ئەم جۆرە یاسایانە کە دەخرێنە بواری جێبەجێکردن، ئەگەر کۆمەڵگە و هاووڵاتیان بە بیروباوەڕی ئایینی و کەلتوورییەوە قەناعەتی پێی نەبوو، ئەوا نە هاووڵاتیان ڕێزی لێ دەگرن و نە داواش دەکرێت لە دادگاکان جێبەجێ بکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو یاسایە هەڵقوڵاوی ناخی ئەو کۆمەڵگەیە نییە و ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی بەو یاسایە نییە. ئەوجا بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا هەبێت، ئەوا دەبێت یاساکانمان پێداویستیی کۆمەڵگە بن و خەڵك ڕێزیان لێ بگرێت، ئەمە دەبێتە بناغە بۆ بوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمدا.

خوێندنی هۆشیاریی یاسایی لە قۆناغەکانی خوێندن و بڵاوکردنەوەی لە ناو هاووڵاتیانیشدا کاریگەریی زۆری دەبێت، بێگومان هەموو یاسایەك دەبێت لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو بکرێتەوە، ئینجا دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەرگیز بڵاوکردنەوەی یاسا لەو ڕۆژنامەیە مانای ئەوە نییە کە هەموو خەڵك، یان زۆربەی خەڵك ئەو یاسایەی بە دەست گەیشتووە، بۆیە دەبێت بە شێوازی دیکە و زۆر بە فراوانی بگاتە دەستی خەڵك و میدیاکان بایەخی پێ بدەن. پێشان لە ساڵانی نەوەدەکانی ڕابردوو هەموو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەرنامەیەکی هۆشیاریی یاسایی هەبوو، بایەخ بە هۆشیاریی یاسایی دەدرا، بەڵام ئێستا ئەم بایەخدانە نەماوە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان تەنیا بایەخ بە کێشە و هەواڵی سیاسی دەدەن، سەبارەت بە گرنگیدانیش بە یاسا لە قۆناغەکانی خوێندن ئێستا یونسکۆ و یوئێن ئۆدیسی (UNESCO.

ئەوەی لە سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنەکان زۆر باس دەکرێت پرسی جێبەجێکردنی یاسایە، لە کاتێکدا مەبەستیان ڕێزگرتنە لە یاسا، چونکە تەنیا دادگاکان یاسا جێبەجێ دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە ڕێزگرتنە لە یاسا، نەک جێبەجێکردنی یاسا

لە هەر وڵاتێک یاسا زۆر جێبەجێ کرا، واتە لەو وڵاتە پێشلکاریی یاسا زۆرە، کاتێک کەم یاسا جێبەجێ بکرێت لە دادگاکاندا، واتە ڕێزگرتن لە یاسا لە ئاستێکی بەرزدایە





and UNODC) دەلیلێکی ئیرشادییان داناوە بۆ «سەروەریی یاسا» کە چۆن بتوانین لە ناو قوتابخانە و زانکۆکاندا یاساسەروەری بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندن و لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا بایەخ و گرنگی ڕێزگرتنی یاسا باس بکرێت و تێبگەین.

لەمەش گرنگتر بۆ بوونی نموونە و پێشەنگ (قدوە) بۆ پابەندبوون و ڕێزگرتن لە یاسا، ئەوا گرنگە بەرپرس و خاوەن دەسەڵات و کەسی یەکەم پابەند بن و ڕێز لە یاسا بگرن، ئەگەر نەیانتوانی ئەو نموونە پێشەنگییە پیشانی هاووڵاتیان بدەن، ئەوا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لای هاووڵاتیان دروست دەکات و ئەوانیش پابەند نابن و ڕێز لە یاساکان ناگرن.

لایەنێکی دیکە کە گرنگە ئاماژەی پێ بکەم، مەسەلەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە کە لەسەر سێ فاکتەری سەرەکی پێک دێت و بریتین لە:

١-سەربەخۆیی دامەزراوەیی

ئەمەش واتە ئەم دامەزراوەیە لە بوارەکانی (دارایی، کارگێڕی، دامەزراندن، پلەبەرزکردنەوە) بە تەواوەتی سەربەخۆیە و هیچ لایەنێک دەست لە کاروبارەکانی وەرنادات، خۆی سەرۆک و ئەندامەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و هیچ لایەنێک نابێت دەستوەردان بکات لە دانانی دادوەرێک، یان ئەندامێکی دەسەڵاتی دادوەری، چونکە هەر کاتێک دەستتێوەردانی حزبی بکەیت، پرانسیپی دەسەڵاتی دادوەری لە دەست دەچێت و، ئەو کەسەی لەلایەن حزبێکەوە دەکرێتە دادوەر، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لایەنە، تەنانەت ئەو کەسە لەو پۆستەدا ناتوانێت بڕیارێکی بوێرانە بدات، یان بە شێوەیەکی دەستپاکانە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

٢- سەربەخۆیی کەسی

ئەو کەسەی دەبێتە دادوەر، دەبێت بێلایەن بێت، دەست پاک بێت، بوێر و لێهاتوو بێت.

ئەم سیفەتانە گرنگن بۆ ئەوانەی دەبنە دادوەر، چونکە ئەگەر دادوەر بێلایەن بێت، ئەوا ئەو مامەڵە لەگەڵ یاسا دەکات، کە یاساکە خۆی بێلایەنە و لەم حاڵەتەشدا یاسا شکۆی خۆی لە دەست نادات، هەروەها دەبێت دەستپاک بێت و بەرتیل وەرنەگرێت، ئەگەر دەستپاکیش نەبوو،

**گرنگە بەرپرس و خاوەن دەسەڵات و کەسی یەکەم پابەند بن و ڕێز لە یاسا بگرن، ئەگەر نەیانتوانی ئەو نموونە پێشەنگییە پیشانی هاووڵاتیان بدەن، ئەوا ڕەنگدانەوەی نەرێنی لای هاووڵاتیان دروست دەکات**

**ئەو کەسەی لەلایەن حزبێکەوە دەکرێتە دادوەر، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو لایەنە، تەنانەت ئەو کەسە لەو پۆستەدا ناتوانێت بڕیارێکی بوێرانە بدات، یان بە شێوەیەکی دەستپاکانە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات**

یاساکە دیسان شکۆی خۆی لە دەست دەدات، هەروەها دەبێت بەتوانا و لێهاتوو بێت و خاوەنی ئەزموون بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەم سیفەتەی تێدا نەبوو و سەرۆکی دادگایەك بوو، ناتوانێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات، دادوەر دەبێت بوێر بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زۆر بڕیاری دادوەر هەیە، پێویستی بە بوێری هەیە و نابێت لەوە بترسێت ئەگەر بڕیارە دروستەکەی دا، تووشی کێشە دەبێتەوە.

**دەبێت بنەمایەکی ئاکاری بۆ ڕەفتاری دەسەڵاتی دادوەری هەبێت، بۆ ئەوەی بە یەک شێوە و بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەمووان بکات**

بوونی بنەمای ئاکاری (قواعد السلوك) دەسەڵاتی دادوەری

دەسەڵاتی دادوەری تەنیا پەیوەندیدار نییە بە حوکمدان و بڕیاردان، جاری وا هەیە تەنیا مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی داواکە دەکات، لەمەشدا لەوانەیە جیاوازی لە مەڵەکردنیان بکات، لەوانەیە لەگەڵ لایەکیان زۆر بە ڕێزەوە مامەڵە بکات، بەڵام لەگەڵ لایەنەکەی دیکە بەو شێوەیە نەبێت، بۆیە دەبێت بنەمایەکی ئاکاری بۆ ڕەفتاری دەسەڵاتی دادوەری هەبێت، بۆ ئەوەی بە یەك شێوە و بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ هەمووان بکات، هەروەها دەبێت هاووڵاتیان بە ئاسانی بگەنە دادگاکان و، بڕیاردان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە خێرایی بێت و دوا نەکەوێت.

لەو کتێبانەی کە دەرچوون و ئێمەش بەشداریمان تێدا کردوون، باسی واقیعی دەسەڵاتی دادوەری و یاسا و ئەو دامەزراوەکان دەکەن لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش ئەو دامەزراوانەی کە کار لەسەر گەندەڵی دەکەن، بۆ ئەم کتێبە ڕاپرسییەکیان لەگەڵ خەڵك کردووە، بەپێی ئەم ڕاپرسییە ڕێژەیەکی کەم (٤٪-٥٪) متمانەیەکی زۆریان بە دەسەڵاتی دادوەری هەیە، کە ئەمەش دیاردەیەکی دڵخۆشکەر نییە.

**دەبێت هاووڵاتیان بە ئاسانی بگەنە دادگاکان و، بڕیاردان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە خێرایی بێت و دوا نەکەوێت**

دوایین پرس کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، واتە حکومەت، بە ڕاستی بە پلەی یەکەم سەروەریی یاسا بۆ حکومەت دادەنرێت، بۆ لەچوارچێوەدان و ڕێگریکردن لە زێدەڕۆیی لەو دەسەڵاتە تەقدیرییەی کە هەیەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە بڕیار و پارە و پۆستی لەبەردەستە، بۆیە دەتوانێت زۆر بڕیار بدات.





## بەختیار حەیدەر

سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان:

# ڕێکخستنەوەی ناوخۆی خۆمان لە ڕووی یاساییەوە مەترسییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان دوور دەخاتەوە

بەختیار حەیدەر جیا لەوەی سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانە، یەکێکیشە لە پارێزەرە دێرینەکانی کوردستان و ئەزموونێکی گەورەی لەگەڵ یاسا و جێبەجێکردنی یاسا و دادگاکانی کوردستان هەیە، لە ئێستاشدا بە حوکمی کارەکەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان هەیە، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

ئەم گفتوگۆیە دەرفەتێکی زۆر زۆر باش بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم هەموو پسپۆڕ و دادوەر و ئەکادیمیستانە باس لە پرسێکی زۆر گرنگ بکەین، کە ئەویش «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا»یە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمان بە سەروەریی یاسا هەیە، هەروەها پێویستمان بە دامەزراوەی بەهێز و خۆڕێکخستنەوەی ناوخۆمان بە یاسا هەیە، ئەم باسە بە ڕاددەیەك گرنگە کە دەتوانم بە ڕاشکاوی جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بۆ ئێمە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دامەزراوەکان بە یاسا زۆر گرنگە، چونکە بوونی پاشاگەردانی و پێشێلکردنی یاسا و نەبوونی سەروەریی یاسا گەورەترین دوژمنە بۆ ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان و، ئەگەر لەم لایەنەدا سەرکەوتوو بین، ئەوا دوژمنەکانمان هەرچەند و هەر چۆنێك بن، ناتوانن زەفەرمان پێ ببەن، بۆیە دەبێت زۆر بە بایەخەوە کار بۆ ڕێزگرتن لە یاسا بکەین و ئەم ڕیزگرتنەش دەبێت لەسەر ئاستی تاك و کۆی دەسەڵات و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بێت و، دەبێت ناوەندی دروستکردنی بڕیار بڕوای بە سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە یاسا هەبێت.

زیگمۆند فرۆید گەورە فەیلەسوفی فەرەنسی دەڵێت: «فەلسەفە فێری کردم ئارەزوومەندانە پابەندی پرانسیپە یاساییەکان

بم و ڕێزیان لێ بگرم، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکانێکی دی بە سزا ناچار کراون پابەندی یاساکان بن». من وای دەبینم ئێمە زۆر پێویستمان بەو فەلسەفەیە هەیە بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانە فێری ڕێزگرتن لە یاسا ببین.

لە ڕووی یاساییەوە بمانەوێت، یان نەمانەوێت کۆمەڵێك هۆکار هەن کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەیە، ئێمە خۆمان کۆمەڵێك یاسامان هەیە کە خۆمان لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرمان کردوون، هەروەها چەند یاسا و بڕیارێك هەن لەسەر ئاستی فیدراڵی کە گشتین بۆ هەموو عێراق و ئێمەش دەبێت جێبەجێیان بکەین، ئەم یاسایانە زۆربەیان یاسای زۆر باشن، بەڵام کە دەیانخەینە بواری جێبەجێکردن تووشی کۆسپ دەبێت و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن، ئەمەش بەربەرستی هەرە سەرەکییە لە بەردەم جێبەجێکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە هەندێك یاسامان هەیە لەگەڵ یەکدی هاودژییان هەیە، کە دێین سەیری یاساکان دەکەین، دەبینین هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوی دیکە یەك ناگرێتەوە و دژی ئەوی دیکەیە، یان لە حاڵەتێکدا بەیەکداچوون (تدخل)ی لە یاساکەی دیکەدا کردووە. من نموونەیەك باس دەکەم، ئێمە دەزگایەکمان هەیە کە داواکاری گشتییە، کەچی دەزگایەکی دیکەمان دامەزراندووە کە دەزگای دەستپاکییە و هەردووکیان یەك کار دەکەن، هەر بۆیە من لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ئەم دەزگا تازەیەوە گوتم زۆر باشترە دەزگای داواکاری گشتی زیاتر ئەکتیڤ بکرێت و دەسەڵاتی زیاتری پێ بدەین، نەك دەزگایەکی تازە دابمەزرێنین کە هاودژی لە نێوانیان دروست ببێت، هەتا ئەگەر هاودژیش دروست نەبێت، نەتوانن هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن. هەر ئێستا لە کاری ڕۆژانەیاندا لەبەر ئەوەی یەك کار دەکەن، لەوانەیە جۆرێك لە ئیزدواجییەت لە کارەکانیاندا دروست ببێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیان بە سیستمی یاسایی لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن لەم پرسەوە هەر لە (دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان و حکومەت) کار لەسەر ئەوە بکەین چۆن لە ڕووی یاساییەوە خۆمان ڕێك بخەینەوە، بۆ ئەمەش چەندین هەوڵ دراوە و چەندین کۆبوونەوە لەسەر ئەم پرسە ئەنجام دراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە چاو بەو یاسایانەدا بخشێنینەوە کە ئەسڵەن ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

ئامادەبووان زۆر جوان باسیان لەوە کرد کە پێویستە یاسا، هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی خۆمان بێت و پێداویستیی کۆمەڵگە ئەو یاسایەی دروست کردبێت، ئەگەر یاسا ئەم سیفەتەی تێدا بوو، هاووڵاتیان و کۆمەڵگە و دەسەڵاتیش پێوەی پابەند دەبن و هەموولایەك ڕێزی دەگرن، بەڵام کە ئەو سیفەتەی تێدا نەبوو، دەبێتە کۆسپ و گرفت بۆ کارەکان دروست دەکات. ئێمە وەك سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەمێکە کار لەسەر ئەوە دەکەین کە هەموو لایەنەکان پێکەوە کار لەسەر ئەم پرسە بکەین، بۆیە ئەم گفتوگۆیەش بە دەرفەت دەزانم بۆ ئەوەی دەستپێشخەرییەك ڕابگەیێنم و، داوادەکەم کە کۆبوونەوەیەکی فراوانی (دەسەڵاتی دادوەری، حکومەت، پەرلەمان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یەك لەو ڕێکخراوانە (سەندیکای پارێزەرانی کوردستان) پێکەوە کۆببینەوە و خۆمان لە ڕووی یاساییەوە ڕێك بخەینەوە، ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە نەکرا، با ئەو لایەنانە کۆببنەوە کە زیاتر پەیوەندییان بە جێبەجێکردنی یاساوە هەیە، وەك (دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، داواکاری گشتی، سەندیکای پارێزەران)، ئەم چەند لایەنە با لانیکەم پێکەوە دابنیشین بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە دێنە بەردەم سەروەریی یاسا دەستنیشانیان بکەین، هەوڵ بدەین ئەو هەماهەنگییەی پێویستە لە نێوان دەزگا پەیوەندیدارەکان هەبێت، دروستی بکەین .

زۆر بابەتی یاسایی هەن بە ڕاستی دەمەوێت باسیان بکەم، پێشتر ئاماژەم بە هاودژیی نێوان یاساکان کرد، بەڵام پرسەکە

**پاشاگەردانی و پێشێلکردنی یاسا و نەبوونی سەروەریی یاسا گەورەترین دوژمنە بۆ ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان**

**دەبێت ناوەندی دروستکردنی بڕیار بڕوای بە سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە یاسا هەبێت**

**ئێمە دەزگایەکمان هەیە کە داواکاری گشتییە، کەچی دەزگایەکی دیکەمان دامەزراندووە کە دەزگای دەستپاکییە و هەردووکیان یەک کار دەکەن**

**باشترە دەزگای داواکاری گشتی زیاتر ئەکتیڤ بکرێت و دەسەڵاتی زیاتری پێ بدەین، نەک دەزگایەکی تازە دابمەزرێنین کە هاودژی لە نێوانیان دروست ببێت**



ئەوە نییە یاسا و ڕێنمایی هەیە، لەوانەیە لاتان سەیر بێت کە دەڵێم ڕێنمایی هەیە یاسای ڕاگرتووە، ئایا ئەمە لە یاسادا بە خەتی سوور لە قەڵەم نادرێت؟ چۆن دەبێت ڕێنمایی یاسا ڕابگرێت؟ لەسەر ئەمەش باس لە نموونەیەکی بەرچاو دەکەم، لەسەر بابەتێکی دیارکراو کە پەیوەستە بە پارێزەرانەوە و سێ یاسامان هەیە کە بریتین لە (یاسای ئەنجومەنی دادوەری، یاسای ئەنجومەنی شورا، یاسای پارێزەران)، سەبارەت بە خزمەتی پارێزەرایەتی، هەر سێ یاساکە دەڵێن خزمەتی پارێزەرایەتی خزمەتێکی فیعلین، بۆ نموونە ئەوەی دەبێتە ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی شورا دەبێت ٢٠ ساڵ خزمەتی پارێزەرایەتی هەبێت، ئەوەی دەبێتە جێگری ڕاوێژکار دەبێت خزمەتی ١٥ ساڵی هەبێت، تەنانەت چەندین پارێزەر وەك ڕاوێژکار و دادوەر دامەزران بە ٢٠ساڵ خزمەتی پارێزەری، ئێستا دەیانەوێت ئەو خزمەتە بخەنە سەر خزمەتی کاری فەرمانبەریی خۆیان، بەڵام بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی تەنیا ١٠ ساڵی بۆ حیساب دەکەن، ئەمەش تەنیا نموونەیەکی سادەیە لە بەیەکداچوون و هاودژی لە ناو یاساکانی هەرێمی کوردستاندا، پرسیار ئەوەیە ئەمە لە کوێی سیستمی یاسادایە کە ڕێنمایی یاسایەك ڕابگرێت؟



ئەم واقیعەی بارودۆخی یاسایی ئێمەی تێدایە لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بەوە هەیە، زۆر بە وردی و بابەتییانە گفتوگۆی جددی لەسەر بکەین، پێویستی بەوەیە بە بوێری هەموو هۆکار و فاکتەکانی دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی بە بەرچاوڕوونییەکی زۆرەوە بتوانین ئەو ئاستەنگانە لابەرین کە ئێستا لە جێبەجێکردنی یاساکان دێنە ڕێمان و کۆسپن لە بەردەم سەروەریی و ڕێزگرتنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، بە تێڕوانینی من وەك سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، ڕێکخستنەوەی ناوخۆی خۆمان لە ڕووی یاساییەوە مەترسییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان دوور دەخاتەوە و دەتوانین باشتر ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە و تەحەددییانە ببینەوە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، جارێکی دیکە دووبارەی دەکەمەوە هێندەی پاشاگەردانی و کەموکورتی یاسایی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دامەزراوەکان مەترسییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هێندە دوژمنەکانمان مەترسی نین، بۆیە گرنگە هەموو هەوڵەکان چڕ بکەینەوە بۆ چاوخشاندنەوە بە یاساکانماندا و بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکانمان بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەیەك بڕەخسێنین تا هەموومان پێکەوە لە تاکێکەوە تا گەورەترین دەسەڵات، ڕێز لە یاسا بگرین.





شڤان حەمدی

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# یاساکانمان گشتگیر نین، یاسا لە شوێنێکی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و لە شوێنێکی دیکە کاری پێ ناکرێت

**شڤان حەمدی، جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئەزموونێکی لەگەڵ دادگاکانی کوردستان هەیە، هەروەها وەك میدیاکار و ڕۆژنامەنووسێکیش بەردەوام هەوڵی داوە کە هۆشیارکردنەوەی یاسا لە کۆمەڵگە هەڵمەتێکی بەردەوام بێت و سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان پارێزراو بێت، لە گفتوگۆی ئەم جارە (ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

پرسی گەرم و کێشەی سەرەکی کە ئەمرۆ لە سەرانسەری جیهاندا باسی لێوە دەکرێت و گەنگەشەی زۆری لەسەر دەکرێت، پرسی «ڕێزگرتن لە یاسا و سەروەریی یاسایە»، چەمکی سەروەریی یاساش کۆمەڵێك بواری زانستیی گرنگ (یاسا، ئابووری، مێژوو، کۆمەڵناسی) پێکەوە گرێ دەداتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەروەریی یاسا پرسێکە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و، جێبەجێکردنی یاسا و ڕێزگرتنی تەنیا پرسێك نییە دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکانی وڵات بگرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەروەریی یاسا بووەتە ئەو پێوەرەی کە ئاستی پێشکەوتنی وڵاتانی پێ دیاری دەکرێت، ئەگەر لە وڵاتێکدا ئاستی ڕێزگرتن لە یاسا بەرز بوو و سەوەریی یاسا هەبوو، ئەوا دەڵێن ئەو وڵاتە وڵاتێکی پێشکەوتووە، بە پێچەوانەشەوە دەڵێن وڵاتێکی دواکەوتووە، یان وەك د.محەمەد شەریف ئاماژەی پێ کرد پێی دەڵێن (دەوڵەتێکی بێزار - دولة منبوذة).

ئەو پرانسیپانەی دەبنە بنەما بۆ سەروەریی یاسا، سێ بنەمان، بەڵام ئەم سێ بنەمایە لە هەرێمی کوردستان زۆر جار کێشەیان هەیە، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

١. یاسا دەبێت گشتگیر بێت

یاسا کاتێك دەردەچێت، بێگومان بۆ سەرتاسەری وڵات دەردەچێت و دەبێت سەرجەم هاووڵاتیان بە بێ جیاوازیی ڕەگەز و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسی ڕێز لەو یاسایە بگرن و

پێوەی پابەند بن، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان یاسا دەردەچێت لە پارێزگایەکی هەرێم جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لە پارێزگایەکی دیکە جێبەجێ ناکرێت، ئەمەش وای کردووە، بە باشی رێز لە یاساکە نەگیرێت و پێوەی پابەند نەبن، ئەمە ئالنگارییەکی زۆر گەورەیە لەبەردەم سەروەربوونی یاسا لە کوردستاندا.

٢. شکاندنی بێلایەنیی یاسا

جوانیی یاسا لەوەدایە کە بەرانبەر هەموو تاکێك بێلایەن بێت و بەسەر هەمووانـدا وەك یەك جێبەجێ بکرێت و جیاوازی نەکات لە نێوان تاکەکاندا، بەڵام بەداخەوە ئەم جوانییەی یاسا لە کوردستان شێوێندراوە و زۆر جار هەست بەوە کراوە کە یاسا لەگەڵ کەسێك بە شێوازێك جێبەجێ کراوە و لەگەڵ کەسێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە، هەر بۆیە کاتێك یاسا سیفەتی بێلایەنیی خۆی لەدەست دەدات، سەروەریی یاسا نامێنێت.

٣. ناسەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و ئابووری

جێبەجێکردنی یاسا پێویستی بە ژینگەیەکی سەقامگیرە لە رووی (سیاسی، ئابووری و ئاسایش)، لە هەر وڵاتێکدا ژینگەی سەقامگیر بوو بە ژینگەی ناسەقامگیر، جێبەجێکردنی یاسا قورس دەبێت و یاسا جێبەجێ ناکرێت، تەنانەت لە هەندێك وڵاتدا کە ئەم ژینگەیە دەگاتە ئاستێکی خراپ، دەوڵەت ناچار دەبێت یاسای باری نائاسایی رابگەیەنێت، بەداخەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر جار بە هۆی ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکان، گوشارەکانی بەغدا و بڕینی بەشە بودجەی کوردستان و دروستبوونی قەیرانی ئابووری و هەوڵە تیرۆریستییەکانەوە، جۆرێك لە ژینگەیەکی وایان دروست کردووە کە یاساکان وەك خۆیان جێبەجێ نەکرێن.

ئەگەر لە ناو ئەو کێشە و ئالنگارییانە لە بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرێکی دروست بگەڕێین و، هەموو پێکەوە هاوکار بین بۆ ئەوەی زەمینەیەکی دروستی ئەوتۆ بێتە ئاراوە، کە سەروەریی یاسا لەم هەرێمەی ئێمە بەرقەرار بێت، ئەوا دوو پێشنیار دەخەمە روو.

یەکەم: هۆشیاریی کۆمەڵگە بە یاسا

لە پەرلەمانی کوردستان یاسای زۆر باشمان دەرکردووە، بەڵام هاووڵاتیانی کوردستان وەك پێویست بە یاساکان ئاشنا نین و نازانن پێویستیی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ئەو یاسایە چییە تا رێزی بگرن. یاسا لە هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی دەنگی لەسەر درا و لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە، دەبێتە یاسایەکی بەرکار و کاری پێ دەکرێت، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە تا چەند هاووڵاتی رۆژنامەی وەقائیعی کوردستانی دەکەوێتە بەردەست هەتا یاساکە بخوێنێتەوە و لە برگە و ماددەکانی وەك خۆی تێبگات، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەسەڵاتی جێبەجێکارە لەم هەرێمە و پشکی شێری لە جێبەجێکردن و رێزگرتنی یاسا و سەروەریی یاسا بەردەکەوێت، میکانیزمێك دابنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە یاسا و، هەروەها گرنگە کە میدیا بەگشتی و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەتایبەت هاوکاریی هەوڵەکانی حکومەت بکەن، بۆ ئەوەی بەردەوام بایەخ بە هۆشیاریی یاسایی بدرێت و، بۆ ئەوەی ئاستی رێزگرتن لە یاسا لای هاووڵاتیان بگاتە ئەو ئاستەی کەمترین پێویستیمان بە جێبەجێکردنی یاسا هەبێت، بەمەش ئەو ژینگەیە دێتە ئاراوە کە یاسا لە هەرێمی کوردستان سەروەر بێت و هەموو هاووڵاتییەکیش شانازی بەوەوە دەکات لە وڵاتەکەیدا سەروەریی یاسا هەبێت.

دووەم: چاوخشاندنەوە بە یاساکاندا

وەك ئامادەبووانی بەڕێزیش ئاماژەیان پێ کرد، ئێمە لە کوردستان یاسای زۆر باشمان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێك یاساشمان هەیە کە زیادە و جێبەجێ ناکرێن، هەندێك یاساشمان پێویستیان بە دووبارە هەموارکردنەوە هەیە، بۆیە یاسا نابێت وەك شتێکی نەگۆڕ سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام بەپێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە رێك بخرێتەوە و هەموار بکرێتەوە، یان ئەگەر یاسایەك پێویست نەبێت و لە کۆمەڵگە جێبەجێ نەکرێت، ئەوا دەکرێت لە رێگەی پەرلەمانەوە رابگیرێت و یاسای دیکە دەربکرێت، کە بۆشایی لە ناو کۆمەڵگەدا پڕدەکاتەوە کە پێداویستیی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەیە.

**یاسا کاتێک دەردەچێت، بێگومان بۆ سەرتاسەری وڵات دەردەچێت و دەبێت سەرجەم هاووڵاتیان بە بێ جیاوازیی رەگەز و نەتەوە و بیربۆچوونی سیاسی رێز لەو یاسایە بگرن و پێوەی پابەند بن**

**لە پەرلەمانی کوردستان یاسای زۆر باشمان دەرکردووە، بەڵام هاووڵاتیانی کوردستان وەک پێویست بە یاساکان ئاشنا نین و نازانن پێویستیی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ ئەو یاسایە چییە تا رێزی بگرن**

**گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەسەڵاتی جێبەجێکارە لەم هەرێمە و پشکی شێری لە جێبەجێکردن و رێزگرتنی یاسا و سەروەریی یاسا بەردەکەوێت، میکانیزمێک دابنێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە یاسا**



## د.نەزاکەت حسێن

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ڕێزگرتن لە یاسا کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروست دەکات، نەک ناچار بین بە سزا یاسا جێبەجێ بکرێت

پ.د.نەزاکەت حسێن جیا لەوەی ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا مامۆستای زانکۆی سلێمانییە و سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردنە لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێکە لەو توێژەرە مەیدانییانەی کە کاری ورد و زانستی لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە و مافەکانی مرۆڤ بەگشتی و مافی ئافرەتان بەتایبەتی دەکات، لە گفتوگۆی «ئاڵنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» بەم جۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو:

لەگەڵ ئەوەی وەك پسپۆڕی و ئەکادیمی من پسپۆڕی یاسا نیم، بەڵام وەك ئەکادیمیستێکی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسێك کە ڕاستەوخۆ لە ناو کایەی میدیادا کار دەکەم، میدیاش وەك دەسەڵاتی چوارەم میکانیزمێکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان هەر سێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) و فاکتەرێکە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕێگرتن لە پێشێلکاریی یاسا، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێت بۆچوونەکانی خۆم بخەمە ڕوو.

مرۆڤ بە سرووشتی خۆی غەریزەیەکی هەیە، ئەو غەریزەیە وای لێ دەکات کە حەز بکات یاسا پێشێل بکات، یاساش لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە هاتووەتە بوون کە کۆت و بەندێك لەسەر ئەو غەریزەیەی مرۆڤ دروست بکات و ڕێگەی نەدات یاسا پێشێل بکات. هەر بۆ نموونە کاتێك پۆلیسێکی هاتوچۆ لەسەر پێشێلکردنی یەکێك لە یاساکانی هاتوچۆ مولەتی شۆفیریمان لێ وەردەگیرێت، بۆ ئەویە جارێکی دیکە ترافیك ڕێك بخاتەوە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین خۆمان لەو سزایە بدزینەوە و هەوڵ دەدەین بە ڕێگەی دیکە مۆڵەتەکەمان وەربگرینەوە، ئەمەش ئەو ئیشکالیەتەیە کە فەرزی دەکات لەسەر کۆمەڵگە کە پێش ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە یاساکان جێبەجێ بکات، باشترە کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هەڵمەتی هۆشیاریی یاسایی بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان تێبگەن بۆچی گرنگە ڕێز لە یاسا بگرن.

دیڤید کامیرۆن کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەست پێ کرد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانی

بەریتانیا، یەکەم دروشم کە بانگەشەی پێ کرد، ئەوە بوو گوتی: من کۆمەڵگەیەکی بەهێزم دەوێت، نەك کۆمەڵگەیەك کە هەموو شتێکی بە یاسا ڕێك خرابێت»، ئەمەش بەو مانایەی هۆشیاریی کۆمەڵگە بگاتە ئەو ئاستەی کە خۆیان ئارەزوومەندانە ڕێز لە یاساکان بگرن، نەك پۆلیس ناچار بێت بە سزا و هێز یاساکان جێبەجێ بکات، واتە ڕێزگرتن لە یاسا کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروست دەکات، نەك ناچار بین یاسا جێبەجێ بکرێت.

بۆیە بە بۆچوونی من بەربەست و ئالنگاریی سەرەکی لە بەردەم سەروەریی یاسا، بە پلەی یەکەم هۆشیاریی کۆمەڵگەیە بۆ ڕێزگرتن لە یاسا، بەڵام کە هاووڵاتی هۆشیاریی بەرانبەر یاسا نەبوو و نەیزانی پێداویستیی کۆمەڵگە بۆ ئەم یاسایە چییە و بۆچی ئەم یاسایە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە داڕێژراوە، ئەوا وەك هەندێك جار لە دادگاکانی خۆمان دەیبینین، هاووڵاتییەك ئەگەر حوکمی دادگا لە بەرژەوەندیی خۆی دەرنەچێت، دەڵێت: لەم وڵاتە یاساسەروەری نییە .

بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی لەسەر چەند ئاستێك دەستپێدەکات، پێش ئەوەی یاسا لە پەرلەمان دەربچێت، گرنگە لە میدیاوە هۆشیاریی لەسەر پێداویستیی ئەم یاسایە باس بکرێت و خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە، بە داخەوە لە وڵاتی ئێمەدا یاساکان دەردەچن و هاووڵاتی نازانێت هۆکاری دەرکردنی ئەم یاسایە بۆ واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە چییە، ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەوا هاووڵاتی نازانێت بۆچی دەبێت ڕێزی ئەم یاسایە بگرێت، بەمەش ئاستەنگ بۆ سەروەریی یاسا دروست دەبێت.

لایەنێکی دیکەی هۆشیاریی سیاسی بۆ کۆمەڵگە ئەوەیە کە هۆشیاری بە یاسا بکرێتە بەشێك لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، زۆر گرنگە قوتابییەکی سەرەتایی فێر بکرێت بۆچی دەبێت ڕێز لە یاساکانی ترافیك بگرێت؟ دەبێت فێر بکرێت ڕێزگرتن لە یاسای ترافیك بۆ سەلامەتیی خۆیەتی، نەك زەوتکردنی ئازادییەکانی، هەر بۆیە کاتێك لە قوتابیەکی سەرەتایی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەپرسیت بۆ ئەو کارە ناکەیت، یەکسەر دەڵێت ڕێگەپێدراو نییە بە یاسا، ئەم هۆشیارییە کارێکی زۆر گەورەمان بۆ ئاسان دەکات، ئەویش گۆڕینی جێبەجێکردنی یاسایە بە ڕێزگرتن لە یاسا.

ئاستەنگێگی دیکە لە بەردەم سەروەربوونی یاسا لە هەرێمی کوردستان، ئەوەیە کە ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نین، بۆیە وەك زۆر جار لە یاساکانی (ڕاگەیاندن، مافی ژنان) دەبینین یاساکانی عێراق لەگەڵ یاساکانی هەرێمی کوردستان هاودژی دروست دەکەن، هەر بۆ نموونە یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە لە یاسای باری کەسی لە دەوڵەتی عێراق.

لە هەندێك بواری ژیانی کۆمەڵگەدا ئێمە بۆشایی یاساییمان هەیە، کە ئەم بۆشاییە لە بوارێکدا هەبوو، کاریگەری لەسەر بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەش دەبێت، ئەگەر وەك نموونە ئاماژەی پێ بکەم، یاسای ژمارە ٣٥ بۆ ڕێکخستنی چاپەمەنییەکان، ئەم یاسایە یاسایەکی گشتگیر نییە بۆ ڕێکخستنی میدیا و ڕاگەیاندن و لەم یاسایەدا باسی ڕێکخستنی تەلەفزیۆن و ڕادیۆکان نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە چەندین یاسای دیکەمان دەرکردووە وەك یاساکانی (ڕێکخستنی سۆشیال میدیا، ڕێکلام، پێدانی زانیاری) ئەم یاسایانە هیچیان جێبەجێ نەکراون.

بەڕێز د. محەمەد ڕێکانی زۆر بە جددی هەڵوەستەی لە شێوازی داڕشتنی یاسا کرد، کە پێش ئەوەی لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت و ببێتە یاسایەکی بەرکار لە وڵاتدا، دەبێت یاسا هەڵقوڵاوی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بێت، بۆیە ئەگەر یاسا هەڵقوڵاوی پێداویستیی کۆمەڵگە بێت، ئەوا جیا لەوەی بۆشاییەکی گەورە لە ناو کۆمەڵگە پڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هاووڵاتی و دەسەڵاتیش ئارەزوومەندانە ڕێزی لێ دەگرن و پێوەی پابەند دەبن.

لە کۆتاییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە شێوازی ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکانیش ئاستەنگێکی دیکەن لە بەردەم سەروەریی یاسا لە کوردستاندا، ئەمەش ژینگەیەکی وای دروست کردووە کە هاووڵاتی بڵێت لەم وڵاتەدا سەروەریی یاسا نییە. دامودەزگا یاسایی و تەشریعیەکانیش وەك هەموو دامەزراوەکانی تریش بکەوێتە بەر ئیرهابی فیکری و ڕاگەیاندنی دژو چەواشەکار.

**یاساکانی عێراق لەگەڵ یاساکانی هەرێمی کوردستان هاودژی دروست دەکەن، هەر بۆ نموونە یاسای باری کەسی لە هەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە لە یاسای باری کەسی لە دەوڵەتی عێراق**

**ئەگەر یاسا هەڵقوڵاوی پێداویستیی کۆمەڵگە بێت، ئەوا جیا لەوەی بۆشاییەکی گەورە لە ناو کۆمەڵگە پڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا هاووڵاتی و دەسەڵاتیش ئارەزوومەندانە ڕێزی لێ دەگرن و پێوەی پابەند دەبن**

**شێوازی ململانێی ناتەندروستی حزبە سیاسییەکان ئاستەنگێکی دیکەن لە بەردەم سەروەریی یاسا لە کوردستاندا، ئەمەش ژینگەیەکی وای دروست کردووە کە هاووڵاتی بڵێت لەم وڵاتەدا سەروەریی یاسا نییە**

**د.جەلال ئەحمەد**

مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین:

# پاشقولگرتن لە یاساکان یەکێکە لە هەرە کاریگەرترین ئالنگارییەکانی بەردەم یاسا لەم وڵاتەدا



**د.جەلال ئەحمەد، جیا لەوەی ئەکادیمیستێکی کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین، لە هەمان کاتدا بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و، ئەندامی بازنەی گفتوگۆشە و، یەکێکە لەو ئەکادیمیستانەی کە بە شێوەی مەیدانی و بە پشتبەستن بە داتا و ئاماری دروست کار لەسەر کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە دەکات و، لۆژیکانە بە ڕیشەی کێشەکاندا دەچێتە خوارەوە و، پێشنیار و چارەسەری لۆژیکانە بۆ کێشەکان دیاری دەکات، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا (ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان) بەم جۆرە بۆچوونەکانی خستەڕوو:**

سەروەریی یاسا هەروەك لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، پرەنسیپێکی حوکمڕانییە بە جۆرێك هەموان (تاك بن، یان گرووپ، لە دامەزراوەکانی کەرتی گشتیدا بن، یا تایبەت، دەسەڵاتدار و سەرکردەی سیاسی و حکوومی بن، یان هاووڵاتی ئاسایی)، دەبێت وەك یەك ملکەچی یاساکان بن، کانت دەڵێ: مرۆڤ متمانەی بە ڕەمەك غەریزەکانی نییە، بۆیە پێویستی بە دانانی یاساکانە، کەواتە مرۆڤەکان لە هەر پلەوپایە و ڕۆڵ و پێگەیەکدا بن، دەبێت لە ڕێی یاساکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن، تا مەدەنییانە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن. بۆیە هیچ ئیشکالییەتێك لە ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیەدا نابینم و دەکرێ هەموو کۆمەڵگە و وڵاتان تەبەنی بکەن، بەڵام کاتێك قسە دێتە سەر هاوتاکردنی یاساکان لەگەڵ پێوەر و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، لەوێوە بەشێك لە کێشەکان سەرهەڵدەدەن و چارەسەرکردنیشیان ئاسان نابێت، لێرەدا دەمەوێ سەرنجتان بۆ کاریگەریی ڕەگەزەکانی کەلتوور و دابونەریتەکان بەسەر ڕاددەی سەروەریبوونی یاساوە ڕابکێشم، بەر لە هەموو شتێك ئێمە کۆوەبوون (تجمع)ێکی کۆمەڵایەتی وەهاین، کە ئەزموونێکی خۆکردی نووسینەوەی یاسای نووسراو و فەرمیی دوور و درێژمان نییە، ئەگەر هەشبووبێت هی حاکم و هێزێکی بێگانە و داگیرکەر بووە، کە بە حوکمی بێزاری و ڕەتکردنەوەی هێز و حوکمیان، ڕقبوونەوە لە یاسا بووەتە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژیی زاڵ بەسەر کەسایەتیمانەوە و لەوێشەوە تێکەڵ بە

كەلتوورمـان بـووە و نـەوە بـۆ نـەوە گواسـتوومانەتەوە. لـە لایەكی دیكـەوە هەموومـان دەزانیـن، كـە لـە عێراق و هەرێمی كوردستاندا شـەریعەتی ئیسـلامی سـەرچاوە و چاوگـی سـەرەكیی یاسـادانانە، نكۆڵییـش ناكـرێ لـەوەی بەشـی هـەرە زۆری ڕەگەزەكانـی كەلتووریـش باكگراوندێكی ئایینییـان هەیـە، یا ئاییـن بەشـی هـەرە زۆری كەلتـووری ئێمـەی تەنیـوە، ئـێ كەوایـە چۆن وا بـە ئاسـانی دەتوانیـن یاسـاكانمان هاوتـا بكەیـن و بیگونجێنیـن لەگـەڵ پێـوەرە نێودەوڵەتییەكانـی یاسـادانان؟ جـا ئەگـەر ئەمـە ئیشـكالییەتێك بێـت، دەشـێ پێچەوانەكەشـی هـەر ئیشـكالییەت بێـت، مەبەسـتم لـەم قسـەیە ئەوەیـە، كـە ئەگـەر لـە دانـان و پیادەكردنـی یاسـاكانیش ڕەچـاوی ڕەگەزەكانـی كەلتـوور و دابونەریتـەكان بكەیـن، چـۆن دەتوانیـن بـە یاسـا كێشـەی گەندەڵـی و واسـتە و توندوتیژیـی خێزانـی و دوورخسـتنەوەی دەسـتی خزمخزێنـە و هاوهـۆزی و ڕەچاوكردنـی بەرژەوەندییە شەخسییەكان لـە پێشكەشـكردنی خزمەتگـوزاری و ڕاییكردنـی كاروبارەكانـدا كـەم بكەینـەوە، كاتێك لـە كۆمەڵگەیەكدا باوەڕ و كۆویژدانێك زاڵـە بەسـەر ئاوەز و بیركردنـەوەی تاكەكانـدا، كـە ئەگـەر كەسـێك كەسـێكی كوشـت، ئیللا دەبـێ بكوژرێتـەوە، ئیدی كەسـوكاری كوژراوەكە چۆن قەناعەتیـان بـە حوكمـی دادگا و دادوەرێك دێت كـە بڕیاری گرتنـی هەتاهەتایـی، یـان لەسـێدارەدان بەسـەر تاوانبارێكـدا دەدات و بـە لەبەرچاوگرتنـی جاڕنامـەی مافەكانـی مـرۆڤ جێبەجـێ ناكرێـت، بـەو هۆیـەوەش حوكمـی لەسـێدارەدانەكە بـە لێبوردنێكـی گشـتی دەبێتـە هەتاهەتایـی، هەتاهەتاییەكـەش بـە لێبوردنێكی دیكـە دەگـۆڕێـت بـۆ چەنـد سـاڵێك بەندكـردن و ئـەو چەنـد سـاڵەش كـە تـەواو بـوو، تاوانبارەكـە دێتـە دەرەوە، قسـەیەكیش هەیـە دەڵـێ خوێـن نابـێ بـە ئـاو، بەتایبـەت لـە كۆمەڵگـە نەریتییەكانـدا كـە تـا ئێسـتاش تۆڵەسـەندنەوە بەهایـە و تۆڵەسـێنیش پاڵـەوان! ئـەو تاوانبارانـەی حوكمـە یاساییەكەشـیان تـەواو دەبـێ، ناتوانـن یـان ڕێگەیـان پـێ نـادرێ بێنـە دەرەوە تـا سـوڵحێكی عەشـایەری نەكـەن. دواجـار دوای ئـەو هەمـوو پرۆسـە و ڕێكارە ئەمنـی و یاساییانە، بڕیاری كۆتایـی لـە بـارەی كەیسـەكان هـەر لای حوكـم و یاسـا كۆمەڵایەتییەكانـە. لـە پرسـی توندوتیژیـی بەرانبـەر بـە ژنـان چەندیـن كـەس بەڵێننامـەی لێخۆشـبوون و پاراسـتنی گیانـی ئافرەتانیـان لـێ وەرگیـراوە، بـەڵام دواتـر دەسـتیان چووەتـە خوێنـی ئافرەتەكـە، لێرە دەمـەوێ قسـەیەكی فەیلەسـوفی یۆنانـی ئەفلاتونتـان بیربخەمـەوە، كـە گوتوویەتـی: «كەسـی بـاش پێویسـتی بـە یاسـاكان نییـە، تاوەكـو پێـی بڵێـن چۆن بەرپرسیارانە هەڵسوكەوت بكات، بەڵام كەسـی خراپ هەمیشـە ڕێگەیـەك دەدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی پاشـقول لـە یاسـاكان بگرێـت». پاشـقولگرتن لـە یاسـاكان یەكێكـە لـە هـەرە كاریگەرتریـن ئالنگارییەكانـی بـەردەم یاسـا لـەم وڵاتـەدا. كـەم نیـن ئەوانـەی تاوانـی زۆر گەورەیـان دەرهـەق بـە خەڵـك و هاووڵاتیـان ئەنجام دا، دادگاش بڕیـاری دەسـتگیركردنی بـۆ دەركـردوون، بـەڵام بـە حوكمـی دۆخێكـی سیاسـی و خۆدانـە پـاڵ ململانێـی حزبـی و دەسـتڕۆیشـتوویی و ڕۆڵ و پێگەیەكـی كۆمەڵایەتـی، تـۆز لەسـەر سـكاڵای سـكاڵاكارانیان كەوتـووە، دادگا و دادوەرەكانیـش لـە ترسـی پژمیـن و پیسـبوونی جلەكانیـان یـا فشـار و عاقیبەتـی بڕیارەكانیـان، ناتوانـن فوویـەك بـە تـۆزی سـەر سـكاڵاكاندا بكـەن. شـارل بودلێر دەڵێت: «ئەگەر یاسـاكان توانـای قسـەكردنیان هەبـا، سـكاڵایان لـە پارێـزەرەكان دەكـرد».

ئێمـە بەداخـەوە تووشـی ئیشـكالییەتێكی تریـش بوویـن، ئایـا لـە كەلتـووری ئێمـەدا كۆویـژدان و ڕایەكـی گشـتی نییـە كـە بتوانـێ كاربەدەسـتان ناچـار بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی یاسایی پێویست بـكات و مافـی مافخوراوان لـە تاوانباران بسـێننەوە؟ خۆسـێ سـاراماگۆ دەڵـێ: «ویژدانـەكان زیـاد لـەوەی لێیـان چاوەڕوان دەكرێت بێدەنگـن، هـەر بۆیـە یاسـاكان داهێنـراون»، كەواتـە ئێمـە بـۆ پڕكردنـەوەی ئـەو بۆشـایی ڕای گشـتی و كۆویژدانـە دەسـتمان داوەتـەوە نووسـینەوە و گەڵاڵەكردنـی یاسـاكان، كەچـی یاسـاكانیش لەبـەر بەشـێك لـەو ئالنگارییانـەی باسـم كـردن، نەیانتوانیـوە وەك پێویسـت سـەروەری بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بكـەن. ئێمـە وەك سـوزان لاڤۆلێت دەڵـێ پـەی بـە یاسـاكان نابەیـن، تـا ئـەو كاتـەی لەگـەڵ بەرژەوەندییەكانمـان تێكگیـر نەبـن، ئـەو كات ڕەنگـە هەوڵـی خـراپ بەكارهێنـان و قۆسـتنەوەی ئـەو لایەنانەیـان بدەیـن، كـە لـە بەرژەوەندیمانـدان، پشـت لـەو لایەنانەیـان بكەیـن كـە لـە بەرژەوەندیـی زۆرینـەدان، ئەگـەر نەتوانیـن و نەكەوینەخـۆ بـۆ بەرگرتـن لـەم بـارە، ئیـدی دەبـێ ددان بـەو قسـەیەی بـارۆخ سـپینۆزادا بنێیـن، كـە وتوویەتـی: «ئـەو یاسـایانەی دەمـەكان دەمكـوت دەكـەن و پێنووسـەكان دەشـكێنن، خۆیـان خۆیـان هەڵدەوەشـێننەوە».

ئەگەر لە دانان و پیادەكردنی یاساكانیش ڕەچاوی ڕەگەزەكانی كەلتوور و دابونەریتەكان بكەین، چۆن دەتوانین بە یاسا كێشەی گەندەڵی و واستە و توندوتیژیی خێزانی و دوورخستنەوەی دەستی خزمخزێنە و هاوهۆزی و ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە شەخسییەكان لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و ڕاییكردنی كاروبارەكاندا كەم بكەینەوە

كەم نین ئەوانەی تاوانی زۆر گەورەیان دەرهەق بە خەڵك و هاووڵاتیان ئەنجام دا، دادگاش بڕیاری دەستگیركردنی بۆ دەركردوون، بەڵام بە حوكمی دۆخێكی سیاسی و خۆدانە پاڵ ململانێی حزبی و دەستڕۆیشتوویی و ڕۆڵ و پێگەیەكی كۆمەڵایەتی، تۆز لەسەر سكاڵای سكاڵاكارانیان كەوتووە

ئایا لە كەلتووری ئێمەدا كۆویژدان و ڕایەكی گشتی نییە كە بتوانێ كاربەدەستان ناچار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بكات و مافی مافخوراوان لە تاوانباران بسێننەوە؟






**فەرهاد محەمەد**

ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:


# لە وڵاتێکدا حزبە سیاسییەکان ڕێز لە بڕیار و ئیرادەی گەلی خۆیان نەگرن، چۆن دەوڵەتی یاسا دادەمەزرێت و یاسا سەروەر دەبێت؟

فەرهاد محەمەد ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، کە بەردەوام ئەم گۆڤارە کاری لەسەر سیاسەتی حوکمڕانی و حوکمڕانیی باش و سەروەریی یاسا کردووە و، پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ دەستەبژێری ناوخۆ و دەرەوە هەیە و، بەداواداچوونی ورد لەسەر خواست و نارەزاییەکانی خەڵك دەکات، لەم گفتوگۆیەدا بەم جۆرە بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:

لەم گفتوگۆیەدا ئامادەبووان لە ڕووی یاساییەوە زۆر بە باشی لایەنەکانی سەروەریی یاسا و دادەورییان بۆ خستینە ڕوو، بەڵام من وای دەبینم، ئەم پرسە خوێندنەوەیەکی سیاسیشی پێویست بێت، لەبەر ئەوەی زەروورەتی یاسا بۆ کۆمەڵگە، ئەگەر لە لایەك وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە بێت، ئەوا لەلایەکی دیکەوە ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسیی کۆمەڵگەشە، یان بە شێوەیەکی دیکە واقیعی سیاسیی کۆمەڵگە کاریگەریی لە سەر سیستمی یاسایی دەوڵەت دروست دەکات، بۆیە لێرەوە من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو وەرچەرخانە سیاسییەی کە بە هۆی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە و، لە ناو ئەم واقیعە وەرچەرخاوەدا سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری کۆیەوە ڕایگەیاند: «دەبێت وەرچەرخان لە ئەقڵییەتی شۆڕشگێڕیی شاخەوە بۆ ئەقڵییەتی بەڕێوەبردن و سەروەریی یاسا ڕوو بدات»، ئەمەش بەوە دەکرێت دەسەڵات بگێڕدرێتەوە بۆ گەلی کوردستان و خۆی بڕیار بدات و دەبێت کوردستان بەرەو (دەوڵەتی یاسا) هەنگاو هەڵبگرێت. بەڵام دوای ٣٢ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەم پەیامەدا، ئەمڕۆ ئێمە لە هۆڵێکی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆ لەسەر «ئالنگارییەکانی بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان» دەکەین، سازدانی ئەم گفتوگۆیەش خۆی لەخۆیدا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، بۆچی نەمانتوانی لە ماوەی ٣٢ ساڵی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا دەوڵەتی

یاسا دابمەزرێنین، یان لانیکەم بنەمایەکی پتەو دروست بکەین بۆ ئەوەی بەرەو دەوڵەتی یاسا و سەروەریی یاسا هەنگاو هەڵبگرین؟

ئامادەبووان لەم گفتوگۆیەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیان دایەوە و جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئالنگاریی سەرەکی لە بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکان بە گشتی و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون.

ئەم وەڵامە لەگەڵ ئەوەی دەستنیشانکردنێکی لۆژیکانەیە، بەڵام میشێل فۆکۆ گوتەنی کنە و پشکنینی زیاتری دەوێت، بۆ ئەوەی فاکتەری سەرەکی بۆ دروستکردنی کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا لە هەرێمی کوردستان بدۆزینەوە، پاشانیش ئەو زنجیرەی دەمانباتەوە بۆ ئەو فاکتەرە سەرەکییە، زنجیرەی دیکەی لەگەڵ دروست بکەین، بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرە سەرەکییە خۆی ڕاستییەکان بخاتە ڕوو، کە ئەویش هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢ لە کوردستاندا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشوازیی خەڵکی کوردستان بە جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ١٩ی ئایاری ساڵی ١٩٩٢، ئەوا ڕاستییەکمان بۆ ئاشکرا دەکات کە لە مێژووی کەم نەتەوەدا هەیە، هەڵبژاردن کرابێت و ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە سەرووی ٩٠٪ بێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم ئاستە بەرز و بێ وێنەیەی بەشداریی هەڵبژاردن بۆ نەتەوەیەك کە پێشتر ئەزموونی هەڵبژاردن و دەوڵەتداری نەبووە چیمان پێ دەڵێت؟ بێگومان خواست و ئیرادەی بەرزی گەلی کوردستانمان پیشان دەدات کە چەند بەپەرۆشی خواستی ئەوە بووە قەوارەیەکی یاسایی و دەستووری هەبێت و، تێیدا یاسا سەروەر بێت و بە کەرامەت و خۆشگوزەرانی تێدا بژین.

بەڵام ئەم جۆش و خرۆشەی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ کردنەوەی سندووقی دەنگەکاندا چی بەسەر هات؟ بێگومان هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان نەك هەر ڕێزی ئیرادەی خەڵکی کوردستانیان نەگرت، بەڵکو مەرجی ئەوەیان دانا، ئەگەر ئەو بڕیارەی گەلی کوردستان بە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدان داویەتی وەك خۆی جێەجێ بکرێت، ئەوا لەبری دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە چەك ئیرادەی خەڵکی کوردستان ژێر پێ دەنێن و شەڕی شوومی ناوخۆ ڕادەگەیەنن، لەناو ئەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەدا بڕیار و ئیرادەی گەلی کوردستان وەلا نرا و لە بری ئەوە سیستمی سەقەتی (پەنجا بە پەنجا) دروست بوو کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە بووەتە مودێلێکی شکستخواردوو لە پرۆسەی حکومڕانیی کوردستاندا، ڕاشکاوانەتر ئێمە هەر لە سەرەتاوە لە ناو سیستمێکی حوکمرانیی دروستدا دەستمان نەکردووە بە دەوڵەتداری و پرۆسێسی یاسادانان و سەروەریی یاسا لە کوردستاندا .

هەر لەم گفتوگۆیەدا، ئاماژە بە نەبوونی دەستوور وەك یاسای باڵا لە کوردستان کرا، نەبوونی دەستووریش وەك فاکتەرێکی سەرەکی بە ئیشکالییەتی سەروەریی یاسا لە قەڵەم درا، بۆیە لێرەشدا هەقە ئەو پرسیارە بکەین: بۆچی دەستوورمان نییە؟ لە کاتێکدا ڕەشنووسی دەستووری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩وە تەواو بووە و ئامادە بووە بۆ ڕاپرسی؟ بەڵام دیسان حزبە سیاسییەکان گێڕایانەوە بۆ پەرلەمان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەتوانراوە دەستوورێکی تازە ئامادە بکرێتەوە.

بۆیە لێرەوە من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، ئیشکالییەتی نەبوونی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسە سیاسییەی ئەو سیستمە سەقەتەی پەنجا بە پەنجای بەرهەم هێناوە و ئەو پرۆسە سیاسییەی کە ڕێگەی نەدا دەستووری هەرێمی کوردستان بخرێتە دەنگدانەوە و ڕاپرسی لەسەر بکرێت، هەر بۆیە هەتا پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەم جۆرە بێت و، سیستمی سەقەتی پەنجا بە پەنجا کاری پێ بکرێت، نە دەتوانین هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا هەڵبگرین و نە یاساش لەم وڵاتە سەروەر و تاکە فەرمانڕەوا دەبێت.

**ئالنگاریی سەرەکی لە بەردەم سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکان بە گشتی و بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون**

**سیستمی سەقەتی (پەنجا بە پەنجا) دروست بوو کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە بووەتە مودێلێکی شکستخواردوو لە پرۆسەی حکومڕانیی کوردستاندا**

**هەتا پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەم جۆرە بێت و، سیستمی سەقەتی پەنجا بە پەنجا کاری پێ بکرێت، نە دەتوانین هەنگاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا هەڵبگرین و نە یاساش لەم وڵاتە سەروەر و تاکە فەرمانڕەوا دەبێت**



ئەندازیار زەردەشت عەبدولخالق سەرسام

بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ نۆژەنکردنەوەی ئیفراز ١ و ٢ و لێدانی ٤٠ بیر و چەندین پرۆژەی دیکە تەرخان کردووە

# چەندین بیری نوێی ئاو لە بری بیرە وشکبووەکان لێ دەدرێت

# دروستکردنی بەنداوی مەنداوە و پرۆژەی ئیفراز ٤ بە تەواوەتی کێشەی کەمئاوی چارەسەر دەکات

**لەگەڵ فراوانبوونی شاری هەولێر و زۆربوونی خواست لەسەر ئاوی پاکژ بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، گرفتی کەمئاوی سەرهەڵدەدات، دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و وشکبوون و کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاوەکەی و چەند پرسی دیکەی پەیوەندیدار لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا ئاراستەی ئەندازیار زەردەشت عەبدولخالق سەرسام بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر کران، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** مانگێک پێش ئێستا پارێزگاری هەولێر مەترسیی کەمئاوی لە شاری هەولێر ڕاگەیاند، ئێوە وەك لایەنی پەیوەندیداری سەرەکی کەموکوورییەکان چۆن دەستنیشان دەکەن و کێشەکان تا چەند چارەسەر کراون؟**

- بە هۆی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و گۆڕانکاریی کەش و هەوا، کەم ئاوی بووەتە گرفت و کێشەیەکی جیهانی، لە پارێزگای هەولێریش بارانبارین بەپێی پێویست نەبوو، چونکە ئەو ڕێژە بارانەی کە پێویستە ساڵانە بباریت دەبێت لە ٤٥٠ ملم زیاتر بێت، تاوەکو ئاستی ئاوی ژێر زەوی ڕابگیرێت. لەلایەکی دیکەوە ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە پارێزگای هەولێر زۆر دابەزیوە و شارەزایانی جیولۆجی ئاماژەیان بەم مەترسییە کردووە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە ناوچەکانی (مەلائۆمەر بۆ کەسنەزان و بنەسڵاوە و درێژ دەبێتەوە بۆ قەزای قوشتەپە)، تا دەگاتە سنووری گەڕەکەکانی فەرمانبەران و ڕۆشنبیری. کە دابەزینەکەی ئاو بە شێوەیەکە زۆر بیری ئاو وشکی کردووە، یان ئاستی ئاوەکەی زۆر دابەزیوە، ئەمەش لە مانگی حوزەیراندا هاوکات بوو لەگەڵ کارەکانی چاکسازیی کۆمپانیای دانەغاز و ١٨ ڕۆژی خایاند و نەتوانرا کارەبای بەردەوام بۆ بیرەکانی گەڕەکەکان دابین بکرێت، کە پشتیان بە ئاوی بیرەکان دەبەست و کاریگەریی زۆری دروست کرد، لە ئێستادا توانیومانە بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەر بکەین، کە لەگەڵ باشبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبا گرفتەکە کەمتر بووەتەوە، کارەکانیش لە هەندێك شوێن بۆ زیاتر قووڵکردنی هەندێك بیر دەستی پێ کردووە.

**لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەولێر پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لە ستانداردی جیهانی زیاترە، بەڵام بە هۆی سەرپێچی و بەفیڕۆدانی ئاوەوە بڕێکی زۆری ئاو بەفیڕۆ دەدرێت**

**پرۆسەی دانانی پێوەری ئاو لە ماڵان بەردەوامە و ئەو پێوەرە بەشێکی باشی بەفیڕۆدانی ئاو دەگێڕێتەوە**

**بە هیچ جۆرێک نرخی ئاوی بەکارهاتوو لەلایەن هاووڵاتیانەوە گران نەکراوە**

**بۆ کارئاسانیی هاووڵاتیان و بەدەنگەوەچوونی خێرا شەش ئۆفیسی ئاو و ئاوەڕۆمان لەناو هەر شەش شارەوانییەکانی سنووری سەنتەری شاری هەولێر داناوە و ٢٤ کاتژمێر لە ئامادەباشیدان**

**بۆریی بەکارهاتوو لە پرۆژەی ئیفراز ٣ لە جۆری فایبەرگلاسە و زۆر سەردەمییانە و گونجاوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی قەوزە و ژەنگ ناگرێت، بەڵام ناسکترە لە جۆرەکانی دیکە**

*** بەڵام ئایا ئەمە پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتر نییە لە ڕێگەی ئەو لێژنەیەی لە نێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکان دانراوە؟ ئەدی پێویست بەوە ناکات بۆڕیی نوێ بۆ گەڕەکەکان دابین بکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بەردەوام کاری سیانە و قووڵکردنی بیر و ڕاکێشانی بۆڕی نوێ و چاککردنەوەی ماتۆڕەکانی بیرەکان ئەنجام دەدەین، کە هاوکاتە لەگەڵ کارەکانی لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و قەیرانەکان کە ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتیی پارێزگاری هەولێر بەڕێوە دەبرێت و هەموو شارەوانییەکان و ژینگەپارێزی و ئەو فەرمانگەیانەی کە پەیوەندیدارن بەو قەیرانانەوە لەخۆ دەگرێت، لێژنەکە هەستاوە بە دەستنیشانکردنی کێشە و گرفتەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان و دیاریکردن و خەمڵاندنی ئەو بودجەیەی کە بۆ چارەسەری گرفتەکان پێویستن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم، سوپاسی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، کە لە ڕێگای پارێزگاری هەولێر بودجەیەکی باشی بۆ پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە دابین کرد، کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و کێشە و گرفتەکانی وەرزی هاوین بۆ شاری هەولێر پێویستە، لە ئێستادا بەشێکی زۆر و باشیان ڕەزامەندی و پەسندکردنیان بۆ گەڕاوەتەوە و لە قۆناغی تەمویلکردندایە و ئەم پرۆژانە لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئیفراز یەک کە ڕێژەی ٧٪ی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێر دابین دەکات.

دووەم: نۆژەنکردنەوەی پرۆژەی ئیفراز دوو کە ڕێژەی ٨٪ی ئاوی خواردنەوە هەولێر دابین دەکات.

سێیەم: لێدانی (٤٠) بیری ئاوی خواردنەوە تازە بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە بیرەکانیان وشکی کردووە.

چوارەم: دابینکردنی پێداویستیی بیرەکان هەر لە ماتۆڕ و غەتتاس.

بۆ هەموو کار و پرۆژەکان وەک بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بە سەرپەرشتیی جەنابی پارێزگار ئامادەباشی و بەرنامەمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلان و کارانە دەستنیشان کراوە و پارەیان بۆ تەرخان کراوە، لە بەشێکی زۆری کێشە و گرفتی کەم ئاوی لە شاری هەولێر ڕزگارمان دەبێت و ئەو مەترسییانەی هەبوو لە وشکە ساڵی و بێ ئاوی، ئێستا لە شاری هەولێر نەماوە و لە دۆخێکی باش و جێگیردایین، کە هەموو ئەو کارانە دەگەڕێتەوە بۆ بەهاناوەهاتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەوە لەو گەڕەك و شوێنانەی کە لەو ماوانەی تووشی گرفتی کەم ئاوی و بێ ئاوی ببوون، لە ڕێگای تانکەرەوە ئاوی خواردنەوەمان بۆ دابین کردوون.

*** نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر پرۆژەی ئیفراز سێ تەواو بووە، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ستراتیژی و گەورە بوو، تا ڕادەیەکی زۆر باش کێشەی کەمئاوی لە هەولێر چارەسەر کرد، بەڵام لە ئێستادا هەولێر چەند بەرانبەر ژمارەی دانیشتوان و خانوو و باڵەخانەی نیشتەجێبوونی زیادی کردووە و، بڕیار بوو لەگەڵ ئەو بەرفراوانییەی شاری هەولێر ڕێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی ئەو پرۆژەیە لە شەش هەزار مەتر سێجا بەرز بکرێتەوە بۆ دە هەزار مەتر سێجا، ئایا پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێ بەرفراوان کراوە و هیچ حەوزێکی گلدانەوەی ئاوی بۆ زیاد کراوە؟**

- پرۆژەی ئیفراز سێ بەرهەمهێنانەکەی بۆ زیاد کراوە کە لە ٦،٠٠٠ هەزار مەتر سێجا بووەتە ١٠،٠٠٠ هەزار مەتر سێجا، ئەمەش وای کرد بەشێکی بەرچاو و گەورەی ئاوی خواردنەوەی شاری هەولێر دابین بکات، بەڵام هیچ حەوزێکی گلدانەوەی ئاوی لەوەی کە هەیە کە دەکەوێتە پشت وەزارەتی پێشمەرگە بۆ زیاد نەکراوە، ئێمە داوامان کردووە بەنداوی مەنداوە دروست بکرێت، کە ئەمە زۆر سوودی دەبێت بۆ شاری هەولێر و سنوورەکەی کە سوودەکانیش خۆی لەمانەوە دەبینێتەوە:

یەکەم: ئەو بەنداوە پارێزگاری لە پرۆژەکانی ئیفراز یەك و دوو و سێ دەكات.

دووەم: ئاوێکی زۆر پاك و باش بۆ پرۆژەکانی ئاوی ئیفراز یەك و دوو و سێ دابین دەکات.

سێیەم: ئاوی ژێر زەوی جگە لەوەی لەو

ئاستەی هەیە، ڕادەگرێت، دەبێتە هۆکارێکیش بۆ زیادبوونی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە سنووری هەولێر.

چوارەم: ئەو بەنداوە جگە لەوەی کەش و هەوای سنوورەکە خۆش دەکات، هاوکات دەتوانرێت بۆ کاری کشتوکاڵی و گەشتیارییش سوودی باشی لێ وەربگیرێت.

*** بڕیار بوو بۆڕیی پڕۆژەی ئیفراز سێ بگۆڕن، سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش بۆ ئەو کارە گرنگە پتر لە (٢١) ملیار دیناری تەرخان کرد، ئایا ئەو کارو پڕۆژەیە بە چی گەیشتووە؟**

- بۆڕیی بەکارهاتوو لە پڕۆژەی ئیفراز ٣ لە جۆری فایبەرگلاسە و زۆر سەردەمییانە و گونجاوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی قەوزە و ژەنگ ناگرێت، بەڵام ناسکترە لە جۆرەکانی دیکە، هەر بۆیە جار جار بەتایبەت بەهۆی بەرکەوتن و پاڵەپەستۆی ناوەوە ئەو بۆڕییەی ئاوی ئیفراز ٣ دەشکێت، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری دا ئەو بۆڕییە بگۆڕێت و بڕی زیاتر لە (٢١) ملیار دیناری بۆ تەرخان کرد، ئەو درێژییەی کە دەبێت بگۆڕدرێت لە بۆڕییەکە (١١) کیلۆمەترە، کە لە وێستگەی مارعۆداوە تا دەگاتە ناوچەکانی دەواجن درێژ بووەتەوە، وەك قۆناغی یەکەم لە گۆڕینی بۆڕییەکە هەڵساوین بۆڕی جۆری کاربۆن ستیلمان بەکارهێنا کە لە دروستکراوی وڵاتی تورکیایە و بەرگەی زۆر بەهێز دەگرێت و (٢٧٥٠) مەتر تەواو کراوە و ئێستا لەخۆئامادەکردنداین بۆ دەستپێکردن بە گۆڕینی قۆناغی دووەمی بۆڕییەکەی ئیفراز٣.

*** ئایا بیر لەوە نەکراوەتەوە بەپێی بەرفراوانی و گەشەی شاری هەولێر پڕۆژەی ئیفراز٤ جێبەجێ بکرێت کە چەندین ساڵە باسی لێ دەکرێت و، بڕیار بوو کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی جێبەجێی بکات؟ ئایا ئەو پڕۆژەیە ماوە، یان هەر قسەیە؟**

- ئەو پڕۆژەیە ماوە و گرێبەست کراوە لەگەڵ کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی کە جێبەجێی بکات، چەندین کاری پێشوەختەیان ئەنجام داوە، بەڵام دواتر دەستیان هەڵگرتووە و ئاگاداری ئەو کۆمپانیایەمان کردووە کە پابەندی ئیلتیزاماتەکانی خۆیان بن و دەست بە کارەکانیان بکەنەوە، بە تەئکید بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی وا کە توانای ٢٥ هەزار مەتر سێجایە لە کاتژمێرێکدا کاریگەریی باشی لەسەر کەمبوونەوەی کێشەی بێ ئاوی لە شاری هەولێر دەبێت.

*** ئایا بۆ کارئاسانیی هاووڵاتیان چ هەنگاوێکتان ناوە؟ ئایا بەفیڕۆدانی ئاو هەروەك جارانە، یان ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە هەیە و نرخی ئاوی بەکارهاتوو لەلایەن هاووڵاتیانەوە گران کراوە؟**

- ئێمە بۆ کارئاسانیی هاووڵاتیان و بەدەنگەوەچوونی خێرا شەش ئۆفیسی ئاو و ئاوەڕۆمان لەناو هەر شەش شارەوانییەکانی سنووری سەنتەری شاری هەولێر داناوە و ٢٤ کاتژمێر لە ئامادەباشیدان بۆ بەدەنگەوەهاتنی کێشە و گرفتی هاووڵاتیان، بەڵام بە هیچ جۆرێك نرخی ئاوی بەکارهاتوو لەلایەن



هاووڵاتیانەوە گران نەکراوە، بەڵام هەندێ ڕێنماییمان بۆ هاووڵاتیان داناوە کە لەکاتی دروستکردنی خانوودا دەبێت ئیلتیزام بە دانانی پێوەر و تەوافەی ئاو لەسەر تانکییەکانیان بکەن، ئینجا ڕێگایان پێ دەدرێت. هەروەها پڕۆسەی دانانی پێوەری ئاو لە ماڵان بەردەوامە و ئەو پێوەرە بەشێکی باشی بەفیڕۆدانی ئاو دەگێڕێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هاووڵاتیان لەو بارەوە زیاتر هاوکارن، بەگشتی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەولێر پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لە ستانداردی جیهانی زیاترە، بەڵام بە هۆی سەرپێچی و بەفیڕۆدانی ئاوەوە بڕێکی زۆری ئاو بەفیڕۆ دەدرێت.

**پڕۆژەی ئیفراز سێ بەرهەمهێنانەکەی بۆ زیاد کراوە کە لە ٦،٠٠٠ هەزار مەتر سێجا بووەتە ١٠،٠٠٠ هەزار مەتر سێجا**

**کارەکانی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و قەیرانەکان ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتیی پارێزگاری هەولێر بەڕێوە دەبرێت**

سۆران سابیر:

# دوو ساڵە لە خانەی بێسەرپەرشتان بە خۆبەخش وانە بەو منداڵانە دەڵێمەوە کە نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە



**سۆران سابیر گەنجێکی چالاکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، بەڵام ئەوە نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم جۆش و خرۆشی بۆ خزمەتکردنی ئەوانەی پێویستییان بە هاوکاری هەیە، وەك خۆی باسی دەكات، بەهۆی نەخۆشییەوە لە تەمەنی ١٨ساڵی قاچەکانی لە دەست داوە، ئێستاش وەکو مامۆستایەکی خۆبەخش لە خانەی بێسەرپەرشتانی شاری هەولێر وانە بەو قوتابییانە دەڵێتەوە کە نەچوونەتە قوتابخانە.**

**سۆران سابیر دەرچووی کۆلیژی شەریعەی زانکۆی کۆیەیە، ئەندامی کۆمەڵەی ژینی تایبەت بە کەمئەندامانە و خاوەنی کۆمەڵێك بڕوانامە و ڕێزلێنانە. لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان دیوە شاراوەکەی ژیانی خۆی بۆ خوێنەران باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سۆران سابیر دانیشتووی گوندی (بنبێرس)ی سەر بە شاری هەولێرە، ساڵی ١٩٨٨ لەو گوندە لە دایکبووە، بەمجۆرەش باسی سەرەتای کەمئەندامبوونی دەکات و دەڵێت: «لە پۆلی ١٢ی ئامادەیی بە هۆی نەخۆشییەوە قاچەکانم وردە وردە توانای ڕۆیشتنیان نەما، لەو کاتە بە دواوە زۆر بە سەختی قۆناغەکانی خوێندنم بەڕێ کرد، بەڵام هاوڕێ و هاوپۆلەکانم زۆر هاوکارم بوون، لێرەوە سوپاسیان دەکەم. لە سەرەتای نەخۆشکەوتنم سەردانی چەند پزیشکم کرد، بەڵام لێرە چارەسەرم نەبوو، پزیشکەکان وتیان چارەسەرم لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکرێت. لە ساڵی ٢٠١٣ قۆناغی خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە دەرفەتی دامەزراندن سوودمەند نەبووم و ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە، لەو ماوەیەدا چەندین بڕوانامەی ڕێزلێنانم وەرگرتووە، کە لەسەر ئاستی کۆمەڵەی ژین ئەنجام دراون، هاوکات لە خولێکی پەیمانگەی هانا بەشدار بووم کە خولی کۆمپیوتەر بوو، پلەی یەکەمم بەدەست هێنا، سەرەتا بەڵێنی ئەوەیان پێدام کە ئەگەر پلەی یەکەم بە دەست بێنم ڕاستەوخۆ دامدەمەزرێنن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو قەیرانەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بە هۆی شەڕی داعش دامەزراندن ڕاوەستا، بە خۆشحاڵییەوە ماوەی دوو ساڵە لە خانەی بێسەرپەرشتانی کوڕان وەکو مامۆستایەکی خۆبەخش وانە بەو منداڵانە دەڵێمەوە کە بە یەکێك لە هۆکارەکان نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە، ژمارەیان ٩ قوتابییە، ئێستاش ماوەی چەند مانگێکە مانگانە ٢٠٠ دۆلارم بۆ خەرج دەکرێت، تەنانەت منداڵەکانی دیکەش کە دەچنە قوتابخانە، ئەگەر لە وانەکانیان هاوکارییان پێویست بێت، ئەوا بەپێی پێویست یارمەتییان دەدەم، لەگەڵ منداڵانی خانەی بێسەرپەرشتان وەکو یەك خێزان واین و منداڵەکانم زۆر خۆش دەوێت، ئەوانیش بە هەمان شێوە منیان خۆش دەوێت، لە پێناو دڵخۆشکردنیان لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان دیاریم پێشکەشی منداڵەکان کردووە. تەنانەت بەڕێوەبەری گشتی (مامۆستا یوسف چاوشین) وەکو مامۆستایەکی چالاك ڕێزی لێ نام و پێی گوتم، قوتابییەکانی من لەو قوتابییانەی کە لە قوتابخانە دەخوێنن زیرەکترن، بە خۆشحاڵییەوە بەڕێوەبەری گشتی بەڵێنی ئەوەی پێ داوم کە ئەگەر دامەزراندن دەست پێ بکاتەوە، من دابمەزرێنێت، هەروەها بەڕێوەبەری خانەی بێسەرپەرشتان کاك شێروان زۆر هاوکارمە و هەمیشە دەستخۆشیی کارەکەم لێ دەکات.

**له ساڵی ٢٠١٣ قۆناغی خوێندنی زانکۆم تەواو کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە دەرفەتی دامەزراندن سوودمەند نەبووم**

**له خولێکی پەیمانگەی هانا بەشدار بووم کە خولی کۆمپیوتەر بوو، پلەی یەکەمم بەدەست هێنا**

**بەڕێوەبەری گشتی بەڵێنی ئەوەی پێ داوم کە ئەگەر دامەزراندن دەست پێ بکاتەوە، من دابمەزرێنێت**

ئەگەرچی ماوەی ئەو دوو ساڵە بە سەختی لە دەرەوەی شارەوە هاتوچۆ دەکەم، بەڵام دڵخۆشم بەوەی کە توانیومە خزمەتی کۆمەڵێك منداڵی بێسەرپەرشت بکەم، زۆر ئاسوودەم لەگەڵ قوتابییەکانم، هەروەها ئەوانیش لەگەڵ من زۆر ئاسوودەن بەیانیان کە دێم بەرەوپیلم دێن و تەوقەم لەگەڵ دەکەن و ماچم دەکەن، چونکە من دڵیان ناشکێنم».

ئەو مامۆستا خاوەن پێداویستییە تایبەتە وەك خواست و داواکاریی خۆی تەنیا گوتی: «داواکاریم ئەوەیە کە جگە لەو کارەم کارێکی دیکەم هەبێت، تاوەکو لەو گۆشەگیری و بێکارییە بێمە دەرەوە، نامەوێ بێکار دابنیشم، حەز دەکەم هەر کارێك هەبێت، بیکەم لە قەدەر توانای خۆم بێت، چونکە لە ماڵەوە زۆر بێزارم و هەر ئیشێك هەبێت ئامادەم بیکەم».



# وێڕای هەوڵەکان، کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بەردەوامە




کوردانی دانیشتووی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی نەخوازراو بوونەتەوە، لە سەرووی هەموویانەوە، تەعریب و داگیرکردنی ماڵ و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەلایەن عەرەبی هاوردەوە و ئەو داگیرکارییەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە و ڕێکاری چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە.
هەرچەندە هەوڵ درا بەپێی ماددەی ١٤٠ و هەندێك بڕیار و ڕێنوینی، کێشەی لەمێژینەی زەوییە تەعریبکراوەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧وە کێشەکە ئاڵۆزتر بووە و، تاوەکو ئێستا ٣٥٦ هەزار دۆنم زەویی کورد لە کەرکووك بە بڕیاری دادگا بە عەرەبی هاوردە دراوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەپێی زانیارییەکان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هێزێکی سەربازیی عێراق جووتیارانی گوندی پەلکانەی سەر بە ناحیەی سەرگەران لە قەزای دووبز لە سنووری پارێزگای کەرکووک ئاگادار کردبووەوە، کە نابێت زەوییەکانیان بۆ کشتوکاڵکردن بەکار بهێنن. لە سنووری ناحیەی سەرگەران لە قەزای دووبزی سەر بە کەرکووك ١٢ گوندی کورد هەن، کە عەرەبی هاوردە هەوڵی داگیرکردنی زەوی و موڵکەکانیان دەدەن. بە گوێرەی قسەی کەرکووکییەکان لە ئاستی زۆر باڵا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس هەیە، بەڵام تا ئێستا بابەتەکە لە چوارچێوەی بەڵێندا ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراوە. لەم ڕوانگەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان باس لەو پرسە هەستیارە دەکەن.

چالاك هیوا سابیر بەرپرسی ناوچەی ٧ ی کەرکووك، لە دەستپێکی وتەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات: «کێشەی جووتیاران لە (تۆبزاوە و درکەبان) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو کاتە ڕژێمی بەعس دەستی گرت بە سەر ١٣٥ هەزار دۆنم لە زەویی جووتیاران بە بیانووی ئەوەی کە نزیکە لە پێکهاتەی سەربازی و بیرە نەوتەکان، ئەوە بوو بە بڕیاری ژمارە ٣٦٩ کە لە ١٩٧٥/٣/٣١ دەرچوو، دەستی بەسەر ئەو زەوییانەدا گرت و بە ناوی ئیدارە محەلی تۆماری کردن، تاوەکو ساڵانی کۆتایی هەشتاکان بەشێکی ئەو زەوییانە لەسەر وەزارەتی بەرگریی عێراق و بەشێکیشی بە ناوی وەزارەتی دارایی تۆمار کران، ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب لە ناوچەکە زیاد بکات، ئەو زەوییانەی کە بە ناوی وەزارەتی داراییەوە گڵی دابووەوە، بە گرێبەستی پێنج ساڵ دەیدا بە عەرەب، ئەوەش وای کرد، عەرەبێکی زۆر ڕوو لە کەرکووك بکەن، بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٣ جووتیارانی کورد چوونەوە سەر زەوی و زاری خۆیان، تاوەکو ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر جووتیارانی کورد لەو ناوچانە بێ کێشە بوون، دوای هاتنی حەشدی شەعبی و داگیرکردنی کەرکووك و بە سەربازیکردنی شارەکە، حکومەتی ئێستای کەرکووك داوای زەوییەکانی کورد دەکەنەوە و کێشە و گرفت بۆ کورد و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان دروست دەکەن.»

هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئێمەی کورد لە ناوچەکە لەگەڵ برایانی تورکمان بەرگری لە مافی جووتیاران دەکەین و داوامان لە پەرلەمانتارانی خۆمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردووە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی مەجلیس قیادەی سەورەی عێراقی بدەن، بەڕاستی جێگەی سەرنجە، حکومەتەکە ڕووخا، سەرۆکەکەی لەناو چووە، کەچی تاوەکو ئێستا لە عێراق کار بە یاساکانی حزبی بەعس دەکرێت».

ڕێبوار حەمەلاو شوانی چاودێری سیاسییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە دوای پیلانگێری و خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە، لە ژێر هێرش و پەلاماردانی شۆڤێنییەکان و میلیشیاکانی حەشدی فاشیزمدایە و بە هەموویان هەوڵی بە عەرەبکردن و ستەمکارییەکی دیکە و بە زۆر دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی کورد لەو ناوچانە و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان لەسەر زەویی باب وباپیرانیان دەدەن، ئەوەی کە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش هەمیشە لە خەمی کەرکووك و ناوچەکە کوردستانییەکان بووە و داکۆکیکار و پارێزەر و پشتیوان بووە و خۆی بە خاوەنی زانیوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك بارزانی بووە، هاتنە سەر هێڵ لە لایەن سەرۆك بارزانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا و جەختکردنەوەی لە سەر چارەسەری کێشەکان، بۆ ئەوە بووە ڕێگری لە ستەمکاری بەرانبەر ئەو خەڵکە بکرێت. لە ماوەی ڕابردوو و ئێستاشدا، پرسی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی کردووەتە بنەمای یەکەمین و سەرەکیی گفتوگۆکان، گرنگترین ئەو پایە بنەڕەتییانەی کە پارتی و سەرۆك بارزانی وەك هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی ماددەی ١٤٠ و بۆ چارەسەری ڕیشەیی ڕێگریکردن لە تالانکاری و دەستبەسەرداگرتنی موڵك و ماڵی خەڵکی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بووە،



چالاك هیوا سابیر:

**داوامان لە پەرلەمانتارانی خۆمان لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی مەجلیس قیادەی سەورەی عێراقی بدەن**



ڕێبوار حەمەلاو شوانی:

**خەڵکی ڕەسەنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان، هەمیشە چاویان لەوەیە کە سەرۆک بارزانی وەک هەمیشە فریادڕەسی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بێت**



مەریوان حەکیم جەباری:

**کۆدەنگیی کورد لەسەر ڕەتکردنەوەی تەعریبی نوێ زەروورەتێکی مێژوویی و هەڵوێستێکی کوردانەیە کە ئەرکی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**

کە بە هۆی کاڵفامیی یەکێتییەوە تووشی نەهامەتی و هەڕەشە و پەلاماردانی ناحەزانی کەرکووك و کەرکووکییە ڕەسەنەکان بوونەتەوە.
لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بە پێداگریی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە ماددەی ٥٨ دیاری کرا و دواتر لەنێو دەستووری عێراقدا ماددەی ١٤٠ جێگیر کرا، ئەویش ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان بوو، کە خەڵکی کوردستان دەنگیان بەو دەستووره داوە، ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەیبینین، ئەوەیە کە ئەوەی کار بۆ گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکات و بە کوردستانییان دەزانێت، تەنیا پارتییە، لە ڕابردووشدا چەندین ڕێککەوتن کراوە لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام پارتی ئامادە نەبووە جێبەجێی بکات، چونکە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی تێدا نەبووە و پارتی ئامادە نەبووە سازش لەسەر کوردستانییەتیی ئەو ناوچانە بکات، نەیارانی کوردیش باش دەزانن پارتی و بارزانی چەند ڕژدن بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچە کوردستانییانە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، بۆیە تەنیا دژایەتیی پارتی دەکەن، ئەوان باش دەزانن کە تاکە حزب لە خەمی ئەو ناوچانەدا بێت، پارتی و سەرۆك بارزانییە کە هەرگیز و لە هیچ قۆناغێکی مێژوویی خەباتدا، سازشیان لەسەر کەرکووك و بستێك خاکی کوردستان نەکردووە».
ڕێبوار حەمەلاو ئەوەشی دووپات کردەوە کە «بارزانی و پارتی لە ڕۆح و دڵی کەرکووکییەکاندا ڕەگ و ڕیشەیان داکوتاوە و دووانەیەکی لە یەکتر دانەبڕاون، ئێستاش خەڵکی ڕەسەنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان، هەمیشە چاویان لەوەیە کە سەرۆك بارزانی وەك هەمیشە فریادڕەسی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بێت، چونکە دڵنیان لە سازشنەکردن لەسەر مافیان و پاراستنیان لە هەموو ئەو ستەمکاری و داگیرکارییەی لە نێوان دانیشتووانی دەڤەرکە دەکرێت».
مەریوان حەکیم جەباری کارگێڕی ناوچەی شۆڕش لە کەرکووك، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات: «کێشەی جووتیارانی کوردی کەرکووك لە گوندی تۆپزاوا چاوەڕوانکراو بوو، چونکە عەرەبی هاوردە بە هاوکاریی پارێزگاری خۆسەپێنی کەرکووك و ڕێگەخۆشکەریی سوپای عێراق، هەرجارەو بە پیلان لە گوندێکی کوردنشینی کەرکووك کێشە بۆ جووتیارانی کورد دروست دەکەن، ئەویش لە ژێر ناوی جیا و بیانووی جیاواز تەعریبێکی نوێیە و بە عەرەبی هاوردەی دەکەن، ئەوان دەیانەوێت بەرگێکی عەرەبی بکەن بە بەری ئەو گوندانەی کە سەدان ساڵە کوردیان تێدا ژیاوە».
هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە بەردەوامی و هەر جارەو لە گوندێك هێرش دەکرێتە سەر جووتیارانی کورد، بەڵام جووتیاران لەو پەڕی مەردایەتیدا تاکو ئێستا خۆڕاگر بوون و جێگا و مەکانی باب و باپیرانیان چۆڵ نەکردووە، بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانتارانی کورد لە کەرکووك بێ جیاوازی ئەم کەیسە بەرنە ناو پەرلەمان و داکۆکی لەسەر بکرێت. بێگومان کۆدەنگیی کورد لەسەر ڕەتکردنەوەی تەعریبی نوێ زەروورەتێکی مێژوویی و هەڵوێستێکی کوردانەیە کە دەبێت ئەرکی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێت و دروشمەکانی کوردبوون بکەن بە کردار و ڕێگری بکەن لەو دەستدرێژییانەی بە ناوی عەرەبی هاوردەوە بۆ سەر خاك و ماڵی کوردان دەکرێت». گوتیشی: «ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگەی دانوستانەوە کۆتایی بەم زوڵمە بهێنێت کە بۆ سەر شکۆی کوردان دەکرێت، چونکە مەرامی داگیرکەران دەستبەسەرداگرتنی خاك و کەمبوونەوەی نفووسی کوردە لە پارێزگای کەرکووك، ئەمەش پێچەوانەی مادەی ١٤٠ـە کە بۆ حەلکردنی خاوەندارێتی کەرکووك لە دەستووردا چەسپیوە و، چەندین ساڵە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزنەوە، ئێستا بەم پیلانە پێشوەختە بۆ کەمکردنەوەی نفووسی کورد و داگیرکردنی خاکەکەی، بە پلان هەنگاو دەنێن، ئەگەر ئەم پلان و پیلانە شوومانە ڕێگریان لێ نەکرێت، لە ئایندەدا لە ئەگەری سەرژمێریی نوێی عێراق ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت و لەجێبەجێکردنی هەر ڕاپرسییەك بۆ کەرکووك کورد زەرەرمەندی یەکەم دەبێت».

**جێگەی سەرنجە، حکومەتەکە ڕووخا، سەرۆکەکەی لەناو چووە، کەچی تاوەکو ئێستا لە عێراق کار بە یاساکانی حزبی بەعس دەکرێت**

**ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەیبینین، ئەوەیە کە ئەوەی کار بۆ گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکات و بە کوردستانییان دەزانێت، تەنیار پارتییە**

**ئەگەر ئەم پلان و پیلانە شوومانە ڕێگری لێ نەکرێت، لە ئایندەدا لە ئەگەری سەرژمێریی نوێی عێراق ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت و لەجێبەجێکردنی هەر ڕاپرسییەک بۆ کەرکووک کورد زەرەرمەندی یەکەم دەبێت**



ماجدە مۆدن بۆ گوڵان:

# سۆشیال میدیا و سایتەکانی فیلم هۆکاری دوورکەوتنی جەماوەرن لە هۆڵەکانی شانۆ و سینەما

**ماجدە مۆدن یەکێکە لە ئەکتەرە تازەپێگەیشتووەکانی وڵاتی مەغریب کە سەرەتا بە کورتە فیلم دەستی پێکرد، دواتر لە شانۆدا توانی جێپەنجەی خۆی بکاتەوە و سوود لە پاشخانی هونەریی خانەوادەکەی وەربگرێت، کە تا رادەیەکی زۆر پشتگیرییان لێ کرد، لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بینەری رۆژهەڵاتی پێویستیی بە چییە؟**

- بینەری رۆژهەڵات پێویستی بە سینەما و فەلسەفەیەکی نوێ هەیە کە رەهەندی تەکنیکی لەخۆ بگرێت هاوشێوەی ئاستی ئەمریکی، ئەگەر سینەما لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەژی، ئەوا سینەمای رۆژهەڵات و عەرەبی و نێودەوڵەتی ئاستێکی سنووورداری داهێنەرانەی خۆی هەیە.

*** بۆچی سینەمای مەغریبی بە هەوڵدان بۆ وروووژاندن تۆمەتبار دەکرێت؟**

- هەموو سینەمای مەغریبی پشت بە ئیغراکردن و وروژاندن نابەستێت، سینەمای مەغریبی بەرهەمی هونەریی گەورەی هەیە و شایەنی داهێنەرە، وەك مەغریبییەك شانازی بەو بەرهەمە مەغریبیانە دەکەم کە بوونەتە بەرهەمی دیار و کاریگەر لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکان. ئەمە باشترین وەڵامە بۆ ئەوەی کە داهێنان هەیە و هونەریش هەیە، رەنگە بەرهەم هەبێت لە سینەمادا پشت بە ئیغراکردن ببەستێت، بەڵام ژمارەیان کەمە.

*** هەست بە بوونی ململانێ کردووە لە نێوان هونەرمەندان؟**

- ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەڵێك ململانێی سادە هەبن، بەڵام ناتوانین بڵێین ململانێیەکی نا تەندروست هەیە، چونکە پێم وا نییە لە نێو خانمە هونەرمەندانی مەغریبی جۆرە کێبڕکێیەك هەبێت تەنیا بۆ وەرگرتنی رۆڵ پشت بە رێگەی ناپاك ببەستێت.

*** ئایا ئەکتەران دەتوانن پێداویستییەکانی بینەر دابین بکەن؟**

- بێگومان هونەرمەند بەهیچ شێوەیەك نەیتوانی لە رێگەی کارە هونەرییەکانەوە گشت پێویستییەکانی بینەر دەربڕێت، بەڵام بینەر هەمیشە بە تینووی بینینی بەرهەمی هونەریی زیاترەوە دەمێنێتەوە، ئەمەش بە واتای پێشخستنی بەرهەمەکانیانە، هەروەها پەرەپێدانی ئەو تەکنیکانەی کە لە کارە هونەرییەکان بەکارهێنراون. بینەر هەمیشە چاوەڕێی کاری هونەریی نوێ دەکات و بە تامەزرۆییەوە شوێنیان دەکەوێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەڵك هونەریان خۆشدەوێت و زۆر شوێن هونەر دەکەوێت.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت ئاوێنەی خەمەکانی بینەر بێت؟**

- هونەرمەند دەتوانێت هەمیشە بە ئەخلاق و مامەڵەی جوان ئاوێنەی جەماوەر بێت، هەرچی میدیاکان بە شێوەیەکی رەسەن باسی دەکەن، وا دەکات لە چاوی بینەردا نزیك بێت لە پێشەنگ، بە تایبەت ئەگەر ئەو رۆڵەی دەگێڕێت داهێنانێکی تێدا هەبێت.

*** هیچ ئاستەنگێك هاتووەتە سەر رێگەی کارە هونەرییەکانت؟**

- بۆ من ئەو ئاستەنگانەن کە دەبێت هەموو هونەرمەندێك لێی بپەڕێتەوە، و شتێکن کە هونەرمەند بە شێوەیەکی رۆتینی دەیبڕێت، پێموانییە کە من بە ئاستەنگ ناویان ببەم، هەروەها ئەو ئاستەنگانەن کە هەر هونەرمەندێك بتوانێت پێیدا تێپەڕێت و وەك هی خۆی وەربگرێت ئەزموونی لە بواری هونەریدا بەجۆرێك کە وەستای بوارەکە بێت و هەمەلایەنە بێت لە مامەڵەکانیدا وەك هونەرمەندێك.

*** مەغریب لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی بواری هونەرییە، رێزگرتنی جەماوەر لە هونەر وەکو پێویستە؟**

- بێگومان مەغریب لە بواری هونەریدا پێشکەوتووە، بینەریش چێژ لە هونەر و هونەرمەندان وەردەگرێت لە ئاستێکی نایاب و لە ئاستی پێویستدا، پێموایە جەماوەری مەغریب هونەر و هونەرمەندانی خۆشدەوێت، باشترین بەڵگەش ستایشیان بۆ کارە هونەرییەکانە، لێرەوە سوپاسی دڵسۆزانەی ئاراستەی جەماوەرەکەم دەکەم. دەمەوێت پەیامێکی خۆشەویستی بۆ هەموو ئەو کەسانە بنێرم کە بە دوای بەرهەمە مەغریبییەکانەوەن، چونکە تا بینەر زیاتر بێت داهێنان لە هونەردا زیاتر دەبێت، هەروەها هونەرمەندانی ژن و پیاو ئاستی پیشەیی خۆیان لە بواری هونەردا دەزانن، لە رێگەی ئەکادیمییەوە، تا قۆناغەکان ببڕێت بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەندێکە پیشەگەر.

*** لە زۆر وڵاتدا گلەیی لە کەمبوونەوەی جەماوەری شانۆ و سینەما دەکرێت، پێتوایە هۆکارەکەی چییە؟**

- بینەر لە سینەما و شانۆ نەکشاوەتەوە، بەڵام لە سۆشیال میدیا و سایتەکان فیلم و شانۆگەرییەکان دادەنرێت، بۆیە پێیانوایە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی بچنە شانۆ، لە کۆتاییدا دەمەوێت بە جەماوەر بڵێم کە خۆشم دەوێن و هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ گەیاندنی کاری هونەریی نوێ و ئەو رۆڵانەی کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگاکانمان بەگشتی دەگونجێت.

# کلۆنی لە ترسی هاوسەرەکەی کێشی خۆی دابەزاند



دوای ئەوەی چەند هەفتەیەك لەمەوبەر جۆرج کلۆنی بە یاوەریی هاوسەرەکەی (ئەمەل عەلەمەدین) لە مەراسیمی خەڵاتی شازادە تراست لە لەندەن بەشداریی کرد، رۆژنامەنووسان و چاودێران تێبینی ئەوەیان کرد کە بەشێوەیەکی بەرچاو کێشی دابەزیوە.

ڕۆژنامەی مارکا ئاشکرای کردووە، ڕەنگە دابەزینی کێشی جۆرج کلۆنی تەمەن ٦٢ ساڵ بەهۆی خووی توندی خواردنی ئەمەل کلۆنی هاوسەری بێت، چونکو بەناوبانگە بە پەیڕەوکردنی ڕێجیمێك کە چێشتی زۆری تێدا نییە، بۆ نموونە بۆ نانی بەیانی هێلکەی کوڵاو، بۆ ژەمی نیوەڕۆ شۆربا و زەڵاتەی نۆك دەخوات.

سەرچاوەیەکی نزیك لە جۆرج کلۆنی دەڵێت: «هاوڕێکانی نیگەرانن لەوەی کە ئەو بە باشی ئاگاداری خۆی نییە، هەروەها هەست بە فشارێکی زۆر دەکات بۆ ئەوەی کێشی خۆی بپارێزێت و لەگەڵ ئەمەلدا بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی زۆر پێکەوە دەردەکەون و جەستەی ماسوولکەی تێدا نییە.»

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد جۆرج کلۆنی و ئەمەل عەلەمەدین ڕێجیمێك پەیڕەو دەکەن بۆ پاراستنی کێشی جەستە، بەو پێیەی ئەمەل کلۆنی سیستمێکی توند پەیڕەو دەکات، جۆرج کلۆنیش ئاواتەخوازە ناسك بێت و هەمان ڕێباز پەیڕەو بکات.

ساڵی ڕابردوو ئەمەل کلۆنی دەستی کرد بە گۆڕانکاریی توند لە هەوڵێکدا بۆ گەنجکردنەوەی ژیانی هاوسەرگیریان، بە گرنگیدانێکی زیاتر بە تەندروستی و وەرزشکردن لەگەڵ ڕاهێنەرێکی کەسی، پێدەچوو جۆرج کلۆنی شوێنپێی ئەو بکەوێت، بەڵام ئەو زۆر ناسك بووەوە.

ئەمە یەکەمجار نییە جۆرج کلۆنی مشتومڕ لەسەر دابەزاندنی کێشی دروست بکات، لە ساڵی ٢٠٢٠ لە کاتی ئامادەکردنی فیلمەکەی (The Midnight Sky) تووشی هەوکردنی پەنکریاس بوو، و ناچار بوو پێش وێنەگرتنی فیلمەکە لە نەخۆشخانە چارەسەری بۆ بکرێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی خێرای کێشی لەشی، و پەیڕەوکردنی ڕێجیمێکی زۆر توند، جۆرج کلۆنی سەبارەت بە نەخۆشییەکەی گوتی: «پێموایە من بەڕاستی هەوڵم دەدا بە خێرایی کێشم دابەزێنم و، ڕەنگە من ئاگاداری ئەوە نەبووم خۆم زیانم پێدەگات».

جۆرج کلۆنی لە ساڵی ٢٠١٣ پارێزەر ئەمەل عەلەمەدینی ناسی، لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ هاوسەرگیریان کرد، هەروەها لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٧ پێشوازییان لە دوانە ئەلێکساندەر و ئیلا کرد.

# مێگان فۆكس منداڵەكانی ناچار دەكات خۆیان بگۆڕن

ڕۆبی ستاربەك ئەندامی پێشووی كۆنگرێسی ئەمریكا مشتومڕێكی زۆری دروست كرد دوای ئەوەی وێنەی سێ منداڵی هونەرمەندی هۆلیۆد مێگان فۆكسی بە جلی كچانەوە بڵاوكردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا كە ناچاریان دەكات ببنە مێینە.

ڕوبی ستاربەك ئاماژەی بەوەش كردووە بە جلوبەرگی كچان و كراسەوە هەرسێ منداڵەكەی فۆكسی كە لە ئۆستین گرین هاوسەری پێشووین، ئەوانیش نوحی تەمەن ١٠ ساڵ و بۆدی تەمەن ٩ ساڵ و جۆرنی تەمەن ٦ ساڵان بە جلوبەرگی كچانە و قژی درێژی بینیوە لە ناو ئۆتۆمبێلێكدا بەجێهێشتبوون.

لە لایەكی دیكەوە هەندێك لە سایتەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە یەكێك لە كوڕەكانی فۆكسیان ناسیوە، كە پێی ڕاگەیاندوون كە بەدەست گۆشەگیریی دایكیانەوە دەناڵێنێت، كە دایكی ناچاری كردوون جلی كچان لەبەر بكەن و ڕێگری لە برینی قژیان كردووە.

دوای ئەوەی چەندین وێنەی مێگان لەگەڵ منداڵەكانی بە جلی كچانەوە بڵاوبوونەتەوە، لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە هێرش كرایە سەر ئەو هونەرمەندە، بە ڕادەیەك هەندێك كەس داوایان كرد سزا بدرێت بەهۆی خراپ مامەڵەكردن لەگەڵ منداڵەكانی و ناچاركردنی دەركەوتنیان بەجۆرێك كە ڕەتی دەكەنەوە، بەڵام لە هەمان كاتدا ژمارەیەكی زۆر بەرگرییان لێكرد و ئەوەی ئەو هونەرمەندە نێودەوڵەتییە كردوویەتی بە (ئازا) وەسفیان كردووە.

لەلایەن خۆیەوە هاوسەری پێشووی لەسەر ئەم ڕووداوە هاتە دەنگ و بەرگری لێكرد، ئاماژەی بەوەدا كە ئەوە هەڵمەتێكە لە دژی ئەو، چونكە مامەڵەی خراپی لەگەڵ منداڵەكانیان نەكردووە، هەروەها فۆكس وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە و پشتڕاستی كردەوە كە هەوڵی ئیستغلالكردنی منداڵەكان دەدات بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵەكان و خەڵك بۆ لای خۆی ڕابكێشێت.

فۆكس لە وەڵامەكەیدا ئاماژەی بەوەشكردووە، كۆنگرێسمانەكە مامەڵەی لەگەڵ كەسێكی هەڵەدا كردووە و پاڵنەرێكی خۆپەرستانەی هەیە.





# سروشت لە چاوی کامیراوە

خەڵکی گوندی حەسارە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک. ساڵانێکی زۆر پێشمەرگە بووە، بست بە بستی کوێستان و گەرمیانی نیشتیمان گەڕاوە و بە چاو کێڵاویەتی. ئێستا بە خێزانەوە لە گوندەکەیدا دەژی، بەڵام حەزێکی بە تین بە سەراپای کوردستانی دەبەستێتەوە، ئەم حەزەی بۆ کوردستان لە ڕێی زووم و هاوێنەی کامیراکەیەوە دەخاتە ڕوو.

تاریق کارێزی



کورە شارییەکی ئەم سەردەمە، ڕەنگە نەتوانێت پەی بە جوانیی گوندەواری کوردستان ببات. با گەشت و سەیرانیش بکات و بچێتە باوەشی سروشتیشەوە، بەڵام لە پەنجەرەی ئۆتومبیلی تیژڕەوەوە، چاو فریای خوێندنەوەی جوانیی سروشت و گوندەواری کوردستان ناکەوێت. هەر کەسێك لە گوند نەژیا بێت، دەرفەتی ئەوەی نابێت بە نێو وردەکاریی جوانییەکانی ئامێز و دەوروبەری ئاواییەکانی لادێدا ڕۆ بچێت. ڕزگار حەساری لە گوندێکی گەرمیان لە دایك بووە، بۆ چەندین ساڵ لە نێو گوندەکانی زۆزانەتیی وڵاتدا ژیاوە. یادگەی تەژییە لە جوانیی گوند و سیحری دڵڕفێنی سروشت. جارجار لە حەساری گەورەوە، کە گەورە گوندێکی نزیك بە شاری کەرکووکە، بەرەو زۆزان دەچێت و نقومی نێو ژووانی جوانییەکانی کوێستان دەبێت. هەموو جارێك، بۆ ئەوەی لە جوانیی گوند و سروشتی کوردستان دانەبڕێت، بۆ ئەوەی هەستی مەستبووی بە جوانیی ئەوێ پاراو بکات، دەست دەداتە کامیرایەك و بە نێو سروشت و گوندەکاندا دەسووڕێتەوە. ئەو وێنانەی ئەو دەیانگرێت، گوزارشت لە هەست و سۆزی بە جۆش هاتووی ناخی ئەو بەرانبەر بە جوانیی شوێنانی ڕابردوو دەکەن.

ورد بوونەوە لەو وێنانەی لە هاوێنەی کامیراکەی ڕزگار حەسارییەوە لە دایك دەبن، بەرەو قووڵایی ژیانی گوندەواری کوردستانمان دەبات. لەوێدا سروشت باڵادەستە و قسەی خۆی دەکات. ستاتیکا و جوانییەکی ئەوتۆ دەخاتە ڕوو، دڵی مەردان شەیدای نیشتیمان دەکات. ئاخر ئەو شەیداییە بوو کە بە هەزاران ڕۆڵەی بەجەرگی وڵاتی بەرەو کۆڕی خەبات برد، پاشان بە خوێنی سوور و ئاڵی خۆیان، بەژنی نیشتیمانیان ڕازاندەوە و نەیانهێشت گوڵاڵە سوورە لە وڵات ببڕێت. لە ڕێی وێنەکانی ڕزگارەوە، بە هۆبە و ڕەشماڵی کۆچەریان، بە نەریتەکانی ئاژەڵداری و گوزەرانی نێو گوند ئاشنا دەبین. وێنەکان دێنە دەنگ و دەڵێن، ئێرە ژووانگەی ژیانە، ئێرە کە ڕۆحی نیشتیمانی تێدا بەرجەستەیە، لانەی شێرانە.

لە پەیدۆز کردنی هەستی جوانخوازانەی ڕزگاردا، جۆش و خرۆش و سەرگەرمیی کورە گەرمیانییەك بۆ جوانیی کوێستان دەخوێنینەوە. تا ئەبەد سروشت دایك و ئارامگەی ژیان و ئەو دیوی ژیانیشە.












دییە وەلی

کچە یاریزانی کوردی تیپی تۆپی باڵەی هەڵبژاردەی عێراق:

# یاریی باڵە تەنیا لە وڵاتی خۆماندا لە ئاستی پێویستدا نییە

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد؟**

- کاتێك کە منداڵ بووم حەز و خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ وەرزش، کە تەمەنم گەیشتە ١٣ ساڵی دەستم بە یاریی باڵە کرد و تا ئێستا بەردەوامم.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە؟**

-ئەم یارییە خۆی یارییەکی قورسە، چونکە ئەگەر بتەوێت ببیتە یاریزانێکی سەرکەوتووی باڵە دەبێت تەکنیکت بەتەواوی ڕاست بێت، ئەمەش چەند ساڵێکی زۆری دەوێ، بەڵام بۆ من قورس نییە، چونکە یارییەکەم زۆر خۆش دەوێت و تەواوی هەوڵی خۆم دەدەم لەم یارییە.

*** بۆچی یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

-پێم وایە یاریی باڵە تەنیا لە وڵاتی خۆماندا لە ئاستێکی پێویستدا نییە، و بەتەواوی پەرەی پێ نەدراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەمان کە لێی دەژین گرنگی بە وەرزش نادەن.

*** هەست ناکەی ئەم یارییە پێشوازی باشی لێ نەکراوە لە شارەکان؟**

- سەبارەت بە شاریتر بۆچوونێکی ئەوتۆم نییە، بەڵام لە دەربەندیخان وەکو پێویست کچان ڕوو لەم یارییە دەکەن ئەوەش جێگەی دڵخۆشییە خەڵك بەم شێوەیە فکرەی فراوان بێت.

*** ئاستی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

-خراپ نییە، پەنا بەخوا باشتریش دەبێت بە هەوڵی

ڕاهێنەرانی بەتوانا بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لە بار بۆ وەرزشوانان، تا بتوانن تواناکانی خۆیان نمایش بکەن، لەگەڵ دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکان.

* **چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- ئاسانکاری بکرێت بۆ ئافرەتان و ڕەخساندنی کەش و ژینگەیەکی وەرزشوانی کە تێدا هەست بکەن مافیان پارێزراوە.

* **بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- من وەك کچە یاریزانێك بەرنامەم ئەوەیە زیاتر پەرە بە وەرزشەکەم بدەم بە هەموو هەوڵ و توانای خۆمەوە، بۆ ئەوەی بتوانم بە ئاواتەکانم بگەم.

* **یانەی دەربەندیخان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- بە پێی ئەوەی یانەی دەربەندیخان لە شارۆچکەیەکی بچووکە، سوپاس بۆ خودا هەتا ئێستا زۆر باشە ئەوەی لە توانایاندا بێت دریغی ناکەن و باشتریش دەبێت.

* **گرنتی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- لە هەموو وەرزشێکدا کێشە هەیە، هیوادارم کێشە وەرزشییەکان بە گشتی چارەسەر بکرێن.

* **خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هەرچەندە نامەوێ باسی بکەم، بەڵام هیوای زیاترم هەیە لە وەرزشی باڵە، تەمەن باقی بێت و خوای گەورە ویستی لەسەر بێت هەوڵی بۆ دەدەم پێی دەگەم.

* **خانەوادەکەت چۆن هاوکاریت دەکەن؟**

-ئەوە خاڵە بەلای من زۆر گرنگە باسی بکەم، بەڕاستی خانەوادەکەم زۆر هاوکاری منن، بە تایبەت باوکم هەموو کات لە پشتمە و هانم دەدات زۆر دڵخۆشە بە بەرەوپێشچوونی من لە بوارەکەمدا، خۆشەویستیم هەیە بۆ هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەم.

* **ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات.



**یانەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی یەکێك لەو قەزایانەی کوردستانە کە گرنگی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی باڵەی یانەی دەربەندیخانیش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە، بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی دەربەندیخان کچە یاریزان (دیبە وەلی محەممەد)یە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی دەربەندیخانە و قوتابی قۆناخی ئامادەییە، ناوبراو تەنیا یاری بۆ یانەی دەربەندیخان و هەڵبژاردەی کچانی باڵەی عێراقی کردووە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

## کاوە حەسۆ لە هۆڵەندا گۆڵپارێز بۆ یانە گەورەکان

ئەستێرە کوردەکانی ڕیزی یانە کوردستانییەکان کە ساڵانێکە ڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردوە، ئێستا بوونەتە جێگەی متمانەی یانەکانی دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان وەربگرن، کاوە حەسۆی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ماوەی چەند ساڵێکە ڕووی لە وڵاتی هۆڵەندا کردووە و لەگەڵ یەکێك لە یانە پلە دووەکانی ئەو وڵاتە کار دەکات وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز، لە بارەی کارکردنیشی لە خولی پلە دووی هۆڵەندا کاوە حەسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی Fc skills پلە دووی خولی هۆڵەندا کار دەکەم، ماوەیەکە لەم یانەیەم و توانیومە جێپەنجەم دیار بێت و خزمەتی یانەکەم بکەم، جگە لەم یانەیە لەگەڵ چەند ئەکادیمیایەکی وەرزشی کار دەکەم بۆ دروستکردنی گۆڵپارێزی بەتوانا، بۆ یانە گەورەکانی وڵاتی هۆڵەندا بۆ ئەوەی سوود بگەینم بەم یانە گەورانە لە ڕێگەی دروستکردنی گۆڵپارێزی لاوی بەتوانا، بۆ پاشەڕۆژی یانەکان تا بتوانن سوود لە تواناکانیان وەربگرن»، هەروەها گوتیشی «ئەم

## کەرکووک پاڵەوانی کیک بۆکسێنگی کوردستان بوو

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی بۆکسێن لە کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان، بە چاودێریی لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندی کیك بۆکسێنگی کوردستان، لە هەولێری پایتەختی کوردستان بە بەشداری هەریەك لە یانەکانی (هەولێر، کەرکووك، جیهان، سەورە، نیشتمان، شۆڕیجە، پێشمەرگەی سلێمانی،خانەقین، کەیوان) بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بۆکسێنەرەکانی کوردستان کێبڕکێیان لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکرد لەم پاڵەوانێتیە، یاریزانە کوڕەکانی کەرکووك توانیان لە یارییەکان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و بتوانن بە ئاست و ئەنجام پێشەنگی یانەکان بگرن و لە زۆربەی یارییەکان باڵا دەستیی خۆیان بە سەر یارییەکاندا دابنوێنن، کەرکووکییەکان هەر لە سەرەتای دەستپێکی پاڵەوانێتیەکە چاویان لە نازناوی پاڵەوانێتیەکە بوو، توانیان ئامانجەکەیان بپێکن کە بۆی هاتبوون، یانەی کەرکووك توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی سێ مەدالیای زێڕ و سی مەدالیای زیو و سی مەدالیی برۆنزی بەدەست بهێنێت، هەولێریش بە کۆکردنەوەی سێ مەدالیای زێڕ و سێ زیو و دوو برۆنز پلەی دووەمی بەدەست هێنا، یانەی سەورەی شاری کەرکووکیش بە کۆکردنەوەی دوو مەدالیا زێڕ و دوو مەدالیا زیو و یەك برۆنز پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.





## ان دروست دەکات

ئەکادیمیانە هەمووی پیشەگەرین و باوەڕپێکراون و زۆربەی یانە گەورەکانی ئەوروپا سوود لەم جۆرە ئەکادیمیانە وەردەگرن، دەمەوێ ئەوەی لەتوانام بێت وەکو کوردێك خزمەتی وەرزش بکەم لە تاراوگە، بۆ ئەوەی ئێمەی کوردیش جێپەنجەمان دیار بێت لە دروستکردنی چەندین گۆڵپارێزی بەتوانا بۆ یانە گەورەکانی ئەوروپا».

## هەنارقادر شەهرەبانی هەڵبژارد



هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێکی پاڵەوانێتییەکانی عێراق یانەکان هەڵدەستن بە گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو یاریزانانەی لە خولەکانی کوردستان یاری دەکەن، هەنار قادر یاریزانی فوتساڵی یانەی وەرزشیی سەیدسادق ئەم وەرزە لە خولی نایابی فوتساڵی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ببێتە جێگەی سەرنجی یانە عێراقییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ یارییەکانی خولی فوتساڵی عێراقی کە بڕیارە یارییەکانی لە شاری دهۆك بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانە بەهێزەکانی عێراق بەڕێوە بچێت، یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی ژمارەیەك لە ئەستێرە کوردەکانیان بروودتە ڕیزی یانەکانیان، هەنار قادریش لەگەڵ یانەی شەهرەبان ڕێککەوتوە بۆ یاریکردن لە ڕیزی ئەو یانەیە، سەبارەت بە چوونی بۆ ڕیزی یانەکەش هەنار قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ پاڵەوانێتی جامی فوتساڵی یانەکانی عێراقی پەیوەندیم بە یانەی شەهرەبانەوە کردووە، دەمەوێ لەم ماوەی لەگەڵ ئەوانم بتوانم خزمەتی ئەو یانەیە بکەم و ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لە جامی یانەکانی فوتساڵی عێراقی بۆ ئاستی کچان، پاڵەوانێتییەکەش بەهێزە، چونکە سەرجەم یانەکانی بەشداربوو گرێبەستی باشیان واژوو کردوە، منیش وەکو کچە کوردێك دەمەوێت ئەوەی لە توانامدایە پێشکەشی یانەکەم بکەم بۆ گەیشتن بە ئەنجامی شایستە»، جێگەی ئاماژەپێکردنە هەنار قادر پێشتر یاریی بۆ هەریەك لە یانەکانی سیروانی شارەزوور و هەڵەبجە و خورماڵ و چەمچەماڵ و ئافرەتانی بەغدا و سەید سادق کردوە، یەکێك بووە لە یاریزانە بەتواناکان و چەندین ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە لەگەڵ ئەو یانانەی یاریی بۆ کردوون لە خولە جۆراوجۆرەکان.

# نیشانەکانی کەمیی پۆتاسیۆم لە لەشدا

پۆتاسیۆم Poassium گرنگە بۆ گرژبوونەوەی ماسوولکەکان، ڕێکخستنی شلە لە لەشدا، هێشتنەوەی هاوسەنگیی کانزاکان، کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕێژەی بەرزی سۆدیۆم لە لەشدا، هەروەها خاوکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن و دابەزاندنی پەستانی خوێن کە هاندەرە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ. پێویستی ڕۆژانەی پۆتاسیۆم بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٤،٧٠٠ ملگم، بەگشتی لە حاڵەتە سووکەکانی کەمیی پۆتاسیۆمدا هیچ نیشانەیەك بەدی ناکرێت. سەرچاوە خۆراکییەکانی پۆتاسیۆم: میوەی وشککراو، نیسك و پاقلەمەنییەکان، پەتاتە، سەوزە گەڵا تاریکەکان بەتایبەتی سپێناغ، ئاڤۆکادۆ، مۆز، شیر و بەرهەمەکانی، لەگەڵ کولەکەی زستانی. نیشانەکانی کەمیی پۆتاسیۆم لە لەشدا Hypokalmia: هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی هاوکات لەگەڵ بێهێزیی و ئازاری ماسولکەکان لەکاتی جوولە و مەشقی وەرزشی بەتایبەتی لە ماسوولکەکانی قۆڵ و قاچەکاندا کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ تەزین یان سڕبوونی دەست و پێیەکان، سەرسووڕان، دڵەکوتێ Palpitation، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها قەبزیی بەردەوام و کۆبوونەوەی گاز لە ڕێڕەوەکانی کۆئەندامی هەرسدا.



## هۆکارەکانی بەڵەکیی پێست

بۆیەی میلانین Melanin ڕەنگی پێست و قژ دیاردەکات کە لە خانەی تایبەت لە پێستدا دروست دەکرێت. بەڵەکی Vetili-go بریتییە لە پەیدابوونی پەڵەی سپی لەسەر پێست لە شوێنی جیاوازی لەشدا کە حاڵەتێکی درێژخایەنە و چارەسەری یەکجارەکی بۆ نییە. بەڵەکی لەوکاتەدا ڕوودەدات کە سستمی بەرگریی لەش بەهەڵە پەلاماری خانە بەرهەمهێنەرەکانی بۆیەی میلانین دەدات، پاشان بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیەك لەم خانانە لە ئەنجامی هەوکردنی بەردەوام بە یەکجاری لەناودەچن. تا ئێستا هۆکاری ڕاستەقینەی بەڵەکی نەزانراوە، هۆکارە هاندەرەکان ئەمانەن: سستمی هەڵەی بەرگریی لەش Autoim-mune کە پەلاماری خانە و شانە دروستەکانی خودی لەش دەدات، بۆماوە(جینەکان)، زەبری فیزیکی بۆ پێست وەکو خۆربردن یان بەرکەوتن بە ماددەی کیمیایی پیشەسازی، سترێسی دەروونی بۆنموونە لەدەستدانی کەسێکی نزیك یان گرفتی ماددی، فشاری ئۆکسان Ox-idative stress لە ئەنجامی ناهاوسەنگی نێوان کۆلکە ئۆکسجینە ناتەواوەکان (کۆلکە سەربەستەکان) و ماددە دژەئۆکسانەکاندا بۆنموونە فشاری ئۆکسان لە ئەنجامی بەرکەوتن بە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی یان پیسکارەکانی ژینگە.



# ئایا بەردەوام هەست بە برسیبوون دەکەیت؟

ئایا بەردەوام ئارەزوو دەکەیت کە خواردن بخۆیت و ناتوانیت کۆنترۆڵی هەستی برسیبوونت بکەیت؟ ئایا هەست دەکەیت کە کێشی لەشت خەریکە بەرە بەرە زیاد دەکات؟ پسپۆرانی تەندروستی هۆکاری بەردەوام هەستکردن بە برسیبوون یان هەستکردن بە برسیبوون بە ماوەیەکی کەم پاش خواردنی ژەمێکی سەرەکیی گەورە دەگەڕێننەوە بۆ دابەزینی بەرچاوی ئاستی شەکری خوێن لە ماوەی ٢-٤ کاتژمێری پاش خواردندا کە هاندەرە بۆ هەستکردن بە برسیبوون و خواردنی بڕێکی زۆری خۆراك بە بەراورد لەگەڵ کەسانی ئاسایی کە ئەم گرفتەیان نییە. ئەم دابەزینەی بەرچاوی ئاستی شەکری خوێن Sugar dips کە دەگاتە ئاستی کەمتر لە ئاستی نزمی ئاسایی شەکری خوێن ئینجا پاش ماوەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی نزمی ئاسایی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە بەتایبەتی لە لایەنی چەند وەرگرتنی کالۆری و خێرایی زیادبوونی کێشی لەش. توێژەرانی زانکۆی نۆتینگهام . ئینگیلتەرا ئاماژەیان بەمە کردووە کە هەستکردن بە برسیبوون پاش ماوەیەکی کەم لە خواردن، هاندەرە بۆ زیاد وەرگرتنی کالۆری و زیادبوونی کێشی لەش بەتایبەتی لەکاتی خواردنی زیادی شیرینی و کاربۆهیدرات. هۆکارەکان: کەمی پرۆتین و ریشاڵ لە خۆراکی ڕۆژانەدا، کەم خەوی، سترێس، تێکچوونی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان لە لەشدا، خواردن بەپەلە، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك جۆری دەرمان، هەروەها هەندێك جار تێنووبوونی زیاد.



# خەو و تەندروستیی دڵ

خەو جگە لەوەی کە گرنگە بۆ نوێبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، گرنگی زۆری بۆ تەندروستیی دڵ هەیە. بۆنموونە لەکاتی خەوی دروستدا پەستانی خوێن دادەبەزێنێت، بە پێچەوانەشەوە خەوی نادروست هۆکارە بۆ مانەوەی پەستانی خوێن لە ئاستی بەرزدا بۆ ماوەیەکی زیاتر، ئەمەش روونە کە پەستانی بەرزی خوێن هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەلتەی مێشك. لە لایەکی تر، خەوی دروست گرنگە بۆ هاندانی مانەوەی ئاستی شەکری خوێن لە سنووری ئاساییدا، واتە خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم کە ئاڵۆزی بۆ خوێنبەرەکان پەیدا دەکات و ئەگەری نەخۆشیی دڵ بەرزدەکاتەوە، هەروەها گرنگە بۆ ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی کە هۆکاری هاندەرن بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شەکرەی جۆری دووەم. گرفتەکانی خەو بە تێپەڕبوونی کات زیان بە تەندروستیی دڵ دەگەیەنن، بۆ نموونە خەوزڕان و هەناسەتەنگی لەکاتی نووستندا Sleep apnea. هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا هاندەرە بۆ تووشبوون بە: نۆرەی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، جەلتەی مێشك. خەوزڕان واتە گرفت لە چوونە خەو یان گرفت لە بەردەوامبوونی خەودا کە پەیوەندییان هەیە بە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی دڵ.



# کەمخوێنی لەبەر کەمیی ڤیتامین



کەمخوێنی لەبەر کەمیی ڤیتامین B12 یان ڤیتامین B9 کە بە فۆلەیت Folate ناسراوە، حاڵەتێکی دەگمەن نییە و زیاتر لە بەساڵاچوواندا دەبینرێت، بە پشکینی خوێن دەستنیشان دەکرێت. کەمیی ئەم ٢ ڤیتامینە دەبێتە هۆی کەمتر دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن و گەورەبوونی قەبارەیان. نیشانەکان: سووربوونەوە و سووتانەوەی زمان، کولبوونی دەم، بێهێزیی ماسوولکەکان، کەمی وزە و هەستکردن بە زوو ماندووبوون، خەمۆکی، گرفت لە تەرکیز و بیرکردنەوە و بیرهاتنەوەدا، ناڕوونی بینین، لەگەڵ هەستکردن بە تەزین لە دەست و پێیەکاندا. ئاڵۆزییەکان: نەزۆکیی کاتی، زیادبوونی ئەگەری ئاڵۆزییەکان بەتایبەتی سەقەتی زگماکی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیانی تووشبوو بەم جۆرە کەمخوێنییە، گرفت لە کۆئەندامی دەماردا کە لەوانەیە هەمیشەیی بێت وەکو لەدەستدانی هاوسەنگیی لەش و ونکردنی یاد Memory loss، هەروەها گرفت لە دڵدا وەکو پەککەوتنی دڵ. چارەسەرکردن: گرنگیدان بەو خۆراکانەی کە سەرچاوەن بۆ ڤیتامین B12 و B9، بۆنموونە سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B12 بریتین لە: جگەر، گۆشت، ماسی، هێلکە، شیر و بەرهەمەکانی. سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B9 (فۆلەیت) بریتین لە: جگەر، سپێناغ و سەوزە گەڵا تاریکەکانی تر، برنج، ئاڤۆکادۆ، مۆز، پاقلەمەنییەکان، لەگەڵ تۆوی گولەبەڕۆژە. جگە لە خۆراك، بەکارهێنانی ڤیتامین B12 و B9 کە دکتۆر بڕیار لەسەر ژەمی ڕۆژانە و ماوە و چۆنییەتی بەکارهێنانیان دەدات، هەنگاوی دووەمە بۆ چارەسەرکردن.

# بەهای خۆراکیی قەیسی





قەیسی Apricots دەوڵەمەندە بە ریشاڵ،لەگەڵ ڤیتامینەکانی A، C، E و ڕێژەیەکی باشی پۆتاسیۆم، لەگەڵ ماددەی دژەئۆکسانی ڤلاڤۆنوید Flavonoids و پۆلیفینۆڵەکان Polyphenols و بیتا کارۆتین.سوودە تەندروستییەکانی قەیسی: باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی هاندانی هەرسکردنی خۆراك و خۆپاراستن لە قەبزی، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆلی خراپ LDL لە خوێندا، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، خۆپاراستن لە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، خۆپاراستن لە تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، باشترکردنی تەندروستیی پێست و پاراستنی لە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، پاراستنی تەندروستیی چاو بەتایبەتی کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی ئاوی سپی Cataract و گۆڕانە نێگەتیڤەکانی پەیوەست بە تەمەن، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، باشترکردنی تەندروستی و فرمانەکانی جگەر، هەروەها هاندانی کرداری میتابۆلیزمی لەش.



# بە ٣ هەنگاو خۆت لە شێرپەنجەی پێست بپارێزە

پێست گەورەترین ئەندامی لەشە، لە هەر شوێنێکی گۆی زەویدا بیت، تیشکی خۆر زیاد یان کەم بیگرێتەوە، هەر پێویست دەکات کە هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە تووشبوون بە شێرپەنجەی پێست بگریتە بەر. توێژینەوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە تەنیا بە زوو زوو چاودێریکردنی پێست بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی هەر نیشانەیەکی تایبەت بە شێرپەنجە، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی میلانۆما Melanoma تا ڕێژەی ٦٣٪ کەم دەکاتەوە، بۆنموونە تێبینیکردنی ئەم نیشانانە: گۆڕان لە ڕەنگ، شێوە، یان قەبارەی هەر خاڵێك کە لەسەر پێست هەبن، هەروەها تێبینیکردنی دەرکەوتنی هەر گرێیەك، سووربوونەوە، تفرکردن، یان نارێکبوونی قەراخی هەر خاڵێکی پێست کە هەبن، دواکەوتن لە چاکبوونەوەی هەر برینێکی بچووك کە خاڵەکاندا ڕوودات، هەروەها گرتنی وێنەی خاڵەکانی پێست و بەراورد کردنیان لەگەڵ بینینی هەر گۆڕانێك ئەگەر ڕوودات. پسپۆڕانی پێست جەخت دەکەنەوە کە لەکاتی تێبینیکردنی هەر یەکێك لەم نیشانە و گۆڕانانەی سەرەوەدا، پێویست بە سەردانی دکتۆری پێست دەکات بێ دواکەوتن، لەم قۆناغەدا چارەسەرکردن ئەنجامی باشی دەبێت و باشترین ڕێگایە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون شێرپەنجەی پێست. هەنگاوێکی تری گرنگ بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی پێست بریتییە لە پاراستنی لە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر و بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو و چاویلکەی هەتاوی هاوکات لەگەڵ جۆراوجۆرکردنی خۆراك.



## کامێرایەک بەدوات دەکەوێت!

درۆنەکەکان بواری شەڕ و عەسکەری لێدەرچێت، ئامێرێکی گەلێك بە سوودن بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکاندا سوودی هەیە. بەتایبەتی لە هونەر و پیشەسازی سینەمادا. تێچوویەکی زۆری لە کوڵ جیهانی سینەمادا کردۆتەوە. درۆن هەڵگری کامێرا واتە Hover Camera Passport یەکەمین کامێرایە کە ئۆتۆماتیکە و لە سیستەمی زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ. زیاتر بۆ هەڵگرتنەوەی فیلم دروستکراوە تا گرتنی وێنە، بۆیە ڤیدیۆکان بە کوالیتی 4K دەگرێت. دەکرێت لەسەر کەسێکی جووڵەدار چ مرۆڤ بێت یا پایسکل یا گیانداری دیکە، فۆکسی بکەی و ئەویش بەدوا شتە جووڵەدارەکە دەکەوێت. دیمەنی جووڵەدار لە بازنەی چاوی کامێراکا ناچێتە دەر. هەم بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێ و هەم بە ئامێری تایبەت بەخۆی، لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت.



## تەبلێتێکی مەزن بۆ گرافیک و ئەندازیاری

بۆ کاری هونەری گرافیك و نەخشەسازی و ئەندازیاری پێویستی بە شاشەیەکی مەزنە. لەوە باشتر شاشەکە تەبلێتکی گەورە بێت. تەبلێتێك شاشەکەی سەرووی ٥٠ سانت بێت. وەك تەبلێتی Xencelabs Pen Display 24 کە گونجاوترین تەبلێتە بۆ کاری هونەری و نەخشەسازی. کێشی تەبلێتەکە لە ١٣ کیلۆ زیاترە. شاشەکەی ٥٠ لە ٦٠ سانت دایە. تەبلێتەکە ئامێرێکی ئاسانکاری بەشێوەی وایەرلەیس لەگەڵدایە کە فەرمانەکانی بەکارهێنەر لەخۆیدا تۆمار دەکات. هەروەك ئاماژە پێدرا بۆ ئەرکی دیزاین و کاری گرافیك و هونەری وێنەکێشانە. قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بە پێی ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێت. لەگەڵ هەموو سیستەمە دیجیتالییەکانی وەك ویندۆز و ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. شاشەکە دەکرێت بۆ هەموو لایەك بسۆڕێت. کوالیتی نیشاندانی ٤kیە. بە ملیار ڕەنگی تێدایە.

# دۆشەکی زیرەک بۆ یۆگا

یەکێك لە وەرزشە جەستەیی و دەروونییەکان کە لایەنگرێکی زۆری هەیە، وەرزشی یۆگایە. وەرزشی یۆگا ئەگەرچی بەکارهێنەرەکەی جووڵەیەکی زۆری نییە، بەڵام جووڵەکانی کاریگەرن و چالاکیی زۆر بە مێشك و جەستە دەکەن.

وەرزشی یۆگا پێویستی بە ڕاهێنەری تایبەتە. لە دونیای دیجیتالی سەردەمدا ڕاهێنەرەکانیش بوونەتە دیجیتالی، بۆ نموونە دۆشکچەی YogiFi کە دۆشەکچەیەکی زیرەکە و بە سوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد بەشێوەی خۆکار، پرۆگرامەکانی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی چاودێریی دەکات و ئەو جوڵانە بۆ ڕاهێنەرەکی مرۆڤ بەڕێ دەکا. بە سوود وەرگرتن لە هەستەوەرەکانی زەخت و ڕووناکی، هەلومەرجی یۆگای بەکارهێنەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ. دۆشەکچەکە لەگەڵ فەرمانی دەنگی گوگڵ پەیوەند دەدرێ و دەکرێ لەوێوە فەرمانەکان وەربگیرێن.

# ئامێری تایبەت بە ددان شوشتن




هەموومان بۆ شوشتنی ددان سوود لە هەویری تایبەت بە ددان وەردەگرین، بەڵام تۆ بڵێی بکرێت هەر ئاوی ئاسایی وا لێبکرێت لە هەویر جوانتر و پاکتر ددانەکانتان بشوات! ئێ لەم سەردەمەدا بۆ ناکرێ.

ئامێری Oneklen ئامێرێکی تایبەتە کە ئاوی تێدەکرێ و ئەو ئاوەی کە تێیدەکرێ لە هەموو جۆرە میکرۆبێك، بەکتریایەك، مادەیەکی زیانبەخش بۆ ددانەکان پاك دەکاتەوە، ڕاستە هەویر ددان پاك دەکاتەوە، بەڵام کێ دڵنیێ ئەو ئاوەی پێی دەشۆی بەکتریا و ڤایرۆسی تێدا نییە. بۆیە ئامێری ناوبراو ئاوێکی پاکتر لە ئاوی پاڵاویش دەبەخشێت. لە گشت مادەیەکی زیانبەخش پاکدەکرێتەوە.





# لاپتۆپێک بەبێ شاشە

هەتا جیهانی تەکنەلۆژیا بەرەو پێش بڕوات، شتی سەیروسەمەرە دەبینین، وەك ئەو لاپتۆپە بەبێ شاشەیە. لاپتۆپی جۆری Sight-ful Spacetop AR laptop تەنیا لاپتۆپ و چاویلکەیەکە. چاویلکەیەك کە ئەرکی نە تەنیا شاشەیەك بەڵکو چەندین شاشە دەگرێتە خۆی. کاتێك چاویلکەکە لەگەڵ لاپتۆپەکە کە بریتییە لە کیبۆردێك پەیوەند دەدەی و بە ویستی خۆت چەند شاشەی بتەوێ لە جیهانی مەجازیدا دەبینی! نا جیهانی مەجازی نا بەڵکو ئەوەی پێت خۆش بێ وەك دیزاین، سەیرکردنی فیلم، کردنەوەی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو شاشە مەجازیانەدا دەیبینی و کاریان لەسەر دەکرێ.

شاشە مەجازییەکە دەبێتە چەند شاشە، دەکرێت لە یەکێکیان سەیری فیلم بکەی و لە یەکێکی دیکەیان کارێکی دیزاین و گرافیك بکەی. شاشەکە بەقەد شاشەیەکی سەد ئینجی دەبێت و کورد گوتەنی بەقەد لادیوارێك! لە هەمووی گرنگتر دەوروبەر نازانی چ کار و ئەرکێك دەکەی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن بتوانم سایزی فایلێکی PDF دەستکاری بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز گەلێك ڕێگا هەن بۆ دەستکاری کردنی فایلی PDF چ لە بواری تێکست و چ لە بواری قەوارەی لاپەڕەکەوە، پرۆگرامەکانی Adobe acrobat نوێترێن ڤێرژنی باشترین پرۆگرامە بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام دەکرێت لە ڕێگای سایتەکانی تایبەت بە دەستکاری کردنی فایلی PDF هەم قەوارە و هەم تێکست و هەم لایەنەکانی دیکەی دەستکاری بکرێت. تەنانەت دەتوانی چەندین فایلی PDF بکەی بە یەك فایل و پێچەوانەش چەند فایلێکی گەورە بکەی بە چەندین بەش. هەروەها دەکرێت فۆرماتی pdf بگۆڕی بە فایلی تێکست و هەروەها فایلی word و فایلی وێنەیی.



# بێ وایەر تەلەڤزیۆنەکان هۆشمەند دەکات

ئامێرەکانی وەك کرۆم کاست و ئەندرۆید بۆکس و ئامێرێ هاوشێوەی ئەوانە زۆر بەسوودن و ڕاستەوخۆ داتا و فیلمەکان لەسەر مۆبای دەگوازنەوە بۆ سەر تیڤی.

بەڵام ئامێری JektorPro شتێکی جیاوازە. ئەو ئامێرە بەبێ هیچ وایەریەك و بە خێراییەکی باش دەتوانێت پرۆگرام و داتا و فیلمەکان بگوازێتەوە بۆ تیڤی. لە هەمووی گرنگتر دەکرێت تیڤیەکی ئاسایی بکاتە 4k و تەنانەت 3Dیش.

ئامێرەکە نە تەنیا ئەوانە بەڵکو بەبێ وایەر ئامێرەکانی گەیمیش دەگوازێتەوە بۆ تیڤی و بەکارهێنەر دەتوانێت لەسەر تیڤی گەیمیش بکات. شەپۆلی گواستنەوەی ئامێرەکە ٣٠ گیگاهێرتزە، ئەگەر ئامێرەکە ٢٥ مەتریش لە تیڤی دوور بێت کێشەیەك نایەتە پێش.

# درۆنی ناو ئاو




کاتێك باسی درۆن دەکرێت، یەکسەر زەینمان بۆ ئەو درۆنەیان تایبەت بە شەڕ دەچێ کە جگە لە کاول و ماڵوێرانی هیچی دیکەی بەدواوە نییە! بەڵام زۆرترین کارکرد و تواناکانی درۆن بۆ بواری فیلم هەڵگرتنەوە و دوای ئەویش بۆ کاری فریاگوزارییە.

درۆن هەر بە ئاسماندا دەفڕێت و فیلم هەڵدەگرێتەوە، بەڵام درۆنی ناو دەریاش هەیە و، درۆنی ناو دەریا وەك کەشتییەکی زۆر بچووکن کە دەچنە قوڵایی ئاو و بە کامێرا بە هێزەکانیان ناو دەریا نیشان دەدەن. یەکێك لەو درۆنانەی ناو دەریا، درۆنی FIFISH V6 EXPERT ە. ئەم درۆنە، درۆنەکە لە دەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و دەتوانیت بۆ هەر شوێنێك لە دەریادا مەبەستە بەڕێی بکەی. ڕاوچیانی ماسی زیاتر بۆ ئەوە سوودی لێوەردەگرن بزانن چ شوێنێك ماسی تێدایە. بەهۆی هێدستێکی تایبەت کە لەسەر دەکرێت و لەگەڵ درۆنە دەریاییەکە لە پەیوەند دایە دەکرێت وەك ڕاستی ناو ئاوەکە ببینی. بە کوالیتی ٤K فیلم هەڵدەگرێتەوە. باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە و چەندین کاتژمێر دانابەزێت. بە ویستی خۆت میمۆری تایبەت بە وێنەگرتنی بۆ دادەنێیت. خۆی میمۆرییەکی ١٢٨ گیگابایتی لەگەڵدایە.



## ماڵپەڕی فۆتۆشۆپی زیرەک

فۆتۆشۆپ گرنگترین پرۆگرامی تایبەت بە گۆڕین و دەستکاریکردنی فایلی وێنەییە. تەنانەت دەستەواژەی (ئەمە فۆتۆشۆپە) بۆتە دەستەواژەیەکی باو بۆ ئەو شتانەی گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت. لە دوای ئەوەی زیرەکی دەستکرد گەشەی سەند و بەرەو پێش چوو. فۆتۆشۆپی زیرەك کە تازە کەوتۆتە بازاڕەوە، گۆڕانێکی گەورەی بە جیهانی فۆتۆشۆپ داهێنا. ئێستا ماڵپەڕی تایبەت بە فۆتۆشۆپیش بە شێوەی ئۆنلاین هەیە. fire fly.adobe.com ماڵپەڕێکە تایبەت بە فۆتۆشۆپی زیرەك و بە جۆرێك بەبێ گرفت و تەنیا بە نووسین و فەرمان پێکردن هەموو دەستکارییەکی فۆتۆشۆپ دەکات. بۆ سوود وەرگرتن لە ماڵپەڕەکە دەبێت هەژمارێك بکەیەوە.

## گرنگترین پرۆگرامی تایبەت بە نەخشەسازی

پرۆگرامەکانی تایبەت بە نەخشەسازی گەلێکن، هەتا ئێستا ڕەنگە پرۆگرامی ئۆتۆکادتان وەك ناسراوترین پرۆگرام ناسیبێ، بەڵام پرۆگرامی revit لە ڕیزی باشترینیان دێت. ئەندازیاران باشتر ئەرکەکانی ئەو پرۆگرامە دەزانن.

پرۆگرامەکە بۆ هەموو بوارەکانی نەخشەسازی دەگونجێت وەك: بیناسازی، ئاوەدانکردنەوە، ئەلکترۆنی و مەکانیکی. تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە گروپێك دەتوانێت کاری لەسەر بکات و لە ڕێگای دوورە و ئینتەرنێتەوە پەیوەندیان پێکەوە هەبێت.

پرۆگرامی ناوبراو تەواوی بەشەکانی پرۆژە پێکەوە دەبەستێتەوە. زۆر زیرەکە و شارەزای گشت بەشەکانی بیناسازییە، وەك دیوار، میچ، قادرمە..تاد. ئەوەندەی هەیە تەنیا کەسانی شارەزا دەتوانن کار لەسەر ئەو پرۆگرامە بکەن و وەك ئۆتۆکاد پرۆگرامێکی ئاسان نییە.







## گرانترین پارچە گۆشت

ئەمە گرانترین پارچە گۆشتە لە جیهاندا و نرخەکەی ٣٢٠٠ دۆلارە، گۆشتی مانگاکانی (Blonde d›Aquitaine) ـە، کە لەلایەن بنەماڵەی Boulmard لە باکووری فەرەنسا بەخێو دەکرێن، مانگا پێش سەربڕین بۆ ماوەی ٦ مانگ گەنم دەخوات و ڕۆژانە دوو جار مەساج (شێلان)ی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی چەورییەکەی بە یەکسانی لە گۆشتەکەدا دابەش ببێت، لەبری ئەوەی تەنیا لە لێوارەکاندا چڕ ببێتەوە، وە کاتێك سەردەبڕدرێن، دوور لە مانگاکانی دیکە پێش ئەوەی بە ئامێرێکی کارەبایی تیژ سەرببڕدرێن بێهۆش دەکرێن، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەروون و کوالیتی گۆشتی دەرهاویشتوو نەبێت، سەبارەت بە تامی گۆشتەکەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ تامی گۆشتی ئاسایی نییە، تەنیا جیاوازی ئەوەیە گۆشتی مانگایەکی بەنازە.



## ئامێرێکی تایپکردن

جاران نووسین بە قەڵەم و لەسەر کاغەز و بەرد بوون، پاشان ئامێری چاپکردن و تایپ دەرکەوت، مێژووی ئەو ئامێرە بۆ ساڵانی هەشتەکان دەگەڕێتەوە، یەکەم ئامێری تایپکردنی لەلایەن مالینگ هانسن (تۆپی نووسین) لە دانیمارك، لە ساڵی ١٨٦٥ داهێنراوە و لە ساڵی ١٨٧٠ تاقی کراوەتەوە و خراوەتە بواری بەرهەمهێنانەوە، ئامێرێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و بە شێوەیەکی نایابی لە مس دروستکراوە، جێگەی خۆی لە مێژوودا هەیە وەك یەکەم ئامێری تایپکردن کە نزیکەی ٥٠٠ ئامێری دروستکراوە، ئامێرەکە بە جۆرێك دیزاین کراوە بۆ ئەوەی لەلایەن کەسانی کەمبینەوە بەکاربهێنرێت.



## پاڵەوان و ترسنۆک یەکسانن

لە ئێستا بەدواوە پاڵەوان و ترسنۆك یەکسان دەبن، یەکێکە لە دێرینترین وتە سەیرەکانی مێژوو، کە لە ئێستادا بووەتە جێگەی سەرنج بەهۆی دەرکەوتنی چەکەوە، کە پاڵەوانەکان بەرامبەر ئەو ئامێرە بچووکە چۆك دادەدەن، بەهۆی ئەوەی مەترسی هەیە، سەرەتای ئەو وتەیە بۆ (سامویل کۆڵت) دەگەڕێتەوە کە هاووڵاتییەکی ئەمریکییە و لە ساڵی ١٨١٤ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٦٢وەفاتی کردووە، بە یەکەمین داهێنەری دەمانچە دادەنرێت و خاوەن کۆمپانیای (گۆڵد)ـە بۆ دروستکردنی دەمانچە، لە دوای دروستکردنی یەکەمین دەمانچە ئەم قسەیەی کرد: «لە ئێستا بە دواوە پاڵەوان و ترسنۆك یەکسان دەبن».









# ئامێری سێتاری بە جۆش لە گۆرانی و مەقامی کوردیدا

وشەی سێتار بە زمانی کوردی سێ تار بە فارسی سە تار، کە بەواتای سێ تاڵ یان سێ ژێ دێت. بە شێوەیەکی گشتی ئامێری سێتار ئامێرێکی ژێدارە و بە نینۆك و (پەنجەی نیشاندان) و ڕیشە لێدەرێت، بەڵام لە ساتی پۆلێنکردنی ئامێرەکەدا دەچێتە خانەی ئەو ئامێرانەی کە ژێدارن و بە ڕیشە (لێدەر) دەژەندرێن. ئەم ئامێرە هەر لە دێر زەمانەوە بە هاودەمی شاعیران، عاشقان، گەورە پیاوانی تەسەوف و عیرفان دادەنرێت، کە لە گەشتەکانیاندا بۆ بەهێزکردنی لایەنی دەروونی و ڕۆحی و ڕۆچوون بە نێو بڕوا عیرفانییەکانیاندا بەکاریان هێناوە، سەبارەت بەم ئامێرە (جان دورینگ) دەڵێت: «سێتار دەروونیترین و باشترین ئامێرە، کە زیاتر بۆ دڵی خۆت دەیژەنیت وەك لەوەی بۆ کەسانی دیکە بژەنرێت»، بەشێوەیەکی گشتی ئامێری سێتار گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئامێری تەنبوورەیە، ئەم ئامێرە لە سەردەمی ساسانییەکاندا دەرکەوتووە، تەمەنی ئامێرەکە دەتوانرێت بە زیاتر لە هەزار ساڵ مەزندە بکرێت، دواتر لەگەڵ درێژبوونەوەی ڕیشەی مێژوودا شێوە و پەردەبەندیی ئامێرەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا دواجار ئەم شێوەیەی ئەمڕۆی وەرگرتووە، ئەم ئامێرە لەسەر دەستی عەلی ئەکبەر فەراهانی و کوڕەکانی (میرزا عەبدولا، ئاغا حوسینقولی) لە کۆتایی سەردەمی قاجارەکاندا وەك بەشێك لە ڕەگی فێربوونی ئامێری تار دەستی بە گەشەسەندن کردووە، دەرەنجام گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وەك ئامێرێکی سەربەخۆ لە نێو ئامێرە ئێرانییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێی خۆی بکاتەوە، تایبەتمەندییەکانی سێتار بریتیین لە: بەراورد لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پێوانەی ئامێرەکە و دەنگی کەمە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەنگێکی نیان و دڵنشینی هەیە، بە هۆکاری قەبارە و کەمیی ئاستی دەنگی ئامێرەکە کەمتر شێوەیەکی گشتی و کۆمەڵیی وەرگرتووە، ئامێرژەنەکانی شوێن و خەڵوەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، تایبەتمەندیی ئەم ئامێرە ئەوەیە کە بە ڕیشە ناژەندرێت، بەڵکو بە نینۆك دەژەندرێت، ئەمەش ڕەنگێکیتری بە هەستی ئامێرەکە بە خشیوە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە نینۆکیان دەشکێت، یان گرفتیان هەیە، زۆر جار (ڕیشە)ی تایبەت بە خۆی بۆ دروست کراوە، بەڵام کەمتر بەکار دێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە چەوساندنەوەی ئافرەتان دەکات، کە چەندین دەستوەردان و تۆمەت و ڕێگری لە بەهرە و تواناکانی دەکرێت، ئەمەش وادەکات کە ئافرەتان هەست بە چەوسانەوەی بەردەوام بکەن.



## دیمەنە سەیرەکان

### شووشەی کۆکاکۆلا

سەرەتا شووشەی کۆکاکۆلا وەك بتڵی مەی دەفرۆشرا، لە ساڵی ١٨٨٩ خواردنەوەیەکی گرانبەها بوو هەمووکەس نەیدەتوانی بیکڕێت، بەهۆی ئەوەی کەم بوو و تامیشی خۆش بوو، دواتر بەرهەمەکەی زیاتر کرا و هەرزان بوو.

## خانووی چاپکراو



لێکۆڵەرەوان و پسپۆران لە زانکۆی (ئاییندهۆفن)ی هۆڵەندی، خەریکی بنیاتنانی پرۆژەیەکن کە لە داهاتوودا دەبێتە سەیرترین کاری خانووبەرە و باڵەخانە، ئەو پرۆژەیە لە ژێر ناوی (خانووی چاپکراو)دایە، کە وابڕیارە ببێتە گۆڕانکاری لە شۆڕشی مرۆڤایەتیدا، کە لە داهاتوودا خانووەکان لە شێوەی چاپکراو و 3D دا بن، واتە کاتێك تۆ بتەوێت ماڵەکەت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازیتەوە، دەتوانی خانووەکەشت بگوازیتەوە، تا ئێستا (٥) نموونەی لەم خانووە دروست کراوە تا لە داهاتوودا ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ببێتە پرۆژەیەکی جیهانی و یارمەتیدەر بێت بۆ لەناوبردنی کێشەی نیشتەجێبوون و زاڵبوون بەسەر جەنجاڵیی نێو شارەکاندا.

## یاسا



### خاوەن موڵك و کرێچی

ئەگەر خاوەن ماڵ بزانێت کە کرێچییەکەی کارێکی خراپ لە ماڵەکەیدا دەکات، پێویستە چ ڕێکارێکی یاسایی بگرێتەبەر ئەگەر بیەوێت قەدەغەی بکات؟، بەپێی یاسا خاوەن ماڵ ناتوانێت هیچ ڕێکارێکی یاسایی بەرامبەر کرێچیەکەی بگرێتەبەر لەو کاتەدا، ئەگەر لە کاتی خۆی کرێ بدات و خۆی تیایدا نیشتەجێ بێت، بەڵام تەنیا لە حاڵەتێکدا ئەگەر کرێچیەکەی ماڵەکە دووبارە بداتەوە بە کرێی تایبەت بە کاری قومار و لەشفرۆشی و کەسی تیا نیشتەجێ نەکات، ئەوکات دەتوانێت سکاڵای یاسایی تۆمار بکات.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکی زۆرە بیر لە پرۆژەیەکی گرنگ دەکەیتەوە، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر دەست بە جێبەجێکردنی بکەیت، چاوەڕێ مەکە کەسانی دیکە هاوکاریت بکەن، لەلایەنی سۆزدارییەوە دووربکەرەوە لە دەمەقاڵێ دەربارەی بابەتە بچوکەکان، دەنا ئەنجامێکی باشی نابێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

چەند هەواڵێکی خۆش دەبیستیت دەربارەی ئەم پرۆژانەی ماوەیەکی زۆر دەتەوێت دەست بە جێبەجێکردنیان بکەیت، لەلایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە ئەزموونی زیاتر پەیدا بکە و لە ڕۆتین دوور بکەوەرەوە، هەوڵ بدە کاری جیاواز تاقی بکەرەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست بە دڵخۆشی دەکەیت و کات لەگەڵ کەسە خۆشەویستەکانت بەسەر دەبەیت، مەترسە لەوەی هەستەکانت بۆ هاوسۆزەکەت دەربخەیت، کەسان چواردەورت یارمەتیدەرتن و هاوکارییەکی زۆرت دەکەن، هەربۆیە متمانەت بە خۆت هەیە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندیتان دەگەڕێتەوە دۆخی جاران، ئەمەش بەهۆی تێگەیشتن و هەوڵەکانی تۆوەیە، دوور بکەوەرەوە لەوەی کێشە تایبەتییەکانی ژیانت تێکەڵ بە کارەکەت بکەیت، دەنا توشی سەرلێشێوان دەبیت و چانسی سەرکەوتنت کەم دەبێتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ خێزانەکەت هەوڵ بدە پەیوەندیت باش بکەرەوە، ئەم ماوەیە چانسی زۆرت لەپێشە بۆئەوەی هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربخەیت، تەندروستیی باش پەیوەندی ڕاستەخۆی لەسەر دەروونت هەیە، هەربۆیە خۆت پشتگوێ مەخە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

تەواوی هەوڵەکانی خۆت بخەرە گەڕ بۆئەوەی بە ئامانجەکانت بگەیت، ڕێگە مەدە وشە نەرێنییەکانی کەسانی دیکە توشی بێهیوابیت بکات، دوور بکەوەرەوە لەو شتانەی کە پەستانێکی زۆری دەروونیت بۆ دروست دەکەن، ئەم ماوەیە پێویستە زیاتر کاتەکانت ڕێك بخەیت.



## بۆ زانیاریت

## جەنگی نۆرماندی

لە ٦ ی ٦ ی ساڵی ١٩٤٤ جەنگی نۆرماندی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی لە کەنار دەریای ئۆماها دەستی پێکرد، کە بەشێك بوو لە ئۆپەراسیۆنی ئۆڤەرلۆرد لە نێوان سوپای هاوپەیمانان کە پێکهاتبوون لە وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و ئوستراڵیا و چەند وڵاتێکی تریش لە دژی سوپای ئەڵمانیای نازی و هیتلەر، کە بە یەکێك لە گەورەترین داگیرکارییە دەریاییەکان دادەنرێت لە مێژوودا، ئۆپەراسیۆنەکە لە ئاسمان و زەوییەوە ئەنجامدرا بە ئامانجی ڕزگارکردنی فەرەنسا و خاکە داگیرکراوەکانی دیکە لەژێر دەستی سوپای نازییەکان، کۆدی ئۆپەراسیۆنەکەش بە نێپتون ناو نرا، کە دواتر بەD Day ناسرا، لەکاتی ئێستاشدا هەر بە دەستەواژەی D Day یادی ڕۆژەکە دەکرێتەوە، لە فیلمی Saving Private Ryan ی ساڵی ١٩٩٨ بە هەمان شێوە چیرۆکەکەی لە کەنار دەریای ئۆماها لە نۆرماندی دەست پێدەکات، کاتێك کاپتن میلەر و سوپاکەی دەست بە جەنگ دەکەن، کە وێنەگرتنی تەنیا ئەم دیمەنی شەڕی کەنار دەریاکە بۆ فیلمەکە ١١ ملیۆن دۆلاری تێچوو بوو، بێگومان بووە یەکێك لە باشترین فیلمە جەنگییەکان، هەروەها لە بەشی دووەمی یارییە کۆنەکەی Call of Duty بە هەمان شێوە جەنگی نۆرماندی نیشان دەدات و لە کەنار دەریاکە دەست بە یاریکردن دەکەیت.



## پەند و وتە

مای سارتۆن، ناوی خوازراوی ئیلیانۆر ماری، ڕۆماننووسی بەلجیکی و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمریکییە، کە لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری گینت لە بەلجیکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ماینی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تەنیایی و دووروپەرێزی دەڵێت: «تەنیایی هەژاریی دەروونییە و بە تەنیاییت بیرکردنەوەت هەژار دەکەیت، بەڵام دووروپەرێزی دەوڵەمەندیی دەروونە».

## یاریی وێنە



لەم وێنەیەدا شێوەیەکی ئەندازەیی هەیە، ئەگەر سەیری لای ڕاستی شێوەکە بکەیت، دوو بەش دەبینیت، بەڵام ئەگەر سەیری لای چەپی شێوەکە بکەیت، دەبینێت سێ بەش، هەوڵ بدە فێڵکاریی ئەو شێوەیە لە ٣٠ چرکەدا دیاری بکەیت.




## فیلم

### ڕاوەدوونانی ڕۆحە شەرانگێزەکان
### The Exorcist

فیلمێکی ترسناک و شێوازی بەرزە، باس لە دایك و باوکێك دەکات کە دیانەوێت یارمەتی کچەکەیان بدەن کاتێك تووشی ڕۆحە شەرانگێزەکان دەبێتەوە و پێگەیەکی بەرزی بۆ دەبێت، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و یەك خولەکە، فیلمەکە لە مانگی ٧ تەواو دەبێت و لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ نمایش دەکرێت، لە دەرهێنانی دەیڤید گۆردرۆن گرین، لە نووسینی میکایل سیمۆندس، لە نواندنی (لیندا بلێر، ئۆلیڤیا مارکیۆم، لیسلی ئۆدۆم، جینیفەر نیتتلیس، ئان داود)ە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر دریابە لەوەی ئەمرۆ چی ڕوو دەدات، کاتێك تەرخان بکە بۆئەوەی لەگەڵ کەسێکی خۆشەویست قسە بکەیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات فشارە دەروونییەکانت کەم بکەیتەوە، لەلایەنی پیشەییەوە ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە هاوپیشەکانت مەگرە، هەوڵ بدە زمانێکی نەرم بەکاربهێنە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەرپرسیارێتییەکی زۆر لەسەر شانتە، ئەگەر کاتەکانت ڕێك نەخەیت، کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیت دروست دەکات و ناتوانیت کارەکانت بەباشی بکەیت، ئەگەر کێشەت هەبوو، دەتوانی داوای یارمەتی لە هاوڕێ نزیکەکەت بکەیت.



### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەو دەرفەتانەی لەدەستت مەدە کە دێتە بەردەمت لە ڕووی پیشەییەوە، چانسی باش هەیە بۆئەوەی پیشەی دڵخوازی خۆت بدۆزیتەوە، بەبێ هۆکار سترێسێکی زۆرت هەیە، باشترە کەمێك ڕاهێنانی وەرزشی بکەیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات بەسەر ئەو دۆخەدا زاڵ بیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بە ئاسانی مەکەوەرە ژێر کاریگەری ئەو وشە نەرێنییانەی بەرامبەرت بەکار دەهێنرێن، تەندروستییەکی باشت هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆئەوەی کارەکانت بە باشی ئەنجام بدەیت، لە هەوڵەکانت مەوەستە و پاشەکشە مەکە، چونکە سەرکەوتنت نزیکە.



### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەلایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دابنیشە بە مەبەستی باسکردنی ئەو ڕەفتارانەی زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگەیەنێت و هەوڵبدە لە یەکتر تێبگەن، لەلایەنی پیشەییەوە مەترسە لەوەی هەنگاوی جیاواز بنێیت، خاوەن کارەکەت پاڵپشتیت دەکات.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

تەنها تۆ نیت کە کێشەت هەیە و هەست مەکە تەواوی گرفتەکان لەسەر شانی تۆیە، ئەم ماوەیە بە کاتێکی سەختدا تێدەپەڕیت و شتەکان بە خواستی تۆ نین، بەڵام ئارام بگرە بە زوویی هەموو شتێك بەرەو باشی دەڕوات، سیستەمی خۆراکیت ڕێکبخە.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan June 26, 2023 Issue,No.1370


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626